وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
فەرمانگەی یاریدەدەرێتیی سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران

# ڕێبەری خوێندکاری زانکۆ




٢٠١٥ - ٢٠١٦

# ڕێبەری خوێندکاری زانکۆ

## ٢٠١٥ - ٢٠١٦

| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| (لۆگۆ)ی زانکۆ | ٣ |
| سروودی زانکۆ | ٤ |
| وتەی سەرۆکی زانکۆ | ٥ |
| وتەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران | ٦ |
| پەیکەری زانکۆ | ٧ |
| زانکۆی ڕاپەڕین لە چەند دیمەنێکدا | ١٣ |
| کورتە مێژوویەکی دەڤەری ڕاپەڕین | ١٦ |
| کورتەیەک لەبارەی زانکۆ | ٢٠ |
| فاکەڵتیی و سکوڵ و بەشەکانی زانکۆ | ٢٣ |
| فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان و بەشەکانی | ٢٤ |
| فاکەڵتیی پەروەردە و بەشەکانی | ٣٣ |
| فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت و بەشەکانی | ٤٠ |
| فاکەڵتیی زانست و بەشەکانی | ٥١ |
| سکوڵی پەرستاری | ٥٩ |
| بەشی سامانی ئاژەڵ | ٦٢ |
| فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت/ ئێواران | ٦٥ |
| ئاماری خوێندکارانی زانکۆ | ٦٦ |
| بەشەناوخۆییەکانی زانکۆ | ٦٧ |
| پەیڕەوی بەشی ناوخۆیی زانکۆی ڕاپەڕین | ٦٨ |
| ئەلبومی چالاکی خوێندکاران | ٧٧ |
| کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ | ٧٩ |
| ڕۆژژمێری زانکۆ | ٨١ |
| بنکەی تەندروستیی زانکۆ | ٨٢ |
| ڕێنمایی گشتی | ٨٣ |
| ڕێنمایی ئامادەنەبوون (غیاب) | ٨٤ |
| ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان | ٨٦ |
| ڕێنمایی دابەزاندن و گواستنەوەی خوێندکاران | ٩٣ |

# لۆگۆی زانکۆی ڕاپەڕین

١. تێکڕای ڕەنگەکان هێمان بۆ ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان، جگە لە بنکەی مەدالیاکە، کە بەڕەنگی سوری جەرگی، کە ڕەنگی ئاڵای (زانکۆی ڕاپەڕین)ە، هەروا بە زمانی ئینگلیزی ناوی (زانکۆی ڕاپەڕین)ی لەسەر نوسراوە.

٢. خۆرەکە، جگە لەوەی هێمایە بۆ خۆری ئاڵای کوردستان، ئاماژەی ڕوناکییشە بۆ ناوچەکە.

٣. ژمارەی تیشکەکانی خۆرەکە (٢٤) تیشکە، کە هێمایە بۆ ڕۆژانی (١٩٧٤/٤/٢٤ / ١٩٨٢)ی قەڵادزێ، کە ڕۆژی بۆردومان و خۆپیشاندانی جەماوەری شارەکە دەگەیەنێت یەک لە دوای یەک، هەروا ساڵی (٢٠١٠)ی لەسەر نوسراوە، کە ئاماژەیە بۆ ساڵی دامەزراندنی (زانکۆی ڕاپەڕین).

٤.کتێبەکە، هێمای خوێندن و زانست و کرانەوەیە، لاپەڕە سپییەکانیشی نیشانەی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە لە مێژووی گەلی کورد، هەروا ژمارەی لاپەڕەکانی لای ڕاست پێنج (٥) لاپەڕەیە و لای چەپ سێ (٣) لاپەڕەیە، کە هێمان بۆ (٣/٥) ڕۆژی ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی باشوری کوردستان، کە لە شاری ڕانیەوە دەستیپێکرد، هەروەک ناوی (زانکۆی ڕاپەڕین) لەسەر لاپەڕەکانی بە زمانی کوردی نوسراوە.

٥. نوکی قەڵەمەکە، هێمایە بۆ بایەخی قەڵەم لە زانست و پەروەردەدا، هەروا مەشخەڵێکی بە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان لەسەرە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی زانکۆ وەک مەشخەڵێک لە ناوچەکەدا ڕوناکی بڵاودەکاتەوە.

٦.کۆی لۆگۆکە وەک میدالیایەک وایە، کە هێمایە بۆ ئەوەی ئەم زانکۆیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچەکەی بەخشیوە.

# سرودی زانکۆی ڕاپەڕین

تیشکی زانکــۆی ڕاپــەڕین
داى لە خـــاکی کوردنشـــین

بوو بە مایەی شـــادی ژین
سەرفــرازی و گـــوڕ و تین

لەو ڕێ سەخت و هـەورازە
بوو بـــە خـــۆری دەروازە

ئـــومێدی نەوەی تـــــازە
بــۆ پێشکەوتن کارســـــازە

دوای چەندان خاکەســـاری
چـــەوســــــانەوەو زۆرداری

زانکۆی هێمــای ڕزگـــــاری
بـــۆ ئێمــە بوو بە دیــاری

زانکۆی دەستکەوتی خەبات
هیــــــــــوای دوارۆژی وڵات

مەکۆی خێر و بیر و هـــــات
بیری گەل ڕووناک دەکــــات

دەستکـــەوتی پێنجی سێیە
بــــــۆ کورد مەشخەڵی ڕێیە

مـــژدەی بــــەختیاری پێیە
بینــایی شـــــــــارو دێیــە

نوسینی: م. مصطفی سید مینه مصطفی

ئاواز: هیوا مصطفی

## وتەی سەرۆكی زانكۆ

**خوێندكارانی خۆشەویست و بەڕێز... نەوەی دوارۆژی گەلەكەمان**

**سڵاوی زانست:**

بەناوی سەرۆكایەتیی زانكۆ و سەرجەم مامۆستایانی بەڕێزەوە بەخێرهاتنێكی گەرمتان دەكەم لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی خۆمانتان ئاڕاستە دەكەین بە بۆنەی وەرگرتنتان لە بەش و سكوڵەكانی زانكۆمان و دەستپێكی قۆناغێكی نوێی خوێندنتان كە سەرەتای ژیانێكی نوێیە بۆ ئێوەی خۆشەویست و هیوای سەركەوتنتان بۆ دەخوازین لە قۆناغەكانی خوێندندا.

لای هەمووتان ئاشكرایە كە ئەم قۆناغە نوێیەی خوێندنتان تەواوكەری خوێندنی ئامادەیی و دواناوەندییەكانتانە، كە لە پسپۆڕیی هەڵبژاردەی خۆتان لەم مەڵبەندە زانستی و پەروەردەییەدا درێژە بە خوێندن دەدەن و تێبینی هەندێ جیاوازی ڕەوشی خوێندن و پرۆسە و بەرنامەی خوێندنی زانكۆ دەكەن، دەبێت بە ئاگابن لە بارەیانەوە و گرنگی تایبەت بدەن بە زانكۆ و ڕەوشی خوێندنی زانكۆیی، بۆیە وەک سەرەتایەک بە ئەركی خۆمانی دەزانین كە ئاگادارتان بكەینەوە لە هەندێ ڕێنمایی و بڕیاری ئەنجومەنی زانكۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە كۆكراونەتەوە لەم نامیلكەیەی بەردەستتانە بە مەبەستی بەرچاوڕوونی و بەئاگابوون و پابەندبوونتان لەم قۆناغە نوێیەی خوێندندا.

دووبارە هیواداریین، كە بە هەوڵ و كۆششی تەواو و بەردەوام ئەم قۆناغە نوێیەی خوێندن بە سەركەوتوویی تەواوبكەن، بەئومێدی دوارۆژێكی گەش و ئایندەیەكی بەختەوەر بۆ ئێوە و وڵاتە خۆشەویستەكەمان.

**پ.د.محمد علی عبدالله**

**سەرۆكی زانكۆ**

## وتەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران

## قۆناغی نوێ، لەبەردەم ئەرک و بەرپرسیارێتیی نوێدایە

**خوێندکارانی خۆشەویست..**

زانکۆ لە دنیادا، ناوەندێکی گرنگی ئەکادیمی و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییە.

لە هەر کۆمەڵێکیشدا، ئەگەر سەقامگیریی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ تاک و سیستم فەراهەم بوبێت، ئەو ناوەندانە، لە هەمو کایە جیاوازەکاندا ڕۆڵی دیار و بەرچاو لە ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەپێداندا دەبینن. داینەمۆی هێنانەدیی ئەو پێشکەوتن و گەشەپێدانە هەمەلایەنەش، خوێندکارانن. خوێندکاری زانکۆ، توێژێکی دیار و کاریگەری هەر کۆمەڵێکن، چونکە ئەوان لە ناوەندێکی ئەکادیمی و ناسەوانی (مەعریفی)یەوە، و بە دید و دنیابینیی نوێوە لە پرس و بابەت و پێشهاتە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی... یەکان دەڕوانن، و پێشەنگی گۆڕانکارییە جیاوازەکانن. لەبەرئەوە لە سیستمی هاوچەرخی خوێندن و دامەزراوە فێرکارییەکاندا خوێندکاران تەوەری سەرەکی و چەقی کارەکانن. ژیانی زانکۆ لە سیستمی خوێندنی هەر وڵاتێکدا، قۆناغێکی نوێی بەشێک لە تاکەکان. هەمو قۆناغێکی نوێش ئەرک و بەرپرسیارێتیی نوێ دێنێتەکایەوە. بۆ خوێندکاریش، بە هەمانشێوە ئەو قۆناغە دەیخاتە بەردەم ئەرک و بەرپرسیارێتیی نوێوە، بەرپرسیارێتی بەرامبەر زانکۆ، زانست، ناسەوانی، کۆمەڵ و نیشتمان .

**خوێندکارانی ئەزیز..**

لە هەرێمی کوردستانیشدا، کە خوێندن بە خۆڕاییە، حکومەت لە ڕێی زانکۆکانەوە زۆربەی هۆکار و پێداویستییەکانی، هەر لە مامۆستا، هۆڵ، تاقیگە، بەشی ناوخۆیی... تاد دەستەبەرکردوە، ئەمە ماف و ئیمتیازێکە بۆ خوێندکار کە پێویستە ڕەچاویان بکەین.

ئەگەر لە هەندێ دۆخ و کاتیشدا سەرنجمان لەسەر ژینگەی خوێندن و بون و کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکانیش هەبێت، نابێت وامان لێ بکات خۆمان لە بەرپرسیارێتییە ئێتیکی، زانستی، نیشتمانی و نەتەوەییەکان بدزینەوە، کە بەر لە هەر کەسێک سودی بۆ ئێستا و ئایندەی خۆمان هەیە، ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی خوێندکاری زانکۆ لە سادەترین مانادا بریتیین لە: بیرکردنەوەی زانستی، کۆشش و هەوڵی جددی و بەردەوامی ئەکادیمی، پرسیار و گومانی ناسەوانی، و گەڕان و توێژینەوە.

هەروا پابەندبون بە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان، کەوا کاری ئەو دامەزراوەیە ڕێکدەخەن، لە بەجێگەیاندنیشیاندا، دەتوانین بڵێین بۆ ئایندە دەبینە خاوەنی تاکی بەرهەمدار، و لەو ڕێگەیەشەوە بونیادنانی کۆمەڵێکی تەندروست.

**خوێندکارانی بەڕێز..**

ئەم نامیلکەیە، (ڕێبەری خوێندکاری زانکۆ)یە، کە زانکۆی ڕاپەڕین بۆی ئامادەکردون، تاکو بەهۆیەوە بەرچاوتان سەبارەت بە ژیانی زانکۆ ڕۆشن بێت، و سەرەڕای مێژوی زانکۆمان بە گشتی، ئاشنای (مێژوو، دید، پەیام، بابەتەکان)ی فاکەڵتی و سکوڵ و بەشە زانستییەکانیشی بن، وەکچۆن زانیارییشتان دەربارەی بەرهەمی بەشەکان هەبێت، داخۆ دەرچوی هەریەک لەو بەشانە چۆن دەتوانن چ لە کەرتی گشتی و چ لە کەرتی تایبەت دا، بازاڕی کار بۆ خۆیان بدۆزنەوە؟

هەر لەم ڕێبەرەدا، ڕێنماییە پێویستەکان بۆ خوێندکار، ساڵنامەی زانکۆ، چەند شتێکی تری گرینگی زانکۆ...تاد هاتون، کە هەریەکیان بەپێی خۆی هاوکاری باشتر ڕاپەراندنی ئەرکەکانی زانکۆتان دەبن.


دەبێ ئەوەش بڵێین، ئەم ڕێبەرە، بنچینەیەکە بۆ ڕێبەرێکی گشتگیر، کە (ڕێبەری زانکۆی ڕاپەڕین)ە، و جگە لەم ناوەڕۆکە، زۆر لایەن و بابەتی دیکەش سەبارەت زانکۆمان لەخۆدەگرێت.


بەو هیوایەی کارەکەمان جێی سوود و ڕەزامەندییتان بێت.


د.هێرش ڕەسوڵ موراد


یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران


# پەیکەری زانکۆ




ی. سەرۆکی زانکۆ بۆکاروباری کارگێڕی و دارایی
نوسینگە
هۆبەی میوا نخانەکان
بنکەی پۆلیس
بەڕێوەبەرایەتی خوێندن
هۆبەی دەرچوو و هاتوو ئەرشیف
هۆبەی نوسینەی کەسی
هۆبەی کارگێڕی و چاپ
هۆبەی هاتبەنەی و ژنیوی
هۆبەی میلاکات
بەڕێوەبەرایەتی دارایی
هۆبەی مووچە
هۆبەی بودجە و خەرجیەکان
هۆبەی ژمێریاری و پرۆژەکان
بەڕێوەبەرایەتی بەکارخستن
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی
هۆبەی شۆفێران + گەراج
هۆبەی سوتەمەنی
هۆبەی داینگە
هۆبەی پرسگەکان
هۆبەی مۆلیدەکان و هونەری و چاککردنەوە
هۆبەی باخچەکان
بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی
بەڕێوەبەرایەتی کۆگا و دابینکاری
هۆبەی تۆمارکاری و گەنجینە
هۆبەی کۆگای فاکەلتی و سکولەکان


ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
نوسینگە
هۆبەی ناردن و نێردراوان
هۆبەی فێرکردنی بەردەوام
ب. کتێبخانەی ناوەندی
هۆبەی خواستن
هۆبەی پۆلێن و پێرست
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا و فێرکردنی بەردەوام
ب. پەرەپێدانی پرۆگرامەکان
بەڕێوەبەرایەتی هاوردەوکەل و پەلی تاقیگەکان
هۆبەی هاوردەوگە نجینە کردن
ب. سەنتەری توێژینەوەی زانستی
ب. دڵنیای جۆری و زانستخوازی بەردەوام
ب. سەنتەری پەرەپێدانی زمان
هۆبەی گۆڤاری زانستی زانکۆ
ب. پلان وئامار وتەکنەلۆژیای زانیاریەکان
هۆبەی ڕاهێنانی IT و داتابەیس
هۆبەی نیتۆرک و ئینتەرنێت و سیانە
هۆبەی پلان وبەدواداچوون
هۆبەی ئامار و بانکی زانیاری


ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران
نوسینگە
بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزش و رۆشنبیری
ب.تۆماری گشتی
هۆبەی کاروباری خوێندکاران
ب. بەشە ناوخۆییەکان
هۆبەی هاتوو و دەرچوو
هۆبەی تۆماری وەرگرتنی خوێندکاران
هۆبەی بڕوانامەکان
هۆبەی تۆماری خوێندنی بالا
هۆبە بە شە ناوخۆکانی کورانی ڕانیە
هۆبە بە شە ناوخۆکانی کچانی ڕانیە
هۆبە بە شە ناوخۆکانی کورانی قەلادزێ
هۆبە بە شە ناوخۆکانی کچانی قەلادزێ





---

تێبینی/

١- ئەو فاکەڵتیانەی لە دەرەوەی کەمپەسی ڕانیەن ئەم هۆبانەی خوارەوەشیان دەبێت سەرەڕای هۆبەکانی سەرەوە (هۆبەی کتێبخانە ، هۆبەی ڕاگەیاندن ، هۆبەی چالاکی وەرزشی و ڕۆشنبیری، هۆبەی پرسگە).

٢- هۆبەکان بە پێ ی پسپۆڕی (ی.ڕاگر) دابەشدەکرێت.


سکوڵی پەرستیاری
سەرۆکی سکوڵ
هۆبەی چاپ
لقی پەرستاری تەندروستی و کۆمەڵ
سەرۆکی لق
بڕیاردەری لق
هۆبەی چاپ
لقی بنەماکانی پەرستاری
سەرۆکی لق
بڕیاردەری لق
هۆبەی چاپ
لقی پەرستاری پێگەیشتوان
سەرۆکی لق
بڕیاردەری لق
هۆبەی چاپ
بەشی سامانی ئاژەڵ
سەرۆکی بەش
بڕیاردەری بەش
هۆبەی چاپ
هۆبەی دڵنیایی جۆری

## زانکۆی ڕاپەڕین لە چەند دیمەنێکدا



زانکۆ لە دەروازەی شاری ڕانیەوە




دەروازەی زانکۆ



فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان



فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت



وێنەی شاری قەڵادزێ




فاكەڵتی پەروەردە لە قەڵادزێ

# کورتە مێژوویەکی دەڤەری ڕاپەڕین

دەڤەری ڕاپەڕین لە ڕووی کارگێڕییەوە ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەیە بەناوی (ئیدارەی ڕاپەڕین)، کە دوو قەزا (ڕانیە، پشدەر) و یازدە (١١) ناحیە (چوارقوڕنە، حاجیاوا، بێتواتە، سەرکەپکان، بنگرد، خدران، سەنگەسەر، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ و ئیسێوە) لەخۆدەگرێت.

دەڤەرەکە پێشتر بە (بیتوێن و پشدەر) ناسرابوو، بەڵام ناوی ڕاپەڕین تازەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئازاری ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی باشوری کوردستان دژی ڕژێمی بەعسی داگیرکار، کە لە (٣/٥)دا لە شاری ڕانیەوە دەستپێیکرد، دواتر سەرجەمی شار و شارۆچکەکانی گرتەوە و بوو بە هۆی ئازادبوونی زۆربەی هەرە زۆری ناوچە داگیرکراوەکانی خاکی کوردستان، پاشان دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ.

١- شاری ڕانیە:

ڕانیە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕینە، جگە لە سەنتەری قەزاکە، هەر شەش (٦) ناحیەی: (حاجیاوا، چوارقوڕنە، سەرکەپکان، بێتواتە، بنگرد و خدران) لەخۆدەگرێت.

ڕانیە ناوەندی ناوچەی بیتوێن و ئیدارەی ڕاپەڕینە، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی و نزیکەی (١٤٥) کم لەو پارێزگایەوە دوورە، خاوەنی سروشتێکی دڵڕفێنە، کە شاخ و رووبار و دەریاچەی تێدایە، دەریاچەی دوکان و چیای ئاسۆس کەوتونەتە خۆرهەڵات و شاخی کێوەڕەش کەوتۆتە باکور، چیای حاجیلە و چیای ماکۆک کەوتونەتە باشوری خۆرئاوایەوە، لە ڕووی ئاووهەواوە، ئاووهەواکەی چوار وەرزییە و لەژێر کاریگەریی دەریای ناوەڕاستدایە، هاوینان گەرم و وشکە و لە زستاندا سارد و باراناوییە، هەروا (دەشتی بیتوێن) کە دەکەوێتە ناوچەکەو بە درێژایی(٣٠) کم لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا درێژدەبێتەوە.

ئەم دەشتە بە فراوانترین دەشتی ناوچەکە دادەنرێت، بە پیت و دەوڵەمەندە لە ڕووی پێکهاتەی خاکییەوە، جگەلەوەش زێی بچوک بەناویدا تێپەڕدەبێت، سەرچاوەی بژێویی دانیشتوانی ناوچەکە لەسەر کشتوکاڵ و بازرگانی و ئاژەڵداری و کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر بەندە.

(دەربەندی ڕانیە)ش خاڵی کۆکەرەوەی ئەو کانیو چەم و ڕوبارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەی پشدەرە، کە (زێی بچوک)یان لێپێکدێ و سەرەتای دروستبونی (دەریاچەی دوکان)ە، ئەمەش دیمەنێکی دڵگیری سروشتیی بە شاری ڕانیە و تەواوی دەڤەرەکە بەخشیوە، هەروا نزیکیی دەربەندەکە لە هەردو زنجیرە چیای (ئاسۆس) و (کێوەڕەش)، و سەوزایی بناری کێوەڕەش و (غاباتی ڕانیە)، کردویەتییە پێگەیەکی گەشتیاری.

لە ڕووی مێژووییەوە، ڕانیە خاوەن مێژوویەکی دێرینە، کە چەندین شوێنەواری مێژوویی هەیە، لەوانە: (قەڵاتی ڕانیە، گردی شمشارە، گردی باسمۆسیان، گردی دێمەر، گردی کامەمیان، گردی بۆسکێن، گردی تلێ، گردی نەمرود)،ژیان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی شەش (٦) هەزار ساڵ پێش زایین، هەروا مێژووی بەقەزابوونی ڕانیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان، کە لە ساڵی (١٧٨٩) یەکەم قایمقامی بۆ دانراوە، و سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە، مەڵبەندەکەشی شاری کەرکوک بووە، دواتر خراوەتەسەر پارێزگای هەولێر و پاشان لە ساڵی (١٩٥٦) خراوەتەسەر پارێزگای سلێمانی.

سەبارەت بە واتای ناوی (ڕانیە) ڕایەکی جێگیر نیە، بەڵکو چەند بیروبۆچونێکی جیاوازی لەسەرە.

هەندێک پێیانوایە وشەیەکی دێرینی سەردەمی ئاشوورییەکانە بە مانای "ئاوەدانی" دێت. هەندێکیتریش وایدەبینن لە وشەی (ئۆرانۆس)ەوە هاتوە، کە دواتر کورتکراوەتەوە بۆ (ئۆرانیە) و بە تێپەڕبوونی کات پێشگری (ئۆ) لابراوە و بوەتە (ڕانیە). هەروا هەندێکیتر بۆچونیان وایە لە وشەی (ڕێ نییە)ەوە هاتوە، کە پێشتر ڕێگەی پێداڕۆیشتنی کەم بووە لەبەر سەختی و بیشەڵێنی.

یەکێکی تر لە ڕایەکان لەو باوەڕەدایە ناوەکە لە وشەی (ڕان- مەڕ)ەوە وەرگیراوە، کە شوێنێکی لەبار بووە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ.

جگە لەوانەش بۆچونێکی تریش هەیە دەڵێ، لە وشەی (ڕان - ئاران)ەوە وەرگیراوە، کە وشەکە بە واتای "گەرم" هاتوە، لەبەرئەوەی ناوچەکە گەرمە، بۆیە وای پێوتراوە.

سەبارەت بە ڕۆڵی شاری ڕانیە و دانیشتوانیشی لە بزوتنەوە و شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و مێژوی هاوچەرخی گەلی کوردستاندا، ڕۆڵێکی دیار و پڕشنگدارە:

- بەشداریی دیار و کاریگەرانەی خەڵکی ڕانیە و دەڤەرەکە لە شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و ڕوبەڕوبونەوەی ئینگلیز لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا. تەنانەت شەهیدبوونی ڕۆڵەیەکی شارەکە بە ناوی (فەتاح بەگ) لەلایەن (کاپتان کۆک) لە ساڵی ١٩٢٣دا، دوای ئەوەی (فەتاح بەگ) ئازایانە و بە تەنها ڕوبەڕوی ئەو حاکمەی ئینگلیز بۆتەوە.

- بەشداریی چالاکانەی هاونیشتمانییانی شار و ناوچەکە لە دروستکردن و سەرخستنی حکومەتی کوردستان لە مەهاباد- ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا.

- بەشداریکردنی چالاکانەی خەڵکی ڕانیە لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی (١٩٤١، ١٩٤٨،١٩٥٢ و١٩٥٦) لە عیراق دا دژی سیاسەتەکانی حکومەتی پاشایەتی و، دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق.

- ڕۆڵ بینینی خەڵکی ڕانیە لە جوڵانەوەی چەکداری و سیاسی لە سەردەمی کۆمارییدا دژی سیاسەتەکانی حکومەتی عیراق، کە خۆی لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە

(١٩٧٦) دەبینێتەوە هەر لە هەڵگیرسانییەوە تاکو سەرکەوتنی.

لەو ساڵانەدا ڕانیە و دەوروبەری پێگەیەکی گرنگی هەردو شۆڕش و جموجۆڵ و سەرکردەکانی بوون، و سەدان ڕۆڵەی شار و ناوچەکەش لەڕوبەڕوبوونەوەی دوژمندا گیانیان بەختکرد.

- ئەنجامدانی ڕاپەڕینی خوێندکاران و جەماوەریی لە ٣ی ئایاری(١٩٨٢) بەرامبەر ڕژێمی بەعسی داگیرکار و بەخشینی چەند ڕۆڵەیەک لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی ئازادیی کوردستاندا.

- ئەنجامدانی مانگرتنی خوێندکاران و کاسبکارانی ڕانیە لە ئایاری١٩٨٧دا و شەهیدبوونی چەند ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی شارەکە لە ڕوبەڕوبوونەوەی ڕژێمی بەعسدا.

- پەراوێز خستن و فەرامۆشکردنی شاری ڕانیە و دەوروبەری لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە و ڕوخاندنی چەند گەڕەکێکی شارەکە و پلاندانان بۆ ڕاگواستنی تەواوەتی دانیشتوانەکەی، وەک چۆن بەسەر قەزا و ناوچەی پشدەر و دانیشتوانەکەیدا هێنای.

- ئەنجامـدانی چەنـد چـالاکی و جموجـوڵ و ڕوبەڕوبـوونەوەیەک لەلایەن خوێنـدکار و گەنجـانی شـارەکەوە دژی ڕژێمـی بەعـس لە کۆتاییەکـانی (١٩٩٠) و مانگەکـانی کـانونی دوەم و شوبات و ئـازاری سـاڵی (١٩٩١)، تەنـانەت شـەهیدبوونی ژنێـک لە ٢٧ی شوبات لە بەردەم نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە و، لاوێکی ڕانیە لە بناری چیای کێوەڕەش لە ٣ی ئازاری (١٩٩١)دا.

- بەرپاکردنی ڕاپەڕینی (٥)ی ئازاری (١٩٩١)ی خەڵکی باشوری کوردستان، کە بەهۆیەوە نازناوی (دەروازەی ڕاپەڕین)ی پێبەخشرا.

لە ڕووی زانستییەوە شاری ڕانیە پێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە بینیوە، کە چەند پەیمانگایەکی جۆراوجۆری تێدا کراوەتەوە لەوانە، پەیمانگـای (مامۆسـتایان، هونەرەجوانەکـان، وەرزش، کۆمپیـوتەر)، هەروا لە سـاڵی (٢٠١٠) کاتێـک دەست بە خوێنـدن کـرا لە (زانکـۆی ڕاپەڕین)، سـەرۆکایەتیی زانکـۆ لەو شـارەدا دامەزرا، بەشـەکانی (مێژوو، جوگرافیـا و فەلسـەفە) لە سکوڵی زانستەمرۆڤایەتیەکان و، بەشەکانی (کوردی، عەرەبی، کۆمپیوتەر و ماتماتیک) لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت، بەشـی (پەرسـتاری) خرانەسـەر زانکـۆی ڕاپەڕین، کە پێشتر سەر بە (زانکۆی کۆیە) بوون و لە شاری ڕانیە کرابونەوە.

دوای فراوانبوونی زانکۆی ڕاپەڕین لە ساڵی (٢٠١٣)دا بەشی (پەرستاری) بـوو بە (سکوڵی پەرستاری)، هەروا بەشـەکانی (ماتماتیـک، کۆمپیوتەر و باخچەی ساوایان) لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی (زیندەوەرزانی) کرانەوە.

### ١. شاری قەڵادزێ:

قەڵادزێ لە ڕووی کـارگێڕییەوە قەزایە بە نـاوی (قەزای پشـدەر)، سـەر بە ئیـدارەی ڕاپەڕینـە. جگە لە سەنتەری قەزا، لە پێـنج (٥) ناحیە پێکهاتوە، کە بریتین لە( سەنگەسەر "ناودەشت"، ژاراوە، هێرۆ، هەڵشۆ، ئیسێوە).

لە ڕووی هەڵـکەوتەی جوگرافیـاییەوە، قەزای پشـدەر کەوتـۆتە بـاکوری خۆرهەڵاتی پارێزگـای سلێمانی و (١٧٦) کـم لێـوەی دوورە، کە پێکهاتوە لە شاخ و دۆڵ و گرد و دەشت و ڕووبـار، ئەمەش وایکردووە لە ڕووی جوگرافیاییەوە تـایبەتمەندیی خۆی هەبێت.

هەروا کۆمەڵێک چیا دەوریانداوە، وەک چیای (بلفەت و تەورداس) لە خۆرهەڵات و چیای (کێوەڕەش) لە خۆرئاوا و چیـای (قەنـدیل) لە باکور و چیای (ئـاسۆس) لە باشور، زێی بچوک-یش بە دامێنی چیای ئاسۆس بە ناوچەی پشدەردا تێپەڕدەبێت و لە (دەربەنـدی ڕانیە)وە دەڕژێتە (دەریاچەی دوکان).

لە ڕووی مێـژووییەوە بە پێـی هەنـدێ سـەرچاوە، مێـژووی قەڵادزێ دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەردەمی ئاشـورییەکان، لە کـاتی هێرشـەکانی (سەلجونی هەشتەم) ناوی (زەمبیلی) بووە، هەروا لە ساڵی (٥٧٢)ی زاییندا ناوی (نامرێ) بووە، لەدوای هێرشەکانی لەشکری عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان (عبدالحمید)ی دووەم لەساڵانی (١٩٠٩-١٩٧٨) ناوی پشدەر (معموره الحمید) بووە.

لە دوای سەردەمی پاشایەتی لە عیراقدا، ئە و ڕوداوانەی بەسەر ئەو قەزاو ناوچەیەدا هاتوون بریتین لە:

- بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ لە سەردەمی (عبدالسلام عارف) لە ساڵی (١٩٦٣)، هەروا لە سەردەمی (عبـدالرحمن عـارف) لە سـاڵی (١٩٦٦)دا.

- جـارێکی تـر بۆردومـانکردنی قەڵادزێ لە (١٩٧٤/٤/٢٤) لە لایەن ڕژێمی بەعس، شـەهیدکردنی زانکـۆی سلێمانی (زانکـۆی شـۆڕش)، کە ئەوکاتە شۆڕش گواستبویەوە ئەو قەزایەو لە سەرانسەری کوردستانەوە خەڵک ڕوویان لەو شـارە کردبـوو، چ بـۆ بەشـداریکردن لە شـۆڕش چ بۆ خوێندن لە زانکۆ (بەتـایبەت خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی).

**- ڕاگواستنی دانیشتوانی گوندەکانی بناری قەندیل بە زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٧٧)دا، دووەم شاڵاوی ڕاگواستنی گوندەکانی تری دەووروبەری پشدەر بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکانی (بەستەستێن، تووەسوران، ژاراوە، پێماڵک) لە ساڵی (١٩٧٨)دا.**

**- ڕاپەڕینی (٢٤/٤/١٩٨٢) بۆ یادکردنەوەی کارەساتی (٢٤/٤/١٩٧٤).**

**- دوایین قۆناغی ڕاگواستنی بە زۆرەملێی سنوری قەزای پشدەر لە ڕۆژی (٢٦/٦/١٩٨٩)دا بوو، کە قەزاکە بە تەواوەتی کرا بە ناوچەی قەدەغەکراو، دەڤەرەکەش بە تەواوەتی لە گەڵ زەوی تەختکرا.**

**لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی (٥)ی ئازاری ساڵی (١٩٩١) و ڕزگاربوونی کوردستانیش، خەڵکی پشدەر وردە وردە گەڕانەوە ناوچەکەیانو، دووبارە ئاوەدانیانکردەوە.**

**ناوچەی پشدەر بەگشتی چەندین شوێنەواری مێژوویی لێدەبینرێت، لەوانە (قەلاتی قەلادزێ) لە ناوەندی قەزاکە، (بەرشاخان) لەناحیەی هێرۆ، (زیندان) لە گوندی بادەڵیان، (گردی حەسار) لە گوندی حەسار، (گۆڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە) لەگوندی دارەشمانە، (گڵکۆی شێخ فەرخ)، (دۆڵی شەهیدان) لە پشتی سەنگەسەر و، چەندین شوێنەواری دیکە.**

**لە ڕووی زانستییەوە، قەلادزێ پێشکەوتنی بەخۆوەدیوە، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا (کۆلێژی زمان)ی لێکرایەوە، کە سەر بە (زانکۆی کۆیە) بوو و، لە بەشەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی) پێکهاتبوو، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کولێژەکەشدا، بەشی (زمانی ئینگلیزی) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا کرایەوە، هەر لە هەمان ساڵدا ناوی (کۆلێژی زمان) گۆڕا بۆ (کۆلێژی پەروەردە).**

**دوای کردنەوەی (زانکۆی ڕاپەڕین)یش لە دەڤەری ڕاپەڕین (ڕانیە)، لە ساڵی (٢٠١١)دا (کۆلێژی پەروەردە) بوو بە (فاکەڵتیی پەروەردە).**

## کورتەیەک لەبارەی زانکۆ

دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی خەڵکی باشوری کوردستان لە پێنجی ئاداری (١٩٩١)ی زایینی، و ئازادکردنی زۆربەی ناوچە داگیرکراوەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و دوور لە هەموو ئازادی و بەرەوپێشچونێک لە گشت بوارەکانی ژیاندا، لە ژێر دەستی داگیرکەرە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستاندا بوون، خەونی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان لە بوونی دەسەڵاتی خۆماڵی هاتەدی، ئەویش پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بوو.

لەگەڵ هەموو ئاستەنگ و گیروگرفتەکانیش لەلایەن دوژمنانی گەلەکەمان، لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی رۆڵی بەرچاوی بینی لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بونیادنان و نوێکردنەوەی دامودەزگاکانیدا، بە تایبەت برەودان بە زانکۆکان و کردنەوەی زانکۆ و ناوەندی نوێی خوێندنی باڵا. لە پاڵ زانکۆ دێرینەکانی: (سلێمانی و سەلاحەددین)، چەند زانکۆیەکی دیکەش کرانەوە، وەک: (زانکۆی دهۆک) و (زانکۆی کۆیە)و ... تاد.

پاش کردنەوەی (زانکۆی کۆیە)ش لە ساڵی ٢٠٠٤دا، (کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان) وەک پێویستییەکی بابەتی لە شاری رانیە کرایەوە، کە (٣) سێ بەشی لەخۆدەگرت: (مێژوو، جوگرافیاو زمانی عەرەبی)، دواتر هەمان ساڵ (کۆلێژی زمان) لە شاری قەڵادزێ کرایەوە، و بەشی (زمانی عەرەبی)ی (کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان)یشی خرایەسەر.

هەروەک لە ساڵی ٢٠٠٥شدا (بەشی فەلسەفە) لە (کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان) کرایەوە. لە ساڵی ٢٠٠٨یشدا (کۆلێژی پەرستاری) لە رانیە کرایەوە، کە ئەویش سەر بە (زانکۆی کۆیە) بوو. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٩دا بەشی (زمانی ئینگلیزی) لە (کۆلێژی زمان) کرایەوە. هەمان ساڵ و لە رانیە (کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت) کرایەوە، کە بەشەکانی (کوردی، عەرەبی، کۆمپیوتەروماتماتیک)ی لەخۆدەگرت.

زیادبونی بەش و کۆلێژەکانیش لە ناوچەکەدا، ڕێخۆشکەر بوون بۆ کردنەوەی زانکۆیەکی سەربەخۆ لە دەڤەری ڕاپەرین (بیتوێن و پشدەر)، ئەمەش لەگەڵ کردنەوەی هەریەک لە زانکۆکانی: (هەڵەبجە، زاخۆ، گەرمیان)، کە پاڵپشت بوو بە فەرمانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٦٧٠) لە (٢٠١٠/٧/٨)، بڕگەی (یەکەم)ی (ماددەی حەوتەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨).

دوای ئەوەش، ئەنجومەنی زانکۆ رۆژی (٤/٤)ی هەموو ساڵێکی وەک (رۆژی زانکۆی ڕاپەڕین) پەسەندکرد.

کردنەوەی (زانکۆی ڕاپەڕین) لە ناوچەکەدا، بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان و زانستخوازان لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم و بە هاوکاریی زۆری (زانکۆی کۆیە) بوو.

ئامانج لە کردنەوەی ئەم زانکۆیە، بەرزکردەوەی ئاستی زانستە لە بوارە جیاجیاکاندا وەک پێویستییەکی هەنوکەیی بۆ دەڤەرەکەو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و پێگەیاندنی کادری ئەکادیمی و ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار.

یەکەمین خوولی دەرچووانی زانکۆ لە ساڵی خوێندنی (٢٠١١ – ٢٠١٢)دا بووە، ساڵی خوێندنی (٢٠١٢ - ٢٠١٣)دا خوولی دووەم، و لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٣ - ٢٠١٤)ش خوولی سێیەم و لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥)دا خولی چوارەمی دەرچووان بەڕێوەچووە. لەو خولانەی دەرچوونیشدا لە (زانکۆی ڕاپەڕین) سەدان خوێندکار لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان بەدەستهێناوە.

زانکۆی ڕاپەڕین دوای دامەزراندنی بەرنامەڕێژییکردووە بۆ بەرەوپێشبردنی زانکۆو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و کردنەوەی بەشی دیکە، بۆ ئەم مەبەستەش بە سوودوەرگرتن لە بەرنامەی تواناسازی ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری بۆ خوێندنی دکتۆراو ماستەر بۆ زانکۆ پێشکەوتووەکانی جیهان لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا ناردووەو چەند خوێندکارێکیش لە زانکۆکانی ناوخۆ دکتۆرا و ماستەر دەخوێنن.

تێکڕای خوێندکارانی خوێندنی باڵا کە میلاکی زانکۆی ڕاپەڕینن لە زانکۆکانی دەرەوەو ناوەوەی هەرێم دەگاتە (٢٦) خوێندکاری (دکتۆرا) و (٤٠) خوێندکاری ماستەر. هەروەها تاکو ئێستا گفتوگۆی ماستەرنامەی (٤) خوێندکار کراوە.

زانکۆی ڕاپەڕین لەئێستادا کۆرسی خوێندنی ماستەری لە چەند پسپۆرییەکی جیاوازدا کردۆتەوە: (پەرستاری، زمان و ئەدەبی کوردی، مێژوو، جوگرافیا)، هەروەها لە هەوڵیشدایە لە ئایندەدا خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە چەند پسپۆرییەکی تردا بکاتەوە، لەوانە: ماستەر لە زمان و ئەدەبی عەرەبی، دکتۆرا لە پەرستاری، زمان و ئەدەبی کوردی، مێژوو، جوگرافیا.

دەربارەی گەشەپێدانی هەمەلایەنەی زانکۆ و پلانیشی بۆ ئایندە، ڕۆژانی ١٤و٢٠١٤/٤/١٥ کۆنفرانسی (ڕابوردوو و ئێستا و گەشەپێدانی ستراتیژی داهاتووی زانکۆی ڕاپەڕین)ی ڕێکخست، و تێیدا پلانی خۆی تا ٢٠٢٠ دارشت.

جگەلە ڕاپەڕاندنی ئەرکی کارگێڕی و سەرپەرشتیکردنی خوێندنی بەرایی (بەکالۆریۆس) و خوێندنی باڵا (ماستەر)، و سازکردنی سیمیناری بەردەوام لەلایەن مامۆستا و خوێندکاران لە پسپۆرییەکانی خۆیاندا، زانکۆی ڕاپەڕین چەندین چالاکی و فێستیڤاڵ و وۆرکشۆپ و زنجیرەسیمینار و کۆنفرانسی زانستی لە بوار و کایە جیاوازەکاندا ڕێکخستوە، لەوانە:

- بەشداریی بەرچاوی زانکۆ و خوێندکاران لە یادەوەریی ساڵانەی ڕاپەڕین (٥ی ئازار) لە ڕانیە.
- بەشداریی کارای زانکۆ و خوێندکاران لە یادەوەریی ساڵانەی کارەسات و ڕاپەڕین و ڕۆژی شەهیدی زانکۆ (٤/٢٤) لە قەڵادزێ.
- ئەنجامدانی چالاکیی هەمەجۆر لەلایەن خوێندکارانی بەشە جیاجیاکانەوە لە ڕۆژی زانکۆدا (٤/٤).
- ئەنجامدانی چەندین خول و وۆرکشۆپ و چالاکیی بواری میدیا و پەیوەندییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندییەکان، ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی زانکۆوە.
- سازکردنی چەندین خول و پاڵەوانێتیی وەرزشی لە نێوان خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی ڕۆشنبیری و وەرزشیی زانکۆوە.
- ڕێکخستنی چەندین کۆڕ و سیمینار و پێشانگا و چالاکیی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی ڕۆشنبیری و وەرزشیی زانکۆوە.
- بەشداریی کارای زانکۆ و خوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەرانی لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانی و کەلتورییەکاندا.
- سازکردنی کۆنفرانسی زمانی کوردی لەلایەن بەشی (زمانی کوردی)ی (فاکەڵتیی پەروەردە) لە ڕۆژانی ٢٤و٢٥و٢٠١٣/٩/٢٦ لە قەڵادزێ بە ناونیشانی (زمانی کوردی لە نێوان ئەرکی ڕۆشنبیری و زانستی دا).
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی (ڕێکخستنی بانگەشە بازرگانیەکان لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە پێی بنەما نێودەوڵەتیەکان)، لەلایەن فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت بە هاوکاری فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ڕاپەڕین، ڕۆژانی ٢٥و٢٠١٣/٦/٢٦ لە ڕانیە.
- ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هۆشیاریی جەماوەری بۆ پاراستنی پاشماوە و پارچە شوێنەوارییەکان لەلایەن بەشی (مێژوو)ی (فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان)ەوە، ڕۆژانی ١٩و٢٠و٢٠١٤/١/٢١.
- ئەنجامدانی کۆنفراسی (ڕاگەیاندن و تیرۆر) لە ساڵیادی ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی زانکۆ، لە ٢٠١٥/٤/٢٣ لە ڕانیە.
- ڕێکخستنی زنجیرەیەک سیمیناری زانستیی ژینگەیی و هەڵمەتی نەمام چاندن و کردنەوەی پێشانگای وێنەیی ژینگەیی لەلایەن بەشی (جوگرافیا)ی (فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان) بە هەماهەنگیی (فەرمانگەی ژینگەی ڕاپەڕین)، بە دروشمی (پاراستنی ژینگە، پاراستنی خاک و نیشتمانە) لە ٢٠١٥/٤/٢٧ لە ڕانیە.

- سازدانی یەکەمین فێستیڤاڵی بەشی (باخچەی ساوایان)ی (فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت)، بە دروشمی (باخچەی ساوایان، یەکەم وێستگەی وەرچەرخانی راستەقینەی کۆمەڵ)، رۆژی ٢٠١٥/٥/١٦ لە رانیە.
- ئەنجامدانی کۆنفرانسی (فەلسەفە، ئاین، سێکیولاریزم) لەلایەن بەشی (فەلسەفە)ی (فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان)ەوە لە ١٩و٢٠١٥/٥/٢٠ لە رانیە.

لە ئێستاشدا و بۆ یۆبیلی زیوینی راپەرینی پێنجی ئازار، ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی (گەشەپێدانی راپەرین و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ رەهەندەکانی) لە ٦ و ٧ و ٢٠١٦/٣/٨ لە رانیە.

لەئێستادا زانکۆی راپەرین چەند سەنتەرێکی گرنگی دامەزراندووە لەوانە:

- سەنتەری توێژینەوە
- سەنتەری پەرەپێدانی زمان
- سەنتەری گەشەپێدانی کار

زانکۆی راپەرین لە ئێستا دا ئەندامی هەمیشەیی ئەم رێکخراوانەی خوارەوەیە:

- یەکێتیی زانکۆکانی جیهان (IAU)
- یەکێتیی زانکۆکانی ئۆراسیا (EURAS)
- داتابەیسی جیهانی بۆ خوێندنی باڵا (UNESCO)

لە ساڵی ٢٠١٣شدا لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی عیراقەوە بە رەسمی دان بە زانکۆی راپەرین نراو خرایە ناو لیستی زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی وڵاتەکەوە.

هاوکات، ئێستا زانکۆی راپەرین لەگەڵ چەندین زانکۆی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانیدا دەستەخوشکە، و پەیوەندیی زانستی هەیە. لەگەڵ (١٨) زانکۆی نێودەوڵەتیدا یاداشتی لێکتێگەیشتی ئیمزاکردووەو پرۆژەو ئاڵوگۆڕی ستافی هەیە، کە سیانیان لە ئەمەریکا و دوانیان لە بریتانیا، و چواریان لە تورکیا و ئەوانیتریش لە وڵاتانی سوید، ئیسپانیا، روسیا، ئەرمینیا، میسر، لوبنان، ئازەربایجان، ئوردن، و ئێرانن.

وەکچۆن توانیویەتی بەشداری دەیان پرۆژەی نێودەوڵەتی بکات، کە دیارترینیان بریتین لە: پرۆژەی (KURDDAAD)ی رێکخراوی (داد)ی ئەڵمانی، ئیراسمۆس مەندۆس-مەرحەبای یەکێتیی ئەوروپا، و هەریەک لە پرۆژەکانی (دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان زانکۆ تازەکاندا، پرۆگرامی بەنێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستان، دروستکردنی سەنتەری پەرەپێدانی کار) کەوا هەرسێکیان لە لایەن رێکخراوی (ئایرێکس)ی ئەمەریکییەوە جێبەجێدەکرێن.

# فاکەڵتی و سکوڵ و بەشەکانی زانکۆ

# فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان

فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان لەساڵی (٢٠٠٤) دامەزراوە، ئەوکاتە سەر بە (زانکۆی کۆیە) بوو، لە ڕێکەوتی (٢٠١١/١٠/١٢)یش خرایەسەر (زانکۆی ڕاپەڕین)، لەگەڵ فاکەڵتی (پەروەردەی بنەڕەت) بەیەکەوە دامەزران، بەڵام بە فەرمانی زانکۆییمان ژمارە (٧٣٠) لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١١/٤) پاڵپشت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٨٠٨) لە ڕێکەوتی (٢٠١٣/١٠/٢٨) کراوە بە فاکەڵتییەکی سەربەخۆ.

فاکەڵتییەکە لە چوار (٤) بەش پێکدێت: (مێژوو، جوگرافیا، فەلسەفە، یاسا).

ئامانجی فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان بریتییە لە: پێگەیاندنی مامۆستا، توێژەر، پارێزەر، کادری پسپۆڕ و بەتوانا و چالاک لەپێناو خزمەتکردنی گەل و نیشتمان و کۆمەڵ و، دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و، بوژاندنەوەی سەرجەمی سێکتەرەکانی ژیان لە کوردستاندا.

## دیدی فاکەڵتی:

بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پلان و توێژینەوەی زانستیانە جێبەجێکردنی بوێرانە بۆ دروستکردنی تاکێکی بە سوود و کۆمەڵگایەکی هۆشیار.

## پەیامی فاکەڵتی:

فەراهەم کردنی ژینگەیەکی باشتر بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ پێگەیاندنی کادیری بە توانا و شارەزا لە بوارەکانی یاسا، مێژوو، جوگرافیا، فەلسەفە، بۆ خزمەتکردن و پێشوازیکردنی گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشەکانی بە شێوازێکی زانستیانە.

# بەشی مێژوو

ئەم بەشە لە ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) دا لەگەڵ کرانەوەی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی رانیە ئەو کات سەر بە زانکۆی کۆیە بوو کراوەتەوە، ئیستا شەش (٧) خولی لە خوێندکارانی بە کالۆریوسی لێدەرچووە لە زانکۆی کۆیە، خولی یەکەمی دەرچوانی زانکۆی راپەڕین (٢٠١١-٢٠١٢) و خولی دووەمی دەرچوان (٢٠١٢-٢٠١٣) و خولی سێیەمی کە دەرچوان (٢٠١٣-٢٠١٤) و خولی چوارەمی دەرچوان (٢٠١٤-٢٠١٥)کە تا ئیستاش هەر وەک بەشێک لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان ماوەتەوە و لە ئیستادا چوار قۆناغی هەیەو ڕێژەی خوێندکارانی (١٩٥ )خوێندکارە،نزیکەی (٢٠) مامۆستای میلاکی هەیە و (٥) لەو مامۆستایانە خوێندکاری دکتۆران و لەدەرەوەی هەرێم درێژە بە خوێندنیان دەدەن.

### دیدی بەشەکە:

دیدی سەرەکی بەشی مێژوو پێگەیاندنی کادیرە بۆ دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی حکومەت .بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەمەش دوای ئەوەی چەندین خوێندکارو دەرچووی ئەو بەشە سەرکەوتوانە توانیویانە لێهاتوویی خۆیان بسەلمێنن.

### پەیامی بەشەکە:

پەیامی ئێمە لە کردنەوەی بەشی مێژوو بۆ ئاگاداربوونە لە مێژووی گەلانی جیهان و مێژووی کورد بە تایبەتی، ئێمەی کورد لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێویستی زۆرمان بەوە هەیە بایەخی زۆر بەو زانستە بدەین و نەوەکانمانی لەسەر پەروەردە بکەین.

### بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:

دەرچوانی ئەم بەشە لە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، ناوەندەکانی توێژینەوە، گۆڤارەکان، هەندێک لەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن کە سەنتەری توێژینەوەیان هەیە کاردەکەن.

# بابەت و یەکەکانی بەشی مێژوو:

**قۆناغی یەکەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | زمانی ئینگلیزی | ٦ |
| ٢ | مێژووی کۆنی عێراق و ئێران | ٤ |
| ٣ | مێژووی یۆنان و ڕۆمان | ٤ |
| ٤ | جوگرافیای گشتی | ٤ |
| ٥ | مێژووی کوردی کۆن | ٤ |
| ٦ | کۆمپیوتەر | ٤ |
| ٧ | ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ٤ |
| ٨ | گفتوگۆی ئەکادیمی | ٤ |

**قۆناغی دووەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست | ٦ |
| ٢ | مێژووی کۆنی میسرو شام | ٤ |
| ٣ | سەردەمی پەیامبەر و ڕاشیدین و دەوڵەتی ئومەوی | ٦ |
| ٤ | مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس | ٦ |
| ٥ | مێژووی ئابوری | ٤ |
| ٦ | مێژووی ساسانی و بیزەنتی | ٤ |
| ٧ | زمانی ئینگلیزی | ٠ |
| ٨ | مێژووی شارستانییەت | ٦ |

**قۆناغی سێیەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | مێژووی ئەمریکا | ٤ |
| ٢ | مێژووی دەوڵەتی عەباسی | ٤ |
| ٣ | مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی | ٦ |
| ٤ | جوگرافیای عیراق | ٤ |
| ٥ | مێژووی نوێی کورد | ٦ |
| ٦ | مێژووی ئەوروپای نوێ | ٤ |
| ٧ | فەلسەفەی مێژوو | ٤ |
| | | |

**قۆناغی چوارەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | مێژووی هاوچەرخی کورد | ٦ |
| ٢ | ڕۆژهەلاتناسی | ٤ |
| ٣ | مێژووی ئاینەکان | ٤ |
| ٤ | مێژووی زلهێزەکان | ٤ |
| ٥ | مێژووی هاوچەرخی تورکیا و ئێران | ٦ |
| ٦ | مێژووی هاوچەرخی عێراق | ٤ |
| ٧ | مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان | ٤ |
| ٨ | توێژینەوەی دەرچوون | ٢ |

# بەشی جوگرافیا

بەشی جوگرافیا سەر بە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان بۆ یەکەمجار لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) کراوەتەوە، کە ئەو کات سەر بەزانکۆی کۆیە بووە، دواتر لەڕێکەوتی (٢٠١٠/٣/٥) خرایە سەر زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارەی خوێندکارانی بەشی جوگرافیا لەئێستادا (٢٢٠) خوێندکارە، وە بۆیەکەم جار لەساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) خوێندنی باڵا (ماستەر) لەبەشی جوگرافیادا کرایەوە، وەک دەستپێک (١٣) خوێندکار وەرگیران، ژمارەی ستافی وانەبێژو کارگێڕی بەشی جوگرافی (٢٥) کەسە، ئەم ژمارەیە خاوەنی هەڵگری بڕوانامەی جیاوازن، کە (٢) کەسیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆران، (٣) خوێندکاری دکتۆران، (١١) هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن، (٧) خوێندکاری ماستەرن، دوو فەرمانبەری توێژەریش.

**دیدی بەشەکە:**

بۆ ئەوەی ببین بە پێشەنگ لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و پێگەیاندنی توێژەری لێهاتوو لە بوارە جۆربەجۆرەکانی جوگرافیادا

**پەیامی بەشەکە:**

خوێندکارانی بەکالۆریۆس و ماستەر بە تازەترین زانستی سەردەم لە بوارە جۆربەجۆرەکانی جوگرافیای مرۆیی و سروشتی پێدەگەیەنین. جگە لە ئەنجامدانی توێژنەوەی ئاست بەرز لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی سەبارەت بە کێشە ژینگەییەکان، کێشەکانی شار، کێشەکانی دانیشتوان، گەشەپێدان، کشتوکاڵ، خزمەتگوزاری، ئاوهەوا، جیمۆرفۆلۆجیا و دەرامەتە سروشتیەکان.

**بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:**

دەرچوانی بەشی جوگرافیا دەتوانن لە سێکتەرە جیاوازەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کاربکەن. لە کەرتی گشتیدا دەتوانن وەک توێژەری جوگرافی لە دام و دەزگا میریەکاندا کاربکەن، لەکەرتی تایبەتدا دەتوانن لەڕێکخراوە ژینگەییەکان و کومپانیاکانی نەوتدا کاربکەن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی جوگرافیا:

**قۆناغی یەکەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | ئینگلیزی | ٦ |
| ٢ | جوگرافیای کەش و هەوا | ٥ |
| ٣ | ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ٤ |
| ٤ | گفتوگۆی زانستی | ٤ |
| ٥ | ئاماری جوگرافی | ٥ |
| ٦ | ژینگە | ٦ |
| ٧ | کوردۆلۆجی | ٤ |
| ٨ | کۆمپیوتەر | ٤ |

**قۆناغی دووەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | ئاو و هەوای پڕاکتیکی | ٥ |
| ٢ | سەرەتاکانی جیمۆر فۆلۆجیا | ٤ |
| ٣ | جوگرافیای سروشتی کیشوەرەکان | ٤ |
| ٤ | جوگرافیای دانیشتوان | ٦ |
| ٥ | کارتۆگرافیا | ٥ |
| ٦ | جوگرافیای گواستنەوە و بازرگانی | ٤ |
| ٧ | جوگرافیای لادێ | ٤ |
| ٨ | تێکستی جوگرافی بە ئینگلیزی | ٤ |

**قۆناغی سێیەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | گۆڕانی ئاو و هەوا | ٤ |
| ٢ | جوگرافیای شار | ٦ |
| ٣ | جوگرافیای مرۆیی کیشوەرەکان | ٤ |
| ٤ | جوگرافیای عێراق | ٤ |
| ٥ | جوگرافیای دەرامەتی ئاو | ٦ |
| ٦ | جوگرافیای گەشت و گوزار | ٤ |
| ٧ | جیمۆرفۆلۆجیای پڕاکتیکی | ٥ |
| ٨ | GIS | ٥ |

**قۆناغی چوارەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | جوگرافیای رامیاری | ٦ |
| ٢ | جوگرافیای پیشەسازی و وزە | ٦ |
| ٣ | کارەساتە سروشتیەکان | ٤ |
| ٤ | جوگرافیای کوردستان | ٦ |
| ٥ | هەستکردن لە دوورەوە | ٤ |
| ٦ | دەرامەتی سروشتی | ٤ |
| ٧ | پلاندانانی هەرێم | ٤ |
| ٨ | توێژینەوەی دەرچوون | ٢ |

# بەشی فەلسەفە

بۆ یەکەم جار لە مێژووی خوێندنی زانکۆیی لە کوردستاندا، بەشی فەلسەفە لە شاری رانیە کرایەوە دوای ئەوەی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٠/١٧ دا بڕیاری کردنەوەی بەشەکە وەرگیرا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٥/٢٠٠٦) لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە سەر بە زانکۆی کۆیە بوو.

## دیدی بەشەکە:

فەلسەفە لە کێشە ئاڵۆز و سادەکاندا دەچێتە نێو وردەکاریەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەکی بەرچاو بە تاک و کۆمەڵگە دەکات و لە ژیان و چارەسەری کێشەکاندا رۆڵدەگێڕێت، چونکە لە هەموو بارودۆخەکانی ژیاندا گوتاری خۆی هەیە.

نەبوونی هۆشیاری فەلسەفی و نەزانینی میتۆدەکانی، هەمیشە خوڵقێنەری دۆخی قەیراناوییە، بوارە جیاوازەکانیش بە بێ فەلسەفە گەشە ناکەن و لە قەیران رزگاریان نابێت، کەواتە فەلسەفە ڕێگای رزگارییە. فەلسەفە بنەماکانی بیرکردنەوەیەکی دروست و هەڵوێست نواندنێکی شیاو بە مرۆڤ دەبەخشێت تا بتوانێت لە کایەو بوارە ئەکادیمی و نا ئەکادیمیەکانی ژیانیدا سودی لێ وەربگرێت. هەروەها فەلسەفە هەوڵی پێشکەشکردنی میتۆدی زانستی و توێژینەوەی زانستی دەدات پاڵپشت بە لۆژیک و ئارگیومێنت، تاکو باشترین دەرەنجام و بەرهەم بە دەستبهێنین. ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەش هەمیشە بە ئاستی گەشەی فەلسەفی دەپێورێت، لەبەرئەوە کولتوری کوردیش پێویستی بە فەلسەفەیە تا پێکەوە ژیانی جیاوازییەکان مسۆگەرتر بێت لەسەر بنەمای تێگەیشتن و دیالۆگ.

## پەیامی بەشەکە:

بەشی فەلسەفە لە هەر زانکۆیەکدا وەک خانەی هزرین و داینەمۆی رەخنە و نوێبوونەوەیە بۆ سەرجەم بەشەکانی زانکۆکە، فەلسەفە، وەک دایکی زانستەکان، دارستانێکە هەموو درەختی زانستەکانی دیکەی لەخۆگرتووە، چونکە توانستی کارکردن و کۆمەکی لەگەڵ سەرجەم زانستەکانی دیکەدا هەیە کە لە تەکیاندا خەریکی کێشە جەوهەریی و مەعریفیی و میتۆدییەکانیان دەبێت، هەروەها زۆرێک لە زانستەکان لە فەلسەفەوە سەرەتایان گرتووە و لێی جیابوونەتەوە و ئێستاش پێویستیان پێیەتی، لەبەرئەوە، خوێندنی زانستەکان بەبێ فەلسەفە بە ناتەواوی دەمێننەوە و شیمانەی گەشە و پێشڤەچوونی مەعریفییان لاواز دەبێت.

## بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:

فەلسەفە هۆش و دنیابینی و متمانەی خوێندکار زیاد دەکات، تا بە خۆی بتوانێت لە رێگەی توانست و ئیرادەی خۆیەوە کارێک هەڵبژێرێت و بڕیار لەسەر شێوەی ژیانی بدات، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئازادیی و ئازایەتی کەسەکە لە دۆزینەوەی کارێک بە رێگەی ماریفەت و توانستە هزریی و فەلسەفییەکانییەوە، لە هەردوو رێگەی دامەزراندنی حکومی یان تایبەت و دۆزینەوەی کاری سەربەخۆ.

لەبەرئەوەی فەلسەفە بابەتێکی فراوانە، کەواتە دەرچووی فەلسەفە دەتوانێت لە بازاڕی کار و دۆزینەوەی پلەی وەزیفیدا کارێکی شایستە هەڵبژێرێت، چونکە هەمیشە هەڵبژاردنی زۆری دەخرێتە بەردەست تا بڕیاریان لێوە بدات. بۆ نموونە زۆرێک لە دەرچووانمان بە لە شوێنی کاری جیاواز دامەزراون، وەک زانکۆکان، فوتابخانەکان، فەرمانگەی مافی مرۆڤ، کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ناوخۆ، دەزگای ئاسایش، شارەوانی، رێکخراوەکان، کەرتی تایبەت و کاری سەربەخۆ و...هتد. هەروا بەشێک لە دەرچووانمان دەستیان بە خوێندنی باڵا کردۆتەوە و بڕوانامەیان بە دەستهێناوە و ئێستا مامۆستای زانکۆن، هەندێکی دیکەشیان ئێستا لە وڵاتانی بریتانیا، فەرەنسا، ئێران، میسر و هەروا ناوخۆی هەرێم خەریکی خوێندنی باڵا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرن.

# بابەت و یەکەکانی بەشی فەلسەفە:

| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | |
| ١ | فەلسەفەی گریکی | ٦ | ١ | لۆژیکی فۆرمال و ماتماتیکی | ٦ |
| ٢ | هزری ڕۆژهەڵاتی کۆن | ٦ | ٢ | فەلسەفەی ئەورووپی لە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس | ٤ |
| ٣ | دەروازەیەک بۆ فەلسەفە | ٦ | ٣ | زانستی کەلام | ٦ |
| ٤ | کوردناسی | ٤ | ٤ | فەلسەفەی ئیسلامی لە خۆرهەڵات | ٤ |
| ٥ | دەروونزانیی کۆمەڵایەتی | ٤ | ٥ | فەلسەفەی نوێ | ٦ |
| ٦ | زانستی کۆمپیوتەر | ٣ | ٦ | فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن | ٤ |
| ٧ | زمانی ئینگلیزی | ٦ | ٧ | واژە فەلسەفییەکان | ٤ |
| ٨ | گفتوگۆی ئەکادیمی | ٤ | ٨ | زمانی ئینگلیزی | مستوفی |

| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | |
| ١ | میتۆد و توێژینەوەی زانستی | ٤ | ١ | فەلسەفەی زانست | ٦ |
| ٢ | فەلسەفەی مۆراڵ / تیۆری و پراکتیکی | ٦ | ٢ | فەلسەفەی پۆستمۆدێرن | ٦ |
| ٣ | فەلسەفەی هونەر و جوانی | ٤ | ٣ | فەلسەفەی سیاسی | ٦ |
| ٤ | فەلسەفەی ئاوەز و زمان | ٤ | ٤ | هزری فەلسەفیی کوردیی | ٤ |
| ٥ | فەلسەفەی هاوچەرخ | ٦ | ٥ | فەلسەفەی ئایین و سۆفیزم | ٤ |
| ٦ | فەلسەفەی مێژوو و شارستانیەت | ٦ | ٦ | هزری فەلسەفیی ئیسلامیی هاوچەرخ | ٤ |
| ٧ | فەلسەفەی ئیسلامی لە خۆرئاوا | ٦ | ٧ | میتافیزیک | ٤ |
| ٨ | تیۆری زانین | ٤ | ٨ | پرۆژەی توێژینەوەی دەرچوون | ٢ |

# بەشی یاسا

بەشی یاسا بەپێی نووسراوی فەرمانگەی پشکنین و دڵنیایی جۆری لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەژمارە (١٤٣٣٠/١١) لەبەرواری (٢٠١٢/٧/١١) بڕیاری کردنەوەی بۆ دەرچووە، بەڵام بەهۆی هەبوونی چەند هۆکارێک نەیتوانیوە بۆساڵی خوێندنی(٢٠١٢-٢٠١٣) خوێندکار وەربگرێت تاکو سەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤)، بەشی یاسا لەئێستادا بەشێکە لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦)ـەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاریداوە کە خوێندن لە بەشەکانی یاسادا ببێت بە چوار ساڵ بۆ بەکالۆریۆس.

## دیدی بەشەکە:

بە ئامانجی پێگەیاندنی کادری یاسایی و پسپۆر بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و ڕیزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەک کە تیایدا ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی سەروەری یاسایی بەدی بێت.

## پەیامی بەشەکە:

بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی لە کۆمەڵگەکەماندا لە پێناو جێبەجێکردنی یاساو هێنانەدی سیستەم و، پێگەیاندنی کادری بەتواناو لێهاتووی یاسایی بۆ دام و دەزگاکانی دەوڵەت و پارێزەری کارامە بۆ وەچنگهێنانی دادپەروەریی لە کۆمەڵگەکەماندا و، گرنگیدان بە توێژینەوەی یاسایی ڕەسەن کە خزمەت بە پلانی ستراتیژی زانکۆمان بکات و پێگەکەی بەرز بکاتەوە لە ڕیزبەندی زانکۆکانی جیهان، هەروەها فەراهەم کردنی ژینگەیەکی بەرچاو و گونجاو لەگەڵ ڕۆحی یاسا لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر جۆری ئەو پرۆگرامانەی کە لە بەشدا دەخوێندرێن.

## بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:

١.کەرتی گشتی: دامەزراندنیان وەک فەرمانبەری یاسایی لە دامودەزگاکانی دەوڵەت.

٢.کەرتی تایبەت: پیشەی پارێزەرایەتی.

## بابەت و کاتژمێرەکانی بەشی یاسا:

| قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | کاتژمێر | ژ | ناوی بابەت | کاتژمێر |
| ١ | المدخل لدراسة القانون | ٤ | ١ | القانون المدني/ النظرية العامة للالتزامات | ٤ |
| ٢ | القانون الدستوری (نظرية الدستور) | ٢ | ٢ | قانون العقوبات (القسم العام) | ٣ |
| ٣ | تاريخ القانون | ٢ | ٣ | القانون الاداري | ٢ |
| ٤ | علم الإجرام والعقاب | ٢ | ٤ | مبادئ القانون التجاری والعقود التجارية | ٢ |
| ٥ | حقوق الإنسان | ٢ | ٥ | قانون الاحوال الشخصية (الزواج الطلاق) | ٢ |
| ٦ | اللغة العربية | ٢ | ٦ | المالية العامة و التشريع المالي | ٢ |
| ٧ | اللغة الانجليزية | ٣ | ٧ | المنظمات الدولية | ٢ |
| ٨ | Legal Terminologies | ١ | ٨ | النظم السياسيه | ٢ |
| ٩ | کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا | ١ | ٩ | الانگليزية | ٢ |

| قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | کاتژمێر | ژ | ناوی بابەت | کاتژمێر |
| ١ | القانون المدني/ العقود المدنية | ٣ | ١ | أصول المحاكمات الجزائية والتحقيق الجنائي | ٤ |
| ٢ | قانون العقوبات (القسم الخاص) | ٣ | ٢ | الحقوق العينية (الاصلية والتبعي) | ٤ |
| ٣ | القانون الدولی العام | ٣ | ٣ | قانون المرافعات المدنيه والاثبات | ٤ |
| ٤ | الشركات التجاريه | ٢ | ٤ | القانون الدولی الخاص | ٤ |
| ٥ | قانون الاحوال الشخصيه (الميراث والوصيه) | ٢ | ٥ | قانون التنفيذ | ٢ |
| ٦ | مبادئ القظاء الاداري | ٢ | ٦ | الأوراق التجاريه | ٢ |
| ٧ | قانون العمل والظمان الاجتماعی | ٢ | ٧ | الانجليزيه | ٢ |
| ٨ | الانجليزيه | ٢ | ٨ | أصول الفقه | ٢ |
| ٩ | أصول البحث القانونی | ١ | ٩ | بحث التخرج | ١ |

# فاکەڵتیی پەروەردە

فاکەڵتی پەروەردە لە ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٥) لە قەڵادزێ دامەزراوە، لەسەرەتادا ئەم فاکەڵتییە وەک کۆلێجی زمان لە دوو بەش پێکهاتبوو بەشی (زمانی کوردی) و بەشی (زمانی عەرەبی). لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆلێجەکە، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) بەشی (زمانی ئینگلیزی) کردەوە و هەر لە هەمان ساڵدا پرۆگرامی خوێندنی کۆلێجەکە گۆڕا بۆ پرۆگرامی کۆلێجی پەروەردە و ناوی کۆلێجەکە لە(کۆلێجی زمان)ەوە گۆڕا بۆ(کۆلێجی پەروەردە).

لە ساڵی (٢٠١٠) لە چوارچێوەی ریفۆرمەکانی سیستمی خوێندنی باڵا لە لایەن وەزارەتەوە ناوی (کۆلیج) گۆڕا بۆ (فاکەڵتی)، لە ئێستادا ئەم فاکەڵتییە لە یەک سکوڵ پێکدێت بەناوی (سکوڵی زمان) کە سێ بەشی لەخۆ گرتووە: بەشی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی).

هەروەها بەشی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤)خوێندنی باڵای ماستەری لە هەردوو بواری زمانەوانی و ئەدەب کردۆتەوەو (٦) خوێندکاری خوێندنی باڵای هەیە.

## پەیامی فاکەڵتی:

ئامانجی سەرەکی فاکەڵتی پەروەردە ئامادەکردن و ڕاهێنانی خوێندکارانە لە رووی زانستی و پەروەردەییەوە بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای پسپۆر و تایبەتمەندن لە بواری فێرکردنی زمان و پەروەردەکردن، دەرچوانی فاکەڵتی پەروەردە ئامادە دەکرێن بۆئەوەی لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە خوێندنگاکانی کەرتی گشتی دا کاربکەن.

## دیدی فاکەڵتی:

فاکەڵتی پەروەردە کاردەکات لە سەر پێشخستنی ئاستی زانستی و پرۆسەی فێرکردن. پرۆگرام و ڕاهێنانی کوالیتی، بە دەستهێنانی ستافی وانەبێژی پسپۆرو تایبەتمەند، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاو هۆکارەکانی وانە وتنەوە و فێرکردن بۆسەرخستنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، دید و بەرنامەی کاری فاکەڵتی پەروەردەیە.

## بواری کارکردنی دەرچووانی فاکەڵتییەکە:

دەرچووانی فاکەڵتی پەروەردە توانستی کار و خزمەتی پەروەردەییان هەیە لە دامەزراوە تایبەتی و گشتییەکاندا، بە هۆی ئەو وانە و بابەتە پەروەردەیی و زانستییانەی کە لە ماوەی چوار ساڵی خوێندنی بەکالۆریۆسدا وەریانگرتووە، بە تایبەت لە فێرگەکاندا دەتوانن لێهاتویی خۆیان وەک مامۆستا نیشان بدەن.

# بەشی زمانی کوردی

بەشی زمانی کوردی یەکێکە لەو بەشانەی کە لە سەرەتای کردنەوەی کۆلیژی زمان لە قەلادزێ لەساڵی (٢٠٠٤) کراوەتەوە، ئێستاش بەشێکە لە سکوڵی زمان لە فاکەڵتی پەروەردە.

دیدو پەیامی بەشی کوردی پێگەیاندنی مامۆستای پسپۆڕێتی بواری ئەدەب و زمانی کوردییە، کە بتوانن شارەزاییەکی تەواو لەو دوو بوارەدا بە دەست بهێنن، تا بتوانن لە خوێندنگەکاندا وەک مامۆستایەکی شارەزا و پسپۆڕ وانە بە خوێندکاران بڵێنەوە، لەهەمان کاتیشدا خزمەت

بە فەرهەنگ و کلتوور و داب و نەریتی نەتەوەکەیان بکەن، هەروەها خاڵێکی تر لە دید و پەیامی بەشی کوردی، پێگەیاندنی مامۆستای زانکۆیە لەڕێی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) بۆ خزمەتکردنی خوێندکاران لە زانکۆکانی کوردستاندا.

بەشی کوردی ڕۆڵێکی چالاک دەگێڕێت لە پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردیی لە ڕێی بەستنی سمینار و کۆڕ و لێکۆڵینەوە و داهێنانی کتێب و...هتد، بۆ ئەوەی بتوانێت شان بەشانی زمانەکانی تر هەردەم لە گەشە و گۆڕان و نوێبوونەوەدابێت.

# بابەت و یەکەکانی بەشی زمانی کوردی:

| قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | دەنگسازی | ٤ | ١ | ڕستەسازی تیۆری | ٦ |
| ٢ | مێژووی زمان وزار | ٤ | ٢ | ڕێبازەکانی ئەدەب | ٦ |
| ٣ | تێکستی ئەدەبی | ٤ | ٣ | کێش و سەروا | ٦ |
| ٤ | تیۆری ئەدەب | ٤ | ٤ | ئەدەبی کۆن (کلاسیک) | ٤ |
| ٥ | دەروونناسی گشتی | ٤ | ٥ | وشەسازی | ٤ |
| ٦ | زمانی ئینگلیزی | ٦ | ٦ | زارەکان | ٤ |
| ٧ | زانستی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت | ٤ | ٧ | شارستانییەتی کورد (مێژوو) | ٤ |
| ٨ | گفتوگۆی زانستی | ٤ | ٨ | دەروونناسی پەروەردەیی | ٤ |
| | | | ٩ | فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی | ٤ |
| | | | ١٠ | زمانی عەرەبی | ٤ |
| | | | ١١ | زمانی ئینگلیزی | ٤ |

| قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | ڕستەسازی پراکتیکی | ٣ | ١ | واتاسازی | ٦ |
| ٢ | ئەدەبی نوێ | ٦ | ٢ | ئەدەبی هاوچەرخ | ٤ |
| ٣ | تیۆرەکانی ڕەخنە | ٦ | ٣ | ڕەخنەی پراکتیکی | ٣ |
| ٤ | تیۆرە زمانییەکان | ٤ | ٤ | زانستی زمان | ٤ |
| ٥ | قوتابخانە ڕێزمانییەکان | ٤ | ٥ | وەرگێڕان | ٤ |
| ٦ | ڕەوانبێژی | ٤ | ٦ | ئەدەبی بەراورد | ٤ |
| ٧ | ڕێبازەکانی وانەوتنەوە | ٤ | ٧ | پێوانە و هەڵسەنگاندن | ٤ |
| ٨ | دەروونناسی گەشەیی | ٤ | ٨ | زمانی فارسی | ٤ |
| ٩ | کتێبخانە و ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ٤ | ٩ | دیداری خوێندنگە | ٤ |
| ١٠ | زمانی فارسی | ٤ | ١٠ | باسی دەرچوون | ٢ |

# بەشی زمانی عەرەبی

بەشی (زمانی عەرەبی) یەکێکە لەو بەشانەی کە لە سەرەتای کردنەوەی (کۆلێژی زمان) لە قەڵادزێ لە ساڵی (٢٠٠٤) کراوەتەوە، ئێستاش بەشێکە لە (سکوڵی زمان) لە (فاکەڵتی پەروەردە).

## پەیامی بەشەکە:

لەم بەشەدا خوێندکاران فێری زانستەکانی زمانی عەرەبی دەبن لەبوارەکانی:(نحو، صرف،بلاغە، الأدب العربی)، وەهەروەها فێربونی وانەکانی دەرون ناسی و ڕێبازەکانی وانەوتنەوە، لەهەموو قۆناغە جیاوازەکاندا.

## دیدی بەشەکە:

کردنەوەی چەند ئاسۆیەکی تازە لەبەردەم دەرچوانی بەشی زمانی عەرەبی و ئاشناکردنیان بەسەرچاوە رۆشنبیری عەربی و بۆچونی عەربی، وە بتوانن گفتوگۆ بەم بۆچونە بکەن و سودی لێ ببینن، هەروەها وەستان بەرووی هەموو لەمپەرەکان.

## بواری کارکردنی دەرچوانی بەشەکە:

دەرچوانی بەشەکەمان کار دەکەن لە چوارچێوەی پەروەردەدا بەمەبەستی پێگەیاندنی مامۆستای بەتوانا لەبواری رێزمان و ئەدەبی عەرەبی، بۆ وانە وتنەوە لە قۆناغەکانی ناوەندیی و ئامادەییدا.

# بابەت و یەکەکانی بەشی زمانی عەرەبی:

| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | |
| ١ | النحو | ٦ | ١ | النحو | ٧ |
| ٢ | الأدب الجاهلي | ٦ | ٢ | الأدب الإسلامي | ٦ |
| ٣ | الصرف | ٥ | ٣ | الصرف | ٤ |
| ٤ | علم النفس العام | ٤ | ٤ | البلاغة والتطبيق | ٤ |
| ٥ | المحادثة والتعبير | ٣ | ٥ | العروض والقافية | ٤ |
| ٦ | اللغة الإنكليزية | ٤ | ٦ | علوم القرآن والحديث | ٤ |
| ٧ | كوردولوجي | ٤ | ٧ | اللغة الإنجليزية | ٤ |
| ٨ | المحادثة الأكاديمية | ٣ | ٨ | المحادثة والتعبير | ٦ |
| ٩ | الحاسبة | ٤ | ٩ | علم النفس العام والتربوي | ٤ |

| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | |
| ١ | النحو | ٧ | ١ | النحو | ٧ |
| ٢ | الأدب العباسي | ٦ | ٢ | النقد التطبيقي الحديث | ٦ |
| ٣ | النقد الأدبي القديم | ٦ | ٣ | الأدب العربي الحديث | ٦ |
| ٤ | البلاغة والتطبيق | ٤ | ٤ | الأدب المقارن | ٤ |
| ٥ | الأدب الأندلسي | ٤ | ٥ | فقه اللغة العربية | ٤ |
| ٦ | علم اللغة | ٤ | ٦ | الدلالة والتحليل الصوتي | ٣ |
| ٧ | التفسير اللغوي للقرآن الكريم | ٤ | ٧ | القياس والتقويم | ٤ |
| ٨ | تحليل النصوص | ٤ | ٨ | المشاهدة والتطبيق | ٣ |
| ٩ | منهج البحث الأدبي | ٤ | ٩ | بحث التخرج | ٤ |
| ١٠ | المناهج وطرائق التدريس | ٤ | | | |

# بەشی زمانی ئینگلیزی

بەشی (زمانی ئینگلیزی) لە ساڵی ( ٢٠٠٩) وەکو بەشێک لە (کۆلێژی زمان)ی (زانکۆی کۆیە) دامەزراوە، ئێستا بەشێکە لە سکوڵی زمان/ فاکەڵتی پەروەردە لە (زانکۆی ڕاپەڕین).

## پەیامی بەشەکە:

پەیامی بەشی ئینگلیزی بەرەوپێشبردنی توانای فێربوون وفێرکردنی خوێندکارانیەتی و ئامادەکردنیانە بۆ مامۆستای ئینگلیزی بەشێوازێکی زانستی سەردەمیانە بەجۆرێک بتوانن خزمەتی نەتەوەو وڵاتەکەیان بکەن لەبواری پەروەردەو فێرکردندا.

## دیدی بەشەکە:

بەشی زمانی ئینگلیزی بایەخی تایبەتی دەدات بە بەکارهێنانی ڕێگا کاریگەرەکانی فێرکردن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ فێرکردنی زمان، مامۆستاکان لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ بەکارهێنانی میتۆدی جیاواز و کاریگەر بۆ پێشخستنی توانای زانستی و زمانەوانی خوێندکاران و بەرزکردنەوەی ئاستی لێکۆڵینەوەی زانستیان.

## بواری کارکردنی دەرچوانی بەشەکە:

بەشی زمانی ئینگلیزی لە فاکەڵتی پەروەردە کاردەکات بۆ بەرهەمهێنانی کادری ڕاهێنراو بەشێوەیەک کە بتوانن لەهەردوو کەرتی تایبەتی و گشتی پێشبڕکێ بکەن، لەبەدەستهێنانی هەلی کار، پشت ئەستور بە ڕاهێنان و پەروەردەی زانستی بەدەستهاتوو، دەرچوانمان دەتوانن لە بوارە جیاجیاکانی هەردوو کەرت لێهاتووانە خزمەت بکەن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی زمانی ئینگلیزی:

| First Year | | | Second Year | | |
|---|---|---|---|---|---|
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Basic English Grammar** | ٥ | ١ | **ContextualEnglish Grammar** | ٥ |
| ٢ | **Listening & Pronunciation** | ٥ | ٢ | **Listening & Speaking** | ٥ |
| ٣ | **Reading & Writing** | ٥ | ٣ | **Reading & Writing** | ٥ |
| ٤ | **Introduction to Literature** | ٤ | ٤ | **English Morphology** | ٤ |
| ٥ | **Academic Debate** | ٤ | ٥ | **English Fiction (١٩th and ٢٠th C.)** | ٦ |
| ٦ | **Kurdology** | ٤ | ٦ | **English Phonology** | ٤ |
| ٧ | **General Psychology** | ٤ | ٧ | **Approaches to ELT** | ٤ |
| ٨ | **Information Technology** | ٤ | ٨ | **Developmental Psychology** | ٤ |

| Third Year | | | Fourth Year | | |
|---|---|---|---|---|---|
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **ELT Methodology** | ٦ | ١ | **Testing & Evaluation in ELT** | ٦ |
| ٢ | **English Syntax** | ٦ | ٢ | **Linguistics** | ٦ |
| ٣ | **Translation (English ⇄ Kurdish)** | ٥ | ٣ | **School Experience & Teaching Practice** | ٤ |
| ٤ | **Listening & Speaking** | ٥ | ٤ | **Semantics & Pragmatics** | ٤ |
| ٥ | **English Poetry** | ٦ | ٥ | **Elective subject *** | ٤ |
| ٦ | **English Drama** | ٦ | ٦ | **Classroom Management** | ٤ |
| ٧ | **Research Methods in English** | ٤ | ٧ | **Materials Development & Adaptation in ELT** | ٤ |
| ٨ | **Educational Psychology** | ٤ | ٨ | **Graduation Project** | ٢ |
| | | | ٩ | **Testing & Evaluation in ELT** | ٦ |

# فاکەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت

کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت (فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت)ی ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٩، کە سەر بە زانکۆی کۆیە بوو، بۆ یەکەم جار لە رانیە کرایەوە، کە سێ بەشی لە خۆدەگرت، بریتی بوون لە بەشی (کوردی، عەرەبی، کۆمپیوتەر و بیرکاری)، دواتر ستراکچەری کۆلیژەکانی زانکۆکەمان بە فەرمانی وەزاری ن/٤٢ ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٧ و بە فەرمانی زانکۆیی ٦٢٠/٢٩/٧ ڕێکەوتی ٢٠١١/٦/٨ دارێژرایەوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت کرا بە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت لە ژێر سەرپەرشتی فاکەلتی پەروەردەی بنەڕەت و زانستە مرۆڤایەتییەکان، کە لە دوو سکوڵ پێکهاتبوو (سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان)، پاشان بە فەرمانی زانکۆیی ژمارە ٧٣٠ ڕێکەوتی ٢٠١٣/١١/٤ سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت کرا بە فاکەڵتیەکی سەربەخۆ بە ناوی فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت و لە فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان جیابۆوە.

### دیدی فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت:

هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی جۆری بەرزو گەیاندنی فاکەڵتی بە ئاستێکی باڵا لە پێگەی فێرکردنی زانکۆدا، لە ڕێگەی ڕەخساندنی ژینگەیەکی نمونەیی، بۆ فێربوون، فێرکردن، توێژینەوە، خستنەگەڕو بەکارهێنانی توانا مرۆییەکان بە ئاراستەی چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەییەکانو بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستیو پەروەردەیی گەشەپێدانی توانا مرۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

### پەیامی فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت:

فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت ناوەندێکی زانستی پەروەردەییە.

پەیامی سەرەکی بریتیە لە ئامادەکردنی مامۆستای لێهاتوو، بۆ ئەوەی لەو بەشو پسپۆرییانەی کە لە فاکەڵتیدا هەیە ببێتە پەروەردەکارێکی باش و وانەبێژێکی سەرکەوتوو لە قۆناغی بنەڕەتی (باخچەی ساوایان تاکو پۆلی ٩ی بنەڕەتی).

# بەشی زمانی کوردی

بەشی کوردی لەساڵی (٢٠٠٩) کراوەتەوە، کە سەرەتا سەر بە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی کۆیە بووە، وەک یەکەم دەستپێک (٤١) خوێندکاری وەرگرتووە، پاشان دوایی دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین لەساڵی (٢٠١١) ئەم بەشە بووە بە بەشێک لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆکە، لەساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) یەکەم دەستەی دەرچوانی وەک مامۆستا پێشکەش بە کۆمەڵگەی کوردی کردوە، لە ئێستادا خاوەنی (١٢) مامۆستای میلاکە، کە هەشت لەوانە پسپۆڕی زمانن و سێیان پسپۆڕی ئەدەبن.

**دیدی بەشەکە:**

وەک پێویستی زانکۆ و بە مەبەستی پەروەردەکردن و ئامادەکردنی مامۆستایەکی سەرکەوتوو، شارەزاکردنیان بە ڕێگاو شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە و بابەتە دەروونیەکان، کە دەبنە هۆکاری خزمەتکردنی بواری پەروەردە و فێرکردن و پێشخستنی پرۆسەی زانستخوازی.

**پەیامی بەشەکە:**

بەشی زمانی کوردی ڕۆڵی گرنگ لە پێگەیاندنی تاکدا دەگێڕێت، هۆکارێکە بۆ پەروەردە کردنی و برەودان بە زمان و ئەدەبی کوردی وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئاشناکردنی فێرخوازانیەتی بە چەندین بابەتی زانستی و زمانەوانی و ئەدەبی، هونەری، کەلتوری و پەروەردەیی دەروونی.

**بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:**

دەرچوانی بەشەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبن لەپسپۆڕی زمانی کوردی و دەتوانن بەپیشەی مامۆستا لەخوێندنگە بنەڕەتیەکان دابمەزرێن و هەروەها دەتوانن لەدامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دابمەزرێن و کاربکەن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی زمانی کوردی:

| قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | دەنگسازی | ٤ | ١ | وشەسازی | ٦ |
| ٢ | ڕێزمان | ٦ | ٢ | زارەکان | ٤ |
| ٣ | دەقی ئەدەبی (تێکست) | ٦ | ٣ | ڕێبازەکانی ئەدەب | ٦ |
| ٤ | گفتوگۆی ئەکادیمی | ٤ | ٤ | وەرگرتن و داڕشتن | ٤ |
| ٥ | زمانی ئینگلیزی (١) | ٦ | ٥ | پەخشان | ٤ |
| ٦ | دەرونزانی گشتی | ٤ | ٦ | زمانی ئینگلیزی (٢) | ٠ |
| ٧ | تەکنۆلۆجیای زانیاری | ٤ | ٧ | دەروونزانی گەشە(منداڵ و هەرزەکار) | ٤ |
| | | | ٨ | ڕێنمایی و دروستی دەرونی | ٤ |
| | | | ٩ | زمانی عەرەبی | ٤ |

| قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | ڕستە سازی | ٦ | ١ | واتاسازی | ٦ |
| ٢ | زمانەوانیی تیۆری | ٤ | ٢ | زانستی زمان (کارەکی) | ٤ |
| ٣ | تیۆرەکانی ڕەخنە | ٤ | ٣ | شێوازی ئەدەبی | ٤ |
| ٤ | شێوازی ئەدەبی | ٤ | ٤ | ڕەخنەی پراکتیکی | ٤ |
| ٥ | ئەدەبی منداڵان | ٤ | ٥ | بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ٤ |
| ٦ | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | ٤ | ٦ | بینین و جێبەجێکردن | ٦ |
| ٧ | پێوانە و هەڵسەنگاندن | ٤ | ٧ | توێژینەوەی دەرچوون | ٤ |
| ٨ | ڕێزمانی کارەکی | ٤ | | | |
| ٩ | دەرونزانیی پەروەردەیی | ٤ | | | |
| ١٠ | ڕێبازەکانی توێژینەوە | ٤ | | | |

# بەشی زمانی عەرەبی

بەشی زمانی عەرەبی بۆ یەکەم جار لەگەڵ کردنەوەی کۆلێژی پەوەردەی بنەڕەتی لە ساڵی (٢٠٠٩)، وەکو بەشێکی سەرەکی ئەم کۆلێجە کرایەوە، کە ئەو کات سەر بە زانکۆی کۆیە بوو، مانگی (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٩) بۆ یەکەم جار (٣٨) خوێندکار لەم بەشە وەرگیراوەو خوێندن دەستی پێکردووە، و دوا بەدوای دامەزراندنی زانکۆی ڕاپەڕین ساڵی(٢٠١١) بەشی زمانی عەرەبی بوو بە بەشێک لە سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆکە، لە ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣) پۆلێک خوێندکاری وەکو مامۆستا پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردی کردووە.

### دیدی بەشەکە:

زانکۆکەمان وەک یەکێک لە زانکۆ تازەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی توانای خۆی هەوڵ دەدات کە ببێتە یەکێک لە زانکۆ جیاواز و دیار و پێشکەوتووەکانی بواری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە سەر ئاستی هەرێم، و هەوڵ دەدات ڕۆڵی بەرچاو بگرێت لە بەرەو پێش بردن و گەشە سەندنی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی توانای زانستی و بوژاندنەوەی دەڤەرەکە بە شێوەیەکی تایبەتی، و بەشی زمانی عەرەبی کاردەکات بۆ باشتر کردنی ئاستی خوێندن و ڕێکخستنی هەلی فێربوون و بەرەوپێش چوونی ئاستی زانستی و بەخشینی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بایەخ دان بە هەموو زانستەکان و زمانی عەرەبی و بوارە پەروەردەیەکان، لە گەڵ ڕاهێنان و ئامادە کردنی کادیری شارەزا لەم پسپۆریە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە بە نەوەی دوای خۆیان.

### پەیامی بەشەکە:

بەشی زمانی عەرەبی یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی زانکۆکانی وڵاتە ئیسلامیەکان لە ڕوانگەی ئەوەی کە زمانی قورئانی پیرۆزە، و بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی ڕۆشنبیری بەم زمانە نوسراوە، و زانکۆکەشمان شان بە شانی زانکۆکانی تر کار دەکات بۆ ڕەخساندنی باشترین هەلی فێربوون و فێرکردن بۆ خوێندکاران، لەبەر ئەوەی زمانی یەکەمی عێراقە و لە هەرێمیش بە زمانی دووەم دادەنرێت، بۆیە پەیامەمان ئەوەیە کە خوێندکاران چالاک تر بکەیین لەم زمانەدا لە کۆتاییش دا ئاستی ڕۆشەنبیریان بەرەو پێش بچێت لە بواری پەروەردە و زمان دا و هاندانی فێرخواز و زانست خوازان بۆکارکردن و داهێنان بە گروپ یان بە هاوکاری مامۆستاکانیان بە توێژینەوەو خزمەت کردن بە پێشکەوتن.

### بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:

دەرچووانی بەشەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبن لە پسپۆڕی زمانی عەرەبی و دەتوانن بە پیشەی مامۆستا لەخوێندنگا بنەڕەتیەکان دابمەزرێن و هەروەها دەتوانن لە دام و و دەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دابمەزرێن و کاربکەن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی زمانی عەرەبی:

| قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | اللغة الانجليزية (١) | ٦ | ١ | النحو (٢) | ٦ |
| ٢ | الحوار الاكادمية | ٤ | ٢ | ادب صدر الاسلام و الاموي | ٤ |
| ٣ | التقنية المعلومات | ٤ | ٣ | البلاغة ١ (علم المعاني) | ٤ |
| ٤ | کوردۆلۆجی | ٤ | ٤ | الصرف | ٤ |
| ٥ | علم النفس العام | ٤ | ٥ | علم العروض | ٤ |
| ٦ | النحو (١) | ٦ | ٦ | علم النفس النمو(طفولة و مراهقة ) | ٤ |
| ٧ | الادب الحديث | ٤ | ٧ | علوم القران و الحديث الشريف | ٤ |
| ٨ | المكتبة و منهج البحث | ٤ | ٨ | اللغة الانجليزية (٢) | ٠ |
| ٩ | المحادثة و التعبير(١) | ٢ | ٩ | الارشاد و الصحة النفسية | ٤ |
| | | | ١٠ | المحادثة و التعبير(٢) | ٢ |

| قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە | ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | النحو (٣) | ٦ | ١ | النحو (٤) | ٦ |
| ٢ | الادب العباسي | ٤ | ٢ | ادب ماقبل الاسلام | ٤ |
| ٣ | الادب الاندلسي و العصور المتأخرة | ٦ | ٣ | أدب الاطفال | ٤ |
| ٤ | النقد الادبي(القديم و الحديث) | ٤ | ٤ | تفسير القران الكريم | ٤ |
| ٥ | طرائق التدريس العامة | ٤ | ٥ | الادارة و الاشراف | ٤ |
| ٦ | علم الصوت | ٤ | ٦ | تحليل النصوص | ٤ |
| ٧ | المحادثة و التعبير (٣) | ٢ | ٧ | علم اللغة العام | ٤ |
| ٨ | القياس و التقويم | ٤ | ٨ | المحادثة و التعبير (٤) | ٢ |
| ٩ | البلاغة ٢ (البيان و البديع) | ٤ | ٩ | المشاهدة و التطبيق | ٦ |
| ١٠ | علم النفس التربوي | ٤ | ١٠ | البحث التخرج | ٤ |

# بەشی زانستی کۆمپیوتەر

ئەم بەشە یەکێکە لەبەشە زانستییەکانی فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین، کە بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) کراوەتەوە.

ئەم بەشە دەرچووانی پۆلی(١٢)ی زانستی بەشێوازی (وەرگرتنی ناوەندی) وەردەگرێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، خوێندن لەم بەشەدا (٤) ساڵە و سیستەمی خوێندنی ساڵانە پەیڕەو دەکرێت.

دەرچوانی بەشەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس (B.Sc) دەبن لەبەشی زانستی کۆمپیوتەر لە فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت.

**دیدی بەشەکە:**

بەشی کۆمپیوتەر هەوڵدەدات ببێتە خوێندنگایەک، کە خوێندکار دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز لە ڕوی زانست و ڕەوشت لەڕێگای دانانی پلانی تۆکمە لە پرسی فێرکردندا و بەستنەوەی هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی بەیەکەوە، بەشێوەیەک کە پرۆسەی فێرکردن بەرەو پێشچونێکی بەردەوام بەخۆیەوە ببینێت لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای تازە و سەرئەنجام تاکێکی لێهاتوو لە تایبەتمەندییەکەی خۆیدا پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات.

**پەیامی بەشەکە:**

بەشی کۆمپیوتەر یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی فاکەڵتی پەروردەی بنەڕەت بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە بەرچاوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، ستافێکی بە تواناو خەم خۆری هەیە کە هەوڵ دەدات بو پێدانی زانیاری بەکەڵک و پێویست و نمونەیی هاوشانی خۆی بە گوێرەی ستانداردی جیهانی، پەروەردەکردنی تاکێکی بەتوانا و خەم خۆری کۆمەڵ لەڕێگای گەشەپێدانی بەهرە و توانای خوێندکار کە لە بوارەکەی خۆیدا سەرکەوتوبێت وپشتیوانی بوارەکانی ناو کۆمەڵگا بکات.

**بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:**

پلانی خوێندن لە بەشی کۆمپیوتەر دروست کراوە بەشێوەیەکی پتەو و بە توانایەکی دەرچووانی ئەم بەشە دەتوانن بەپیشەی مامۆستا دابمەزرێن لەخوێندنگا بنەڕەتییەکان، هەروەها دەتوانن لەدامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دابمەزرێن و کاربکەن.

# بابەت و یەکەکانی بەشی زانستی کۆمپیوتەر:

**قۆناغی یەکەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | زمانی ئینگلیزی (١) | ٦ |
| ٢ | گفتوگۆی ئەکادیمی | ٤ |
| ٣ | کوردۆلۆجی | ٤ |
| ٤ | دەرونزانی گشتی | ٤ |
| ٥ | Logic Design | ٤ |
| ٦ | Structure Programming | ٦ |
| ٧ | Computer Organization & Architecture | ٦ |
| ٨ | Calculus & Statistics | ٦ |

**قۆناغی دووەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | Object oriented programming | ٦ |
| ٢ | Data structure | ٦ |
| ٣ | Computer Network & Internet Technology | ٦ |
| ٤ | Discrete Mathematics & Computation | ٤ |
| ٥ | Advance Calculus | ٤ |
| ٦ | Numerical Analysis | ٦ |
| ٧ | دەروونزانیی گەشە(منداڵ و هەرزەکار) | ٤ |
| ٨ | ڕێنمایی و دروستیی دەروونی | ٤ |
| ٩ | زمانی ئینگلیزی (٢) | ٠ |

**قۆناغی سێیەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | Database Management systems | ٦ |
| ٢ | Computer Graphic | ٦ |
| ٣ | Compiler | ٤ |
| ٤ | Net Programming (C#) | ٦ |
| ٥ | دەرونزانیی پەروەردەیی | ٤ |
| ٦ | ڕێبازەکانی توێژینەوە | ٤ |
| ٧ | پێوانە و هەڵسەنگاندن | ٤ |
| ٨ | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی و پسپۆڕی | ٤ |

**قۆناغی چوارەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | Web design | ٦ |
| ٢ | Elective ١ ⁕ | ٦ |
| ٣ | Operating system | ٤ |
| ٤ | Elective ٢ ⁕ | ٤ |
| ٥ | بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ٤ |
| ٦ | پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب | ٤ |
| ٧ | بینین و جێ بە جێ کردن | ٦ |
| ٨ | توێژینەوەی دەرچوون | ٤ |

# بەشی بیرکاری

ئەم بەشە یەکێکە لەبەشە زانستییەکانی فاکەلتی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی ڕاپەڕین کە بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) کراوەتەوە، ئەم بەشە دەرچووانی پۆلی(١٢)ی بەشی زانستی وەردەگرێت بەشێوازی (قبول مەرکەزی) لەناوەندی وەرگرتنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

خوێندن لەم بەشەدا (٤) ساڵە و سیستەمی خوێندنی ساڵانە پەیڕەو دەکرێت، دەرچووانی بەشەکە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس (B.Sc) دەبن لەبەشی بیرکاری (ماتماتیک) لە فاکەلتی پەروەردەی بنەڕەت.

## دیدی بەشەکە:

أ. زیادکردنی وانەی ڕێگەکانی وانەوتنەوەی بیرکاری بۆ هەر چوار قۆناغی خوێندن زیاد بکرێت. ئەوە بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وانەبێژی.

ب. زیادکردنی زمانی کوردی لەپاڵ زمانی ئینگلیزیدا لە ناو یەکەکانی سەرچاوەکانی خوێندن، کە دەبێتە هۆی خێرایی تێگەیشتن.

ج. کردنەوی بەشی تایبەت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکاری سەرجەم خوێندکارانی زانکۆمان، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەشی بیرکاریوە چاودێری بکرێت، ئەمە لە هاوشێوەی (MathScop) کە لە زۆرێک لە زانکۆکانی بریتانیادا سودی لێوەردەگرن.

## پەیامی بەشەکە:

بیرکاری بەشێکی گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەی کارکردندا و بناغەیەکە بۆ زانستەکانی تر، یارمەتی دەرە بۆ بیرکردنەوەیکی ژیرانە،بەشی بیرکاریی پەروەدەی بنەرەت هەوڵدەدات کە ئاستی خوێندن و زانستی بەشەکە بەرزبکرێتەوە بە شێوازێک، کە لەگەل ڕەوتی خوێندنی سەردەمیانەدا بگونجیت، ئەمەش پێویستی بە گۆڕین و پەرەپیدانی شیوازی وانەوتنەوەو بابەتی نویَ و تازە هەیە کە بەشەکە لە ئامانج و بیرکردنەوەیدایە.

## بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:

دەرچووانی ئەم بەشە دەتوانن بەپیشەی مامۆستا دابمەزرێن لەخوێندنگا بنەڕەتیەکان، هەروەها دەتوانن لەدامودەزگا حکومییەکان و کەرتی تایبەت دابمەزرێن و کاربکەن.

# بابەت و یەکەکانی بەشی بیرکاری:

| قۆناغی یەکەم | | |
|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | زمانی ئینگلیزی(١) | ٦ |
| ٢ | گفتوگۆی ئەکادیمی | ٤ |
| ٣ | کوردۆلۆجی | ٤ |
| ٤ | دەرونزانی گشتی | ٤ |
| ٥ | تەکنۆلۆجیای زانیاری | ٤ |
| ٦ | Calculus | ٦ |
| ٧ | Finite Mathematic | ٤ |
| ٨ | Foundation of Mathematic | ٦ |

| قۆناغی دووەم | | |
|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | Linear Algebra | ٦ |
| ٢ | Probability and Statistics | ٨ |
| ٣ | Advance Calculus | ٦ |
| ٤ | Computer Programming (Optional) | ٤ |
| ٥ | Mathematics (Optional) | ٤ |
| ٦ | فەلسەفە و بنەماکانی پەروەدە | ٤ |
| ٧ | زمانی ئینگلیزی(٢) | ٠ |
| ٨ | ڕێنمایی و دروستی دەروونی | ٤ |
| ٩ | دەروونزانی گەشە | ٤ |

| قۆناغی سێیەم | | |
|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | Abstract Algebra | ٤ |
| ٢ | Mathematical Analysis | ٤ |
| ٣ | Numerical Analysis | ٦ |
| ٤ | Differential Equation | ٦ |
| ٥ | Computer (Optional) | ٤ |
| ٦ | ڕێبازەکانی توێژینەوە | ٤ |
| ٧ | پێوانە و هەڵسەنگاندن | ٤ |
| ٨ | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گشتی | ٤ |
| ٩ | دەروونزانی پەروەردەیی | ٤ |

| قۆناغی چوارەم | | |
|---|---|---|
| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
| ١ | ⁕Complex Analysis | ٥ |
| ٢ | ⁕General Topology | ٥ |
| ٣ | ⁕Axiomatic System and Geometry | ٥ |
| ٤ | Mathematics (Optional) | ٤ |
| ٥ | Computer (Optional) | ٤ |
| ٦ | بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی | ٤ |
| ٧ | ڕێگاکانی وانەوتنەوەی تایبەتی (بیرکاری) | ٤ |
| ٨ | بینین و جێ بە جێ کردن | ٦ |
| ٩ | توێژینەوەی دەرچوون | ٤ |

## بەشی باخچەی ساوایان

باخچەی ساوایان بەشێکە سەربە فاکەڵتی پەروەردەی بنەڕەت، لە ساڵی ٢٠١٢ بە فەرمانی وەزاری ژمارە ٦٦٧ن ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٧ و فەرمانی زانکۆیی ژمارە ٥٨٤ ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/٢٥ کراوەتەوە، یەکەم گرووپی خوێندکارانی وەرگرتووە ماوەی خوێندن لەم بەشەدا (٤) ساڵە و سیستەمی خوێندنی ساڵانە پەیڕەو دەکرێت، و دەرچوانی ئەم بەشە دەبنە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبواری پەروەردەکردنی منداڵ لە قۆناغی باخچەی ساوایان، لەئێستادا تەنها سێ قۆناغی خوێندنی هەیە ژمارەی خوێندکارانی قۆناغی یەکەم (٧٢) خوێندکار و خوێندکارانی قۆناغی دووەمی (٦٠)خوێندکارە بەشێوەیەکی گشتی ئەو بابەتانەی لەم بەشە دەخوێنرێت بریتین لە پەروەردەیی و سایکۆلۆجییەکانی وەک (دەروونزانی گشتی و دەروونزانی پەروەردەیی دەروونزانی منداڵ و فەلسەفە و بنەماکانی پەروەردە و بابەتگەلێکی تر)، کە پەیوەندییان بە پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر بنەماکانی زانستی و سەردەمییانە هەیە.

### دیدی باخچەی ساوایان:

١.دروست کردنی کادری زانستی بۆ بەشەکە، بە سوود وەرگرتن لەو دەرفەتانەی تواناسازی و ناردنە دەرەوەی مامۆستایان بۆ خوێندن.

٢.سوود وەرگرتن لە توانای کادرو مامۆستایانی زانکۆکانی تری کوردستان و بانگهێشت کردنیان بۆ سازدانی سمینار و کۆڕی زانستی.

٣.سازدانی گەشتی زانستی بۆ باخچە نموونەییەکانی کوردستان بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاشنا بوون لەگەڵ چۆنیەتی پراکتیزەکردنی سیستەمەکانی فێرکردن لە باخچەکاندا، بەهرەمەند بوون لە تواناکانی ئەوان.

### پەیامی باخچەی ساوایان:

١.ئامادەکردنی کادری پسپۆڕ بۆ کەرتی پەروەردە بە کوالێتیەکی بەرز بەمەبەستی وەگەڕ خستنیان لە باخچەکانی ساوایان و بەشداری پێکردنیان لە بنیاتنانی تاکێکی هۆشیار و

پەروەردەیەکی تەندروست.

٢.ئامادەکردنی توێژەری پەروەردەی ئەکادیمی بە مەبەستی هاوکاری کردنی کۆمەڵگە لە دەست نیشانکردن و بەدواداچوون کێشەکانیان و دۆزینەوەی چارەسەری زانستیانە بۆیان، بەشداری کردن لە گۆڕانێکی ئەزموونی.

### بواری کارکردن:

دەرچووانی بەشەکە دەتوانن وەک کادری پەروەردەیی و پیشەیی بۆ وەزارەتی پەروەردە و دامەزراوە پەروەردەییەکان کاربکەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجە پەروەردەیەکان لە قۆناغی باخچەی ساوایاندا، بەشێوەیەکی کارا و بەدیدێکی تازە و گونجاو لەگەڵ گۆڕانە هەمە لایەنەکانی ژیاندا بەدی بێنن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی باخچەی ساوایان:

**قۆناغی یەکەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | زمانی ئینگلیزی(١) | ٦ |
| ٢ | گفتوگۆی ئەکادیمی | ٤ |
| ٣ | کوردۆلۆجی | ٤ |
| ٤ | تەکنۆلۆجیای زانیاری | ٤ |
| ٥ | دەرونزانی گشتی | ٤ |
| ٦ | دەروونزانی منداڵ ١ (گەشەی جەستەیی و جوڵەیی) | ٤ |
| ٧ | پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی | ٤ |
| ٨ | فەلسەفە و بنەماکانی پەروەردە | ٤ |

**قۆناغی دووەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | دەروونزانی پەروەردەیی | ٦ |
| ٢ | دەروونزانی منداڵ ٢ (گەشەی هەڵچوونی و ئاکاری) | ٤ |
| ٣ | ئاماری پەروەردەیی | ٦ |
| ٤ | ڕێنمایی و درووستی دەروونی | ٤ |
| ٥ | پرۆگرامەکانی باخچەی ساوایان | ٤ |
| ٦ | بنەماکانی پەروەردەی هونەری | ٦ |
| ٧ | ئەدەب و چیرۆکی منداڵان | ٤ |
| ٨ | زمانی ئینگلیزی(٢) | ٠ |

**قۆناغی سێیەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | سایکۆلۆجیای یاری | ٦ |
| ٢ | دەروونزانی منداڵ ٣ (گەشەی زمان و زانەکی) | ٤ |
| ٣ | پێوانە و هەڵسەنگاندن | ٦ |
| ٤ | پەروەردەی تایبەت | ٤ |
| ٥ | ڕێگاکانی وانە وتنەوەی گشتی و تایبەت | ٦ |
| ٦ | ڕێبازەکانی توێژینەوە | ٤ |
| ٧ | مۆسیقا | ٦ |
| ٨ | ئامادە کردنی منداڵ بۆ خوێندن و نووسین | ٤ |

**قۆناغی چوارەم**

| ژ | ناوی بابەت | یەکە |
|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبردن لە باخچەی ساوایان | ٤ |
| ٢ | بیردۆزەکانی کەسیەتی | ٤ |
| ٣ | ڕۆشەنبیری تەندروستی و خۆراک | ٤ |
| ٤ | شانۆی منداڵ | ٦ |
| ٥ | فێرکردنی بیرکردنەوە | ٤ |
| ٦ | بینین و جێ بە جێ کردن | ٦ |
| ٧ | توێژینەوەی دەرچوون | ٤ |
| | | |

# فاکەڵتیی زانست

فاکەڵتی زانست دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمیە لە زانکۆی ڕاپەڕین کە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٣٧٧) لە بەرواری (٢٠١٤/١١/٢٤) وە فەرمانی زانکۆیی ژمارە (٦٨٠) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٣) کراوەتەوە، لەسەر بنەمایەکی تۆکمە و زانستی بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین.

فاکەڵتی زانست لە سێ بەش پێکدێت (بایۆلۆجی، کیمیا و فیزیا)،بەشی بایۆلۆجی ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) کراوەتەوە بەڵام بەشەکانی (کیمیا و فیزیا) ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) کراونەتەوە.

**دیدی فاکەڵتی:**

بەرز کردنەوەی توانای زانستی مامۆستایان و خوێندکاران بە شێوەیەکی زانستی و پێگەیاندنی کادیری ئەکادیمی بۆ کۆمەڵگا.

بەرز کردنەوەی ئاستی زانست و توێژینەوە لە زانکۆ و دەڤەرەکە بۆ ئاستێکی نێودەوڵەتی.

هاندانی توێژەران و مامۆستایان بۆ ئەنجام دانی توێژینەوەی زانستی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەڤەرەکە و کوردستانەوە هەبێت.

دروست کردنی پەیوەندی زانستی لەگەڵ دامەزراوە و زانکۆکانی کوردستان و نێودەوڵەتیەکان. ئەنجام دانی وۆرک شۆپ و کۆنفرانس و چالاکی تری زانستی.

**پەیامی فاکەڵتی:**

لە فاکەڵتی دا مامۆستای شارەزاو بە توانا کاردەکەن بە مەبەستی فێرکردن و پێگەیاندنی خوێندکار بە ئاستێکی بەرزی زانستی بە بەکارهێنانی تازەترین تەکنەلۆژیا، لە فاکەڵتی دا بە شێوەیەکی بەردەوام سمینار و وۆرک شۆپ ئەنجام دەدرێن بە مەبەستی بەیەکەوە بەستنی بەشە زانستیەکان و بەرزکردنەوەی توانای زانستی مامۆستایان و خوێندکاران.

هەموو پێداویستیە ماددی و زانستییەکان دابینکراون بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی بەشەکان.

**بواری کارکردنی دەرچووانی فاکەڵتی:**

هەر دەرچوویەک لە بەشە جیاوازەکانی فاکەڵتی توانستی کارکردنی هەیە لە دامەزراوە زانستی و پیشەیی و پەروەردەییەکاندا، لە خوێندنگە و نەخۆشخانە و تاقیگە و کارگە زانستییەکان. هەروا لە کوالێتیی کۆنترۆڵ و دامەزراوە پیشەسازییەکان دەرفەتی کاریان هەیە.

# بەشی بایۆلۆجی

بەشی بایۆلۆجی بەشێکی زانستییە و سەر بە سکوڵی زانستە لە زانکۆی ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە.ئەم بەشە لە ساڵی ( ٢٠١٢-٢٠١٣) دامەزراوە کە دەرچووانی ئامادەیی بەشی زانستین لەگەڵ خوێندکارە یەکەمەکانی پەیمانگای تەکنیکی / بەشی شیکاری نەخۆشیەکان و بەشی تەندروستی و کۆمەڵ وەردەگرێت.

پرۆگرامی خوێندن بریتییە لەو پرۆگرامەی کە لە سەرجەم بەشەکانی تری بایۆلۆجی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێ.

خوێندنی وانەکان بە زمانی ئینگلیزییە و بە تیۆری و پراکتیکی دەخوێندرێن بە سیستەمی ساڵانە

لە قۆناغی سێیەمی خوێندندا لە پشووی هاویندا خوێندکاران ڕاهێنانی کرداریان پێ دەکرێت لە تاقیگەی دام و دەزگا تەندروستی یەکاندا.

**دیدی بەشەکە:**

پێگەیاندنی کادری پێشکەوتووی شارەزا بە زانستەکانی ژیان لە بواری گیانەوەری و ڕووەکی و ژینگەییەوە هەریەک لە بوارەکانی مایکرۆبایۆلۆجی و مۆلیکیولەربایۆلۆجی و بۆماوەیی....هتد کە زانیاری پێویستن وە پەیوەندن بە ژیانی مرۆڤەوە لە هەردوو لایەنی باش و خراپییەوە.

**پەیامی بەشەکە:**

بەشەکەمان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران و مامۆستایان بە پێشکەشکردنی بەرنامەی پێشکەوتووی خوێندن و توێژینەوەکان لە سەر ئاستی وولات و بە ئاستی وولاتانی پێشکەوتوو کاردەکات.

**بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە**

دەرچوانی ئەم بەشە بەکالۆریۆس وەردەگرن لە زانستی بایۆلۆجی دا و لە تاقیگەکانی دام و دەزگا تەندروستی یەکاندا خزمەتدەکەن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی بایۆلۆجی:

| First Year | | | Second Year | | |
|---|---|---|---|---|---|
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | Zoology | ٦ | ١ | Histology and Embryology | ٦ |
| ٢ | Botany | ٦ | ٢ | Invertebrate and Parasitology | ٦ |
| ٣ | Computer Science | ٤ | ٣ | Biochemistry | ٦ |
| ٤ | Kurdology | ٤ | ٤ | General Entomology and Medical Entomology | ٦ |
| ٥ | Scientific Debate | ٤ | ٥ | General Microbiology | ٦ |
| ٦ | Analytical and Organic Chemistry | ٦ | ٦ | Plant Anatomy and Taxonomy | ٦ |
| ٧ | English Language | ٦ | ٧ | Algae and Archegonia | ٦ |
| | | | ٨ | English Language | ٠ |

| Third Year | | | Fourth Year | | |
|---|---|---|---|---|---|
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | Mycology and Plant Pathology | ٦ | ١ | Medical Bacteriology and Immunology | ٦ |
| ٢ | Molecular Biology | ٦ | ٢ | Virology and Microbial Physiology | ٦ |
| ٣ | Soil and Water Microbiology | ٦ | ٣ | Food and Industrial Microbiology | ٦ |
| ٤ | Animal Physiology | ٦ | ٤ | Comparative Anatomy and Chordates | ٦ |
| ٥ | Ecology and Pollution | ٦ | ٥ | Phycology and Plant Community | ٦ |
| ٦ | Plant Physiology | ٦ | ٦ | Genetics and Cell Biology | ٦ |
| ٧ | Biostatistics &research method | ٤ | ٧ | Research project | ٢ |

# بەشی کیمیا

بەشی کیمیا بەشێکی زانستیە سەر بە فەکەڵتی زانستە لە زانکۆی ڕاپەڕین. لە ساڵی (٢٠١٤) ز بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١١٩٨٩/٤) کراوەتەوە، خوێندن لەم بەشەدا بە زمانی ئینگلیزیەو وە سیستمی خوێندنیش سیستەمی ساڵانەیە، بەشێوەی پراکتیکی و تیۆری. بۆ یەکەم جار خوێندنی بەرایی بەکالۆریۆس لەساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥ ) زاینی دەستی پێکرد.

**دیدی بەشەکە:**

پێگەیاندنی پسپۆڕی شارەزا لە بواری (کیمیای ئەندامی، نائەندامی، شیکاری، فیزیایی، کیمیای ژیانی، پیشەسازی، ژینگە، خۆراک شیکردنەوە، ماددە سروشتیەکان، دەرمانسازی، چەندین بابەتی تر...)

**پەیامی بەشەکە:**

بەشەکەمان بە بەرزترین کواڵیتی خوێندن خوێندکارانی پێدەگەیەنێت بە بەکارهێنانی باشترین تەکنیکەکانی خوێندن و تاقیگە و ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئەوەی ببنە کەسانی چالاکی کۆمەڵگا لە بواری خۆیاندا و پێشرەو بن لە توێژینەوە و بازاڕی کاردا...

**بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە**

دەرچوانی ئەم بەشە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان پێ دەدرێت لە بواری زانستە بنچینەیەکانی کیمیا و دەتوانن وەکو تەکنیشن لە تاقیگەکانی تەندروستی و پیشەسازی و کوالیتی کۆنترۆڵدا کار بکەن.

## بابەت و یەکەکانی بەشی کیمیا:

| First Year | | | Second Year | | |
|---|---|---|---|---|---|
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | Analytical Chemistry I | ٨ | ١ | Organic Chemistry I | ٨ |
| ٢ | Inorganic Chemistry I | ٦ | ٢ | Physical Chemistry I | ٨ |
| ٣ | Physics | ٦ | ٣ | Inorganic Chemistry II | ٦ |
| ٤ | Scientific Debates | ٤ | ٤ | Analytical Chemistry II | ٦ |
| ٥ | Kurdology | ٤ | ٥ | Mathematics II | ٤ |
| ٦ | Mathematics I | ٤ | | | |
| ٧ | Computer | ٢ | | | |
| ٨ | Safety and Chemical Hazards | ٢ | | | |
| ٩ | English | ٦ | | | |

| Third Year | | | Fourth Year | | |
|---|---|---|---|---|---|
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | Organic Chemistry II | ٨ | ١ | Instrumental Analysis | ٨ |
| ٢ | Physical Chemistry II | ٨ | ٢ | Polymer Chemistry | ٨ |
| ٣ | Inorganic Chemistry III | ٨ | ٣ | Organic Identification | ٦ |
| ٤ | Biochemistry | ٦ | ٤ | Quantum Chemistry | ٤ |
| ٥ | Industrial Chemistry | ٤ | ٥ | Clinical Biochemistry | ٦ |
| ٦ | Optional Subject* | ٤ | ٦ | Optional Subject* | ٤ |
| ٧ | Training Course | ٢ | ٧ | Graduation Research | ٢ |

# بەشی فیزیا

بەشی فیزیا بە پێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە ١١٩٩٠/٤ لە ٢٠١٤/٦/١٧ دامەزراوە. ئەم بەشە لە زانکۆی ڕاپەڕین لە چوار ساڵی خوێندنی ئەکادیمی پێکدێت بۆ پێگەیاندنی خوێندکار/قوتابی لە پسپۆڕی فیزیادا و لە کۆتایی دا دەرچوانی ئەم بەشە دەبنە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس (Bachelor of Science)، بەم هۆیەشەوە کۆرسەکانی خوێندن لەم چوار ساڵەدا ئامادە کراون بۆ پێگەیاندنی پسپۆڕی وانەبێژی ئەکادیمی و توێژەری لێهاتوو و چەند بوارێکی تری کرداری لە بواری فیزیادا.

## دیدی بەشەکە:

بەشی (زانستی فیزیک) دەرچوانێک ئامادە دەکات بە کۆمەڵێک زانست، توانا و دیدێکی فیزیاویانە کە بتوانن لە ئاست و شوێنە جیاوازەکانی وڵاتەکەمان خزمەتێکی شیاو بکەن.

بەدی هێنانی ناوەندێکی هزری و زانستی بەهێز دەبێت کە توانای ئەنجامدانی توێژینەوەی پێشکەوتوو و بەرهەمهێنانی کادری کارا لە پسپۆریە زانستیەکان دەبێت.

## پەیامی بەشەکە:

خوێندنێک بە کوالیتی بەرزە ئامادەکراوە بۆ ئامادە کردنی کادرێکی بە توانا کە توانا شاراوەکانیان گەشە بکات و فامێکی گشتی لەسەر جیهانی کلاسیک (تەنە گەورەکان) و جیهانی کوانتەم (بچوکتر لە ماکرۆمیتر). لە گەڵ ئەوەش دا وەرگرتن و پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ لە بوار جیاوازەکانی فیزیک و خستنە ناوو ستافی بەش بۆ بەهێزکردن و دەوڵەمەند کردنی بەش لە بوارە جیاوازەکان.

## بواری کارکردنی دەرچووانی بەشەکە:

ئامادەکردن و پەروەردەکردنێکی فیزیاویانەی ئەو خوێندکارانەی کە قۆناغی بەکالۆریۆس تەواو دەکەن، بۆ ئەوەی توانای ئیشکردنیان لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان نیشان بدەن و لە خزمەتە گشتیەکان (بۆ نمونە: مامۆستای ئەکادیمیا، توێژەر) و پسپۆڕی تایبەتمەند (بۆ نمونە: بەکار هێنانی ئامێرەکانی تیشک لە نەخۆشخانەکان کاربکەن. هەروەها هاندانیان بۆ توێژینەوەی پێشکەوتوو لە زانستەکانی فیزیک.

# بابەت و یەکەکانی بەشی فیزیا:

| First Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| **No.** | **Subjects** | **Units** | **No.** | **Subjects** | **UnitS** |
| ١ | **Electricity and Magnetism. (١)** | ٤ | ١ | **Electricity and Magnetism (٢)** | ٤ |
| ٢ | **Mechanics and Properties of mater (١)** | ٥ | ٢ | **Mechanics and Properties of mater (٢)** | ٥ |
| ٣ | **Mathematics (١) (Calculus + Linear algebra)** | ٣ | ٣ | **Mathematics (٢) (Calculus + Linear algebra)** | ٣ |
| ٤ | **Computer Science. (١)** | ٢ | ٤ | **Computer Science. (٢)** | ٢ |
| ٥ | **Kurdology (١)** | ٢ | ٥ | **Modern physics** | ٣ |
| ٦ | **General English** | ٢ | ٦ | **Kurdology (٢)** | ٢ |
| ٧ | **Scientific Debate (١)** | ٢ | ٧ | **English for Physics** | ٢ |
| | | | ٨ | **Scientific Debate (٢)** | ٢ |

| Second Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Analytical Mechanics (١)** | ٣ | ١ | **Analytical Mechanics (٢)** | ٣ |
| ٢ | **Electrical Measurements (١)** | ٣ | ٢ | **Electrical Measurements (٢)** | ٤ |
| ٣ | **Thermodynamics & Statistical Physics(١)** | ٤ | ٣ | **Thermodynamics & Statistical Physics(١)** | ٤ |
| ٤ | **Atomic & Molecular Physics** | ٤ | ٤ | **Quantum Mechanics (١)** | ٣ |
| ٥ | **Waves and Optics** | ٢ | ٥ | **Medical Physics** | ٢ |
| ٦ | **Mathematics(٣) (Advance mathematics)** | ٣ | ٦ | **Mathematics (٤) (complex analyses)** | ٣ |
| ٧ | **Differential equation (١)** | ٢ | ٧ | **Differential equation (٢)** | ٢ |

| Third Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Quantum Mechanics(٢)** | ٢ | ١ | **Advanced Atomic Physics** | ٢ |
| ٢ | **Mathematical Physics (١)** | ٢ | ٢ | **Mathematical Physics(٢)** | ٢ |
| ٣ | **Electronics** | ٣ | ٣ | **Logic circuit & organic electronics** | ٢ |
| ٤ | **Radiation and dosimetery** | ٢ | ٤ | **Nuclear Physics (١)** | ٢ |
| ٥ | **Electromagnetism (١)** | ٢ | ٥ | **Electromagnetism (٢)** | ٢ |
| ٦ | **Practical Physics (Optics + electronic and logic circuit)** | ٢ | ٦ | **Practical Physics (Optics + electronic and logic circuit)** | ٢ |
| ٧ | **Programming (١) (C++ &Matlab)** | ٢ | ٧ | **Programming (٢) (Linux ،Java)** | ٢ |
| ٨ | **Quantum Mechanics(٢)** | ٢ | ٨ | **Scientific Debate (٢)** | ٢ |

| Fourth Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Radioisotopes in Medicine** | ٣ | ١ | **Advanced Nuclear Physics** | ٣ |
| ٢ | **Solid State Physics** | ٣ | ٢ | **Polymer Physics** | ٣ |
| ٣ | **Advanced Electromagnetic Theory** | ٢ | ٣ | **Digital signal processing** | ٢ |
| ٤ | **Advanced Quantum Mechanics** | ٢ | ٤ | **Nanotechnology** | ٢ |
| ٥ | **Laser & spectroscopy(١)** | ٢ | ٥ | **Laser & spectroscopy (٢)** | ٢ |
| ٦ | **Practical Physics (Nuclear Physics & Solid State + Laser)** | ٢ | ٦ | **Practical Physics (Nuclear Physics & Solid State +Laser)** | ٢ |
| ٧ | **Research methodology and Project** | ٢ | ٧ | **Research Project** | ٢ |

# سكوڵی پەرستاری

سكوڵی پەرستاری لە مانگی ٨ ی ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە، لە سەرەتایی كردنەوەی كۆلیجی پەرستاری سەر بە زانكۆی كۆیە بوو.

دواتر كە زانكۆی ڕاپەرین لە مانگی ١٠ ی ساڵی ٢٠١١ دامەزرا، بوو بەشێك لەم زانكۆیە.

لەگەڵ دروستبوونی شێوازی فاكەڵتی ئەم كۆلیجە بوو بە سكوڵ.

تا ئێستا ٣ خولی دەرچوونی هەیە، و هەروەها یەكەمین سكوڵ بوو لە سەر ئاستی زانكۆی ڕاپەرین كە خوێندنی باڵا-ماستەری كردۆتەوە، لە ئێستا ١٤ خوێندكاری ماستەر بەردەوامن لە خوێندن، لە ئاییندەیەكی نزیكدا خوێندنی دكتۆرا دەكرێتەوە بۆ پێگەیاندنی ستافی پێشكەوتوو، كە بتوانێت خزمەت بە كەرتی خوێندنی باڵا و كەرتی تەندروستی بكات لە هەرێمی كوردستان و دەڤەری ڕاپەرین بە تایبەتی.

## دیدی سكوڵی پەرستاری:

بەشداریكردن لە پێشخستن و بەرزكردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێمی كوردستان-عێراق، ئەویش بە دابینكردن و دەستەبەركردنی باشترین و بەرزترین كواڵیتی لە فێركردن و توێژینەوەی زانستی لە زانستی پەرستاری و زانستە تەندروستیەكان.

## پەیامی سكوڵی پەرستاری:

باشتركردن و دەستەبەركردنی بەرزترین ئاستی خوێندن لە ڕێی بەردەوامی بەرەوپێشبردنی فێركردن و توێژینەوەی كواڵیتی بەرز و خزمەتی كۆمەڵگا لە بواری پەرستاری، ئەمەش لە ژینگەیەكی زانستی، ئازادی لە بیروڕا، لە ژینگەیەكی كە خوێندكار چەقی فێربوونە.

بە شێوازی زانستی و پیشەیی. سكوڵی پەرستاری خوێندكار ئامادە دەكات بۆ ئەوەی ببێتە هاوڵاتیەكی بەرپرسیار بەرامبەر بە وڵات، خزمەت بە هاونیشتیمانیان بكات لە پسپۆریەكەی خویدا.

## بواری كاركردنی دەرچوانی سكوڵ:

هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستی پەرستاری (BSc of Nursing)، دەتوانن لە كەرتی گشتی و كەرتی تایبەت كار بكەن. لە سەرجەم پسپۆرییە جیاوازەكانی كەرتی تەندروستی:

١.نەخۆشخانەكان.

٢.كلینیكەكان.

٣.سەنتەرە پزیشكیەكان.

٤.پەیمانگەكان.

٥.ناوەندەكانی توێژینەوەی تەندروستی و پزیشكی.

٦.چەندان شوێنی تر كە پەیوەستن بە كەرتی تەندروستی.

## بابەت و یەکەکانی سکوڵی پەرستاری:

| First Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Introduction to Nursing** | ٤ | ١ | **Contextual English Grammar** | ٤ |
| ٢ | **Anatomy for Nurses (١)** | ٢ | ٢ | **Listening & Speaking** | ٢ |
| ٣ | **Physiology for Nurses (١)** | ٢ | ٣ | **Reading & Writing** | ٢ |
| ٤ | **Nutrition** | ٢ | ٤ | **English Morphology** | ٤ |
| ٥ | **English for Nurses (١)** | ٢ | ٥ | **English Fiction (١٩th and ٢٠th C.)** | ٢ |
| ٦ | **Computer Sciences (١)** | ٢ | ٦ | **English Phonology** | ٢ |
| ٧ | **Kurdology (١)** | ٢ | ٧ | **Approaches to ELT** | ٢ |
| ٨ | **Academic Debate (١)** | ١ | ٨ | **Developmental Psychology** | ١ |

| Second Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Fundamentals of Nursing (١)** | ٦ | ١ | **Fundamentals of Nursing (٢)** | ٤ |
| ٢ | **Adult Nursing (I)** | ٧ | ٢ | **Adult Nursing (٢)** | ٧ |
| ٣ | **Health Assessment** | ٤ | ٣ | **Pathophysiology** | ٢ |
| ٤ | **Microbiology (١)** | ٣ | ٤ | **Microbiology (٢)** | ٣ |
| | | | ٥ | **Preceptor ship ( Sumer Training)** | ٣ |

| Third Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Maternal and Newborn Health Nursing** | ٧ | ١ | **Pediatric Nursing** | ٦ |
| ٢ | **Pharmacology for Nurses (١)** | ٢ | ٢ | **Human Growth and Development** | ٤ |
| ٣ | **Psychology in Nursing** | ٢ | ٣ | **Pharmacology for Nurses (١)** | ٢ |
| ٤ | **Sociology in Nursing** | ٢ | ٤ | **Basic Research Methods** | ٢ |
| ٥ | **Biostatistics** | ٢ | ٥ | **Preceptor ship ( Sumer Training)** | ٣ |
| ٦ | **Health Promotion** | ٢ | | | |

| Fourth Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Family and Community Health Nursing** | ٥ | ١ | **Psychiatric & Mental Health Nursing** | ٦ |
| ٢ | **Critical Care Nursing** | ٥ | ٢ | **Consolidation of Nursing Practice** | ٤ |
| ٣ | **Epidemiology** | ٢ | ٣ | **Leadership & Nursing Management** | ٣ |
| ٤ | **Professional perspectives & ethical issues** | ٢ | ٤ | **Research Project** | ٣ |
| ٥ | **Research Project** | ١ | | | |
| ٦ | **Family and Community Health Nursing** | ٥ | | | |

# بەشی سامانی ئاژەڵ

بەشی سامانی ئاژەڵ بەشێکی زانستیە لە زانکۆی ڕاپەرین کەوا لە ساڵی ٢٠١٥ بەفەرمانی وەزاری (١٠٣٦٨/٤) لەبەرواری (٢٠١٥/٥/٢٦) ، بەشی سامانی ئاژەڵ لەشاری قەڵادزێیە و لەناو بینای فاکەڵتی پەروەردەدایە ، ئەم بەشە پێکهاتووە لە تاقیگەکانی:

| | |
|---|---|
| تاقیگەی پەلەوەر | poultry lab. |
| تاقیگەی خۆراکی ئاژەڵ | Animal nutrition lab. |
| تاقیگەی کیمیا | Chemistry lab. |
| تاقیگەی فەسلەجە | Physiology lab. |

بەشی سامانی ئاژەڵ لە ڕووی کارگێڕیەوە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەرینە.

**پەیامی بەشەکە:**

ئامادەکردنی کادری شارەزا و لێهاتوو لەپسپۆڕی سامانی ئاژەڵ بەپلەی بەکالۆریۆس، کە توانای هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە، داهێنان و بەدوادا چوون و بەکار هێنانی ئامێر و تەکنەلۆجیای سەردەم لە بواری سامانی ئاژەڵ، بۆ بنیاتنان و بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و نوێ ، تاوەکو ڕەنگدانەوەی دیار و بەرچاوی هەبێت لەبەرەو پێشبردن و خزمەتکردنی پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ، ئەمەش بۆخزمەتی کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی.

**دیدی بەشەکە:**

بەشی سامانی ئاژەڵ هەوڵدەدات بۆئەوەی ببێتە ناوەندێکی زانستی ئاست بەرز ،بۆ هاندان و بەرەو پێشبردنی پرۆسەی خوێندن و پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی ،هەروەها پێشکەش کردنی ڕاوێژو بیروڕای زانستی دروست و تازە بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری لە بواری سامانی ئاژەڵ و بەشداریکردن لە پەرەسەندن و بەرەو پێشبردنی ئابوری کوردستان و سنوری ئیدارەی ڕاپەرین بەتایبەتی لەڕێگای گرینگیدانی زیاتر بە سامانی ئاژەڵ.

**بواری کارکردنی دەرچوانی بەشەکە:**

دەرچوانی ئەم بەشە ناونیشانی (ئەندازیاری کشتوکاڵ)یان هەیە، و دەتوانن کاربکەن لە:-

أ- پرۆژەی حکومی وەک: وەزارەتی کشتوکاڵ/ بەڕێوەبەرایەتیەکانی سامانی ئاژەڵ، بەڕێوەبەرایەتی بەیتەری، بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری

ب- پرۆژەی تایبەت وەک: سەرپەرشتیاری پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر (هێلکە، گۆشت، سەرپەرشتیاری قەسابخانەی مریشک، سەرپەرشتیاری قەسابخانەی ئاژەڵی گەورە، سەرپەرشتیاری هەڵهێنەری جوجەڵە.

# بابەت و یەکەکانی بەشی سامانی ئاژەڵ

| First Year | | |
|---|---|---|
| | | |
| **No.** | **Subjects** | **Units** |
| ١ | **Zoology** | ٦ |
| ٢ | **Computer(Information Technology )** | ٦ |
| ٣ | **Analytical chemistry** | ٦ |
| ٤ | **English Language** | ٦ |
| ٥ | **Kurdology** | ٤ |
| ٦ | **Academic Debates** | ٤ |
| ٧ | **Principle of Animal Production** | ٦ |

| Second Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Animal Ecology** | ٣ | ١ | **Principle of Animal Building & Farm Machinery** | ٣ |
| ٢ | **Poultry Management** | ٣ | ٢ | **Dairy science and Technology** | ٣ |
| ٣ | **Principle of Field Crop** | ٣ | ٣ | **Agriculture Extension** | ٣ |
| ٤ | **Biochemistry** | ٣ | ٤ | **Range Management** | ٣ |
| ٥ | **Principle of Ichthyology** | ٣ | ٥ | **Animal Genetic** | ٣ |
| ٦ | **Applied Mathematics and Biostatistics** | ٦ | ٦ | **Microbiology** | ٣ |

| Third Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Feeds and Feeding** | ٣ | ١ | **Animal breeding** | ٣ |
| ٢ | **Agricultural Experimental Design & Analysis** | ٣ | ٢ | **Animal Physiology** | ٣ |
| ٣ | **Animal Hygiene** | ٣ | ٣ | **Fish culture** | ٣ |
| ٤ | **Physiology of Reproductive and Artificial Insemination** | ٣ | ٤ | **Animal and Poultry Disease** | ٣ |
| ٥ | **Meat Science & Technology** | ٣ | ٥ | **Ruminant Nutrition** | ٣ |
| ٦ | **Poultry production** | ٣ | ٦ | **Turkey and Aquatic Fowls production** | ٣ |
| ٧ | **Research Methodology** | ٢ | ٧ | **Summer Training** | ٣ |

| Fourth Year | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| First Course | | | Second Course | | |
| No. | Subjects | Units | No. | Subjects | Units |
| ١ | **Poultry Breeding** | ٣ | ١ | **Poultry Physiology** | ٢ |
| ٢ | **Coat technology & production** | ٣ | ٢ | **Animal Biotechnology** | ٢ |
| ٣ | **Poultry Nutrition** | ٣ | ٣ | **Poultry Product Technology** | ٢ |
| ٤ | **Sheep and Goats Production** | ٣ | ٤ | **Dairy &Beef Cattle Production** | ٢ |
| ٥ | **Fish health management** | ٣ | ٥ | **Economic of Animal Production Projects** | ٢ |
| ٦ | --------- | --- | ٦ | **Hatcheries and Hatching Management** | ٣ |
| ٧ | **Animal research Projects** | - | ٧ | **Animal research Projects** | ١ |
| ٨ | **Seminar** | - | ٨ | **Seminar** | ١ |

## فاكەڵتی پەروەردەی بنەڕەت/ ئێواران

فاكەڵتیی پەروەردەی بنەڕەت لەساڵی ٢٠١٢ خوێندنی ئێوارانی بۆ مامۆستایانی میلاكی وەزارەتی پەروەردە كردەوە، ئەمەش بە مەبەستی بەرزكردنەوەی توانستی مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم لە لایەنی زانستی و پیشەییەوە، دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە فاكەڵتییەكە. سەرەتا لەدوو بەشی كوردی و بیركاری پێكهاتبوو، دواتر لەساڵی ٢٠١٤ دوو بەشی تر بۆخوێندنی ئێواران زیاد كرا، كەبریتین لەبەشی زانستی گشتی و عەرەبی ، كەئەوانیش بەهەمان شێوە تایبەتن بۆ مامۆستایانی میلاكی وەزارەتی پەروەردە. خوێندن لەم فاكەڵتییە بۆ مەبەستی پیشەییە و بڕوانامەكە لە وەزارەتی پەروەردە وەک بەكالۆریۆس و جیاوكەكانی (ئیمتیازات) پەسەند دەكرێت، بەڵام ئامانج لێی بریتی نییە لە خوێندنی زیاتر و بڕینی قۆناغەكانی خوێندنی باڵا لە ماستەر و دكتۆرا.

## پێكهاتەی فاكەڵتی پەروەردەی بنەڕەت/ ئێواران

| زنجیرە | بەش | ساڵی كردنەوەی بەش | خوێندكارانی دەرچوو | كۆی خوێندكارانی بەش بۆ ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٤ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | كوردی | ٢٠١٢ | - | ٧٦ |
| ٢ | بیركاری | ٢٠١٢ | - | ٧٣ |
| ٣ | عەرەبی | ٢٠١٤ | - | - |
| ٤ | زانستی گشتی | ٢٠١٤ | - | - |

## كۆی خوێندكارانی خوێندنی ئێواران بۆ ساڵی ٢٠١٤-٢٠١٥

| قۆناغ / بەش | قۆناغی یەكەم | قۆناغی دووەم | قۆناغی سێیەم | قۆناغی چوارەم |
|---|---|---|---|---|
| كوردی ئێواران | ٢٥ | ١٠٤ | ٥٠ | ٢٨ |
| بیركاری ئێواران | ٢٠ | ٣٦ | ٤٢ | ١٨ |
| عەرەبی ئێواران | ٢٥ | ٦٢ | - | - |
| زانستی گشتی ئێواران | ٢٠ | ٢٨ | - | - |

# ئاماری گشتیی خوێندکارانی زانـــکۆی ڕاپەڕین ٢٠١٤-٢٠١٥

| کۆلێژ | بەش | قۆناغی یەکەم | قۆناغی دووەم | قۆناغی سێیەم | قۆناغی چوارەم | گشتی | کۆی فاکەڵتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەروەردەی بنەڕەتی | کوردی | ٨٠ | ٨٨ | ٦٢ | ٥٣ | ٢٨٣ | ١١٢٣ |
| | عربی | ٧٩ | ٧٨ | ٤٦ | ٤٥ | ٢٤٨ | |
| | بیرکاری | ٦٠ | ٧٧ | ٥٣ | ٠ | ١٩٠ | |
| | کۆمپیوتەر | ٤٣ | ٥٧ | ٥١ | ٠ | ١٥١ | |
| | کۆمپیوتەرو بیرکاری | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٠ | ٤٠ | |
| | باخچەی ساوایان | ٥٨ | ٩٤ | ٥٩ | . | ٢١١ | |
| زانستە مرۆڤایەتیەکان | میژوو | ٥٢ | ٣٧ | ٥٥ | ٥١ | ١٩٥ | ٦٨٣ |
| | جوگرافیا | ٨٧ | ٥٣ | ٥٥ | ٤٧ | ٢٤٢ | |
| | فەلسەفە | ٤٢ | ٤١ | ٢٤ | ٣١ | ١٣٨ | |
| | یاسا | ٥٩ | ٤٩ | ٠ | ٠ | ١٠٨ | |
| سکوڵی پەرستاری | پەرستاری | ٨٩ | ٦٨ | ٤٧ | ٣٦ | ٢٤٠ | ٢٤٠ |
| فاکەلتی زانست | بایولۆجی | ٤٧ | ٥٢ | ٣٥ | ٠ | ١٣٤ | ٢١٣ |
| | کیمیا | ٤٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٤ | |
| | فیزیا | ٣٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٥ | |
| پەروەردە | کوردی | ٧١ | ١٠٤ | ٩٠ | ٤٣ | ٣٠٨ | ٨٩٤ |
| | عربی | ٦٣ | ١٠١ | ٧٣ | ٤٩ | ٢٨٦ | |
| | ئینگلیزی | ٦٥ | ١٠٥ | ٧٥ | ٥٥ | ٣٠٠ | |
| بنەڕەتی ئێواران | کوردی | ١١٢ | ٤٩ | ٢٨ | ٠ | ١٨٩ | ٣٨٠ |
| | بیرکاری | ٣٦ | ٤٢ | ١٨ | ٠ | ٩٦ | |
| | عربی | ٦٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٦٤ | |
| | زانستی گشتی | ٣١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣١ | |
| کۆی گشتی | | ١٢١٧ | ١٠٩٥ | ٧٧١ | ٤٥٠ | ٣٥٣٣ | ٣٥٣٣ |

## بەڕێوەبەرایەتیی بەشە ناوخۆییەکان

بەر لە دامەزراندن و کردنەوەی زانکۆی ڕاپەڕین بەڕێوەبەرایەتییبەشەناوخۆییەکان نەبووە، بەڵام هەردوو هۆبەی بەشەناوخۆیی کوران و کچان لەرانیە و قەڵادزێ هەبووە کە سەر بەزانکۆی کۆیە بووە لەبەر ئەوەی دەڤەری ڕاپەڕین دوو کۆلێژی لێ بووە بەم شێوەیە: کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان لەرانیەو هەروەها کۆلێژی زمان لە قەڵادزێ کە سەر بەزانکۆی کۆیە بوون، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی ڕاپەڕین ئەو(٢) دوو هۆبەیە لەڕووی کارگێڕییەوە هاتەوە سەر زانکۆی ڕاپەڕین.

بەفەرمانی زانکۆیی ژمارە (٤٧٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٨/٢٥ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کراوەتەوە. لەسەرەتادا ئەو دوو هۆبەیەی لەخۆگرتووە کە ڕاستەوخۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکانە و لە لایەن یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆکاروباری خوێندکارانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، و لەگەڵ فراوانبوونی زانکۆ پێویستی کرد کە (٢) دوو هۆبەی تر بکرێتەوە بەمەبەستی جیاکردنەوەی بەشەناوخۆیی کوڕان و کچان لەیەکتری، بەنوسراوی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆکاروباری خوێندکاران بە ژمارە (٥٧١٣/٢٩/٧) لە ٢٠١٤/١٢/٣٠.

ناوی بەشە ناوخۆییەکان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

١- بەشەناوخۆیی (٥)پێنجی ئازار لەرانیە بۆ کوڕان.
٢- بەشی ناوخۆیی کچانی (شەهید گوڵەباخ) لە رانیە.
٣- بەشی ناوخۆیی کوڕانی (٤/٢٤) لە قەڵادزێ.
٤- بەشی ناوخۆیی کچانی (شەهید دایکە ئامینە) لە قەڵادزێ.

# پەیڕەوی بەشی ناوخۆیی زانکۆی ڕاپەڕین

**ماددەی (١):**

ئەم دەستەواژانەی خوارەوە لە هەر شوێنێکی پەیڕەوەکەدا بینرا، مەبەست لێیان واتای بەرامبەریانە تاکو ئەو کاتەی نیشانەیەک بە پێچەوانەی ئەمەوە دەردەکەوێت:

١- زانکۆ: زانکۆی ڕاپەڕین.

٢- پەیڕەو: پەیڕەوی بەشی ناوخۆیی زانکۆی ڕاپەڕین.

٣- سەرۆک: سەرۆکی زانکۆ.

٤- یاریدەدەری سەرۆک: یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران.

٥- ژوور: ژووری نیشتەجێبوون.

٦- بەڕێوەبەر: بەڕێوەبەری بەشەناوخۆییەکان.

٧- سەرپەرشتیار: سەرپەرشتیاری بەشی ناوخۆیی.

٨- بەرپرس (لێپرسراو): بەرپرسی هۆبە (لێپرسراوی هۆبە).

٩- بەش: بەشی ناوخۆیی زانکۆو هەرشوێنێک کە زانکۆ وەک بەشی ناوخۆیی دیاری بکات.

١٠- خوێندکار: خوێندکاری نیشتەجێ لە بەشی ناوخۆیی.

ماددەی (٢): ئامانجی ئەم پەیڕەوە بریتییە لە:

أ-گرتنەخۆی ئەو خوێندکارانەی کە دووریان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوشی خوێندنیان.

ب- فەراهەمکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان بۆ یارمەتیدانی خوێندکار بۆ فێربوون بە پێی توانا.

ج- ڕێکخستنی شێوازی نیشتەجێبوونو هەڵسوکەوتی خوێندکار لە بەشی ناوخۆیی، کە ماڵی دووەمیەتی.

ماددەی (٣): مەرجی وەرگرتنی خوێندکاران لە بەشی ناوخۆیی:

١- لەو خوێندکارانە بێت کە لە زانکۆمان وەرگیراونو بە بەردەوامی دەوامدەکەن، بۆیە ئەوانەی بە هۆی هەر پاساوێکی یاساییەوە لەسەر نمرەی (١٠٠) تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن، نایانگرێتەوە.

٢- شوێنی سەرەکیی ژیانی ئەوەندە دووربێت، کە نەتوانێت ڕۆژانە هاتوچۆی بۆ بکات، یان هاتوچۆکردنی کاریگەریی ڕاستەوخۆ بکاتەسەر ڕەوتی خوێندنی.

٣- ڕابردوو و ڕەفتاری پاک بێت.

٤- (بارمتە)ی دیاریکراو بدات، کە بۆ نیشتەجێبوون بۆی دیاریکراوە.

٥- بەڵێننامەیەک بنوسێت، کە تێیدا بەڵێن بدات بە پابەندبوونی بە یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانی زانکۆ، بە تایبەت پەیڕەوی بەشەناوخۆییەکان، و تەواوکردنی هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکانی تایبەت بە نیشتەجێبوون.

٦- وێنەیەکی نوێی (فۆتۆگرافی)ی خۆی پێشکەش بکات.

٧- سزانەدرابێت بە سزاکانی ماددەی (١٢) بڕگەی (٢/خ) لەم پەیڕەوەدا.

ماددەی (٤): کارگێڕیی بەشەناوخۆییەکان:

١-بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆ لە ڕووی کارگێڕییەوە پەیوەستە بە یاریدەدەری سەرۆک، و چەند هۆبەیەک لەخۆدەگرێت.

٢- بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆ سەرپەرشتیی کاروباری لێپرسراوی هۆبەکانی بەشی ناوخۆیی کوڕانو کچان لە زانکۆدا دەکات، هەر هۆبەیەکی بەشی ناوخۆیی لێپرسراوێکی هەیە، کە ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە ڕێکخستنو سەرپەرشتیکردنی هۆبەکەی.

٣- بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکان لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوەدەبرێت، کە باشتروایە مامۆستای بواری پەروەردە بێت لە زانکۆ، یان لانیکەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، هەروەها وا باشترە تەمەنی پێگەیشتوویێتو هاوسەرگیری کردبێت.

ئەرکو دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری بەشەناوخۆییەکان:

أ- دیاریکردنی توانای هۆبەکانی بەشی ناوخۆیی زانکۆ بۆ لەخۆگرتنی خوێندکاران بە ڕەچاوکردنی ئاستی حەوانەوەو خوێندن، بۆ ئەوەی لە داڕشتنی پلانی وەرگرتنی خوێندکاران، بۆ ساڵی نوێی خوێندن سوودی لێوەربگیرێت.

ب- هەوڵدان بۆ دابینکردنی بینا بۆ نیشتەجێبوونی خوێندکارانو دەستنیشانکردنی گرفتەکانیانو چارەسەرکردنیانو بەردەوامپێدانی کاروبارەکانیان.

ت- کارکردن بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییە ماددیو مەعنەوییەکان، کە پێویستن بۆ نیشتەجێبوونی خوێندکاران لە بەشی ناوخۆیی.

پ- سەرپەرشتیی تەواوی واقعی حاڵی بەشەناوخۆییەکانو چاودێریی چاککردنەوەو دابینکردنی پێداویستییەکان.

ج- ئامادەکردنی لیستی پێداویستیو کەموکوڕیی هۆبەی بەشی ناوخۆیی لە کۆتایی مانگی حوزەیران (٦)و پێشکەشکردنی بۆ سەرووی خۆی، بۆ چارەسەرکردنی پێش دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن.

خ- گواستنەوەی خوێندکاران لە ژورێکەوە بۆ ژوورێکی تر، لە کاتی هەبوونی هۆکاری ڕەوا (سبب مشروع) کە لەلایەن لێپرساوی هۆبەی بەشی ناوخۆییەوە دەکرێت، دوای پێدانی زانیاری لەلایەن فەرمانبەران، یان چاودێرەکانەوە.

٤- چاودێریکردنو گرنگیدان بە لایەنی تەندروستیو سەلامەتیی بەشەناوخۆییەکان بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکانی تەندروستی، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیو سەلامەتیی زانکۆو بەڕێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانی لە ڕێگەی بنکەی تەندروستیی زانکۆوە.

٥- ئەنجامدانی پشکنینی هەفتانە یان مانگانە بۆ ژوورەکانی خوێندکاران ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی کە پاکوخاوێن نین، هەروەها سوپاسکردنی ئەو خوێندکارانەی کە پاکوخاوێنی دەپارێزن، بە بڵاوکردنەوەی ناوەکانیان لە تابلۆی ئاگادارییەکان.

٦- سەرپەرشتیکردنو ڕێکخستنی هۆڵی تەلەڤزیۆنو ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سودیان لێوەربگیرێت، ئەویش بە دیاریکردنی کاتو چۆنێتیی بەکارهێنانیان.

٧- وەرگرتنی بارمتەی نیشتەجێبوونی خوێندکار بە پسوڵەی ڕەسمیو بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی دارایی زانکۆ.

٨- دیاریکردنی ژورێکی جیاواز لە دەرەوەی بەشەناوخۆییەکان بۆ پێشوازیکردنو چاوپێکەوتنی کەسوکاری خوێندکاران.

٩- تەنها خوێندکار لە بەشی ناوخۆیی جێگیردەکرێت، بە پێچەوانەوە هیچ کەسێکی تر ڕێگەی پێنادرێت، تەنها ئەگەر هاتو سەرۆکایەتیی زانکۆ بە نوسراو ڕەزامەندی دەربڕی، و نیشتەجێبونەکەش کارنەکاتەسەر ڕەوشی خوێندکاران.

١٠- بۆ هەریەک لە بەشی ناوخۆیی کوڕانو کچانی زانکۆمان لە ڕانیەو بەشی ناوخۆیی کوڕانو کچان لە قەڵادزێ هۆبەیەک هەیە، کە لە رووی کارگێڕییەوە پەیوەستن بە بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرپرسن لە کاروباری بەشو سەرپەرشتیکردنی لە رووی پاکوخاوێنیو ڕێکخستنو بەکارهێنانی بەشی ناوخۆیی بە شێوەیەکی دروست لەلایەن خوێندکارانی نیشتوجێبووەوە، و چاودێریکردنی هەڵسوکەوتو جلەوگیریو لێپرسینەوەیان لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەک لە بەشی ناوخۆیی.

١١- دروستکردنی باج بۆ خوێندکاران.

ماددەی (٥): سەرپەرشتیو چاودێری:

١- سەردانکردنی مانگانەی یاریدەدەری سەرۆک بە مەبەستی ئاگاداربوون لە واقعی حاڵی بەشی ناوخۆییو چارەسەرکردنی کێشەو کەموکورتییەکان.

٢- سەردانکردنی بەردەوامی هەفتەی چەند جارێکی بەڕێوەبەری بەشەناوخۆییەکان بۆ هەموو هۆبەکانی بەشی ناوخۆیی.

ماددەی (٦): پاسەوان:

١- لە هەر بەشێکدا پۆلیس پاسەوانیدەکات، و باشتروایە پاسەوانی بەشی ناوخۆیی کچان لە ڕەگەزی (مێ) بن، هەروەها ڕەچاوی باری کۆمەڵایەتیی پۆلیس بکرێت، واتە (خێزاندار) بێت یان نا.

٢- پێویستە ژووری پۆلیس لە دەرەوەی بەشی ناوخۆییو لە بەردەم دەرگای سەرەکیی بەشی ناوخۆیی بێت.

٣- پۆلیس بە هیچ شێوەیەک نابێت بچێتەناو بەشی ناوخۆیی، تەنها ئەگەر لەلایەن لێپرسراوی بەش داوای لێبکرێت لە کاتی ڕوودانی شەڕو ئاژاوە، یان ڕووداوێکی نەخوازراودا.

٤- پێویستە لەسەر پۆلیس تەنها ڕێگە بە خوێندکارانی نیشتەجێی بەش بدات بۆ چوونەناو بەشەوە، بە باجی بەشی ناوخۆییەوە.

ماددەی (٧): کاری پاککردنەوە:

١- پێویستە ڕۆژانە بەش پاکبکرێتەوە جگە لە ڕۆژانی هەینی.

٢- پاککردنەوە دەبێت لەکاتێکدا بێت کە خوێندکار لە بەش نەبێت، واتە لە دوای کاتژمێر (٨)ی بەیانییەوە دەستپێبکات، یان هەرکاتێکی تر کە پێویست بوو.

**ماددەی (٨): ڕێکخستنی نیشتەجێبوونی خوێندکار لە بەشی ناوخۆیی:**

**١- نیشتەجێبوونی خوێندکار لە بەش بە فۆڕمێک ڕێکدەخرێت.**

**٢- شوێنی نیشتەجێبوون ئەو شوێنەیە کە زانکۆ دیاریدەکات.**

**٣- بەڵێننامە لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی زانکۆ لە خوێندکار وەردەگیرێت.**

**٤- بڕێک پارە وەک بارمتە لە خوێندکار وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی زیانگەیاندن بە کەلوپەلی بەش لەو بڕەپارەیە کەلوپەلەکان چاکبکرێنەوە (بڕی پارەکە لەلایەن سەرۆکی زانکۆوەو بە راوێژ لەگەڵ یاریدەدەری سەرۆک بۆ کاروباری خوێندکاران دیاریدەکرێت)، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەکان، و بەپێی ڕێکارە یاساییەکانو بە چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری دارایی وەردەگیرێت، لە کۆتایی تەواوکردنی خوێندنیش ئەگەر خوێندکار هیچ زیانێکی بە کەلوپەلی بەش نەگەیاندبوو، پارەکەی بۆ دەگێڕدرێتەوە.**

**٥- جەناح یان نهۆمەکان بەپێی پسپۆڕیی خوێندنی خوێندکاران دابەشدەکرێن، پێویستە خوێندکاری هەمان ژوور لە هەمان بەشو سکۆڵی زانکۆ بن، بۆ نمونە خوێندکاری مێژوو لەگەڵ مێژوو، ماتماتیک لەگەڵ ماتماتیک.**

**٦- لە کاتی زیانگەیاندن بە کەلوپەلی زانکۆ، خوێندکار دووهێندەی بڕی پارەی چاککردنەوەی لێوەردەگیرێت، بەڵام ئەگەر ئەو خوێندکارەی کە زیانەکەی گەیاندووە نەناسراو بوو، ئەوا چاککرنەوەی کەلوپەلەکە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو خوێندکارانی ژوورەکە، یان چێشتخانەکە، ئەو ڕێڕەوە، یان ئەو گەرماوەی کە ئەو کۆمەڵە خوێندکارە بەکاریدەهێنن.**

**٧- دەرگای بەشی ناوخۆیی کوڕان لە کاتژمێر (١١)ی شەو لە هاویناو (١٠)ی شەو لە زستاندا دادەخرێت، سەبارەت بە بەشی ناوخۆیی کچانیش، کاتژمێر (٧)ی ئێوارە لە هاویناو (٥)ی ئێوارە لە زستاندا دادەخرێت.**

**٨- ئەگەر خوێندکار (کوڕ یان کچ) ویستی شەو لای ماڵی خزمێک، یان ناسیاوێکی بمێنێتەوە پێویستە سەرپەرشتیار ئاگاداربکاتەوە، مۆڵەت وەربگرێت، ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتنی فۆرمێکی تایبەتەوە،کە دەبێت واژۆبکرێت لەلایەن ئەو کەسەی کە خوێندکارەکە لە ماڵی دەمێنێتەوە، هەروەها پێویستە سەرپەرشتیار وێنەیەک لە مۆڵەتەکە هەڵبگرێت لە دۆسیەداو بە تەلەفۆن بەخێوکەری خوێندکارەکەی لێ ئاگاداربکرێتەوە. خوێندکاری کچ تەنها دەتوانێت لەماڵی خزمانی بمێنێتەوە، بە مەرجێک پلەی نزیکایەتییەکەی (درجه القرابه) لە پلە (٤) تێپەڕنەکات، بە هەمان ڕێوشوێن.**

**٩- ئەگەر خوێندکار جگە لە ڕۆژانی پشووی ڕەسمی (کە خوێندکاران تێیدا دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە) نەهاتبوو بۆ بەشی ناوخۆیی، بەخێوکەری خوێندکارەکە ئاگاداردەکرێتەوە.**

**١٢- پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت بە بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوونو گەڕانەوە بۆ ماڵ لە کاتی پشووی ڕەسمی یان کۆتایی هەفتە، کە کۆپییەک دەدرێتە خوێندکار و کاتی گەڕاندنەوەی دەیداتە کارگێڕیی بەش بە مەبەستی دڵنیابوونەوە.**

**١٣- ڕێگەنادرێت بە چوونەژوورەوەی سەردانیکاران بۆ بەشی ناوخۆیی، بەڵکو پێویستە لە هۆڵی پێشوازیدا خوێندکار ببینرێت دوای وەرگرتنی پێناس لە کەسی سەردانکار، و ڕێگە بە هیچ پیاوێک نادرێت سەردانی خوێندکاری کچ بکات تەنها ئەگەر لە کەسانی نزیکی بێت، ئەویش دوای تۆمارکردنی ناوەکەیو ئاگادارکردنەوەی بەخێوکەرەکەی بە نوسراوی ڕەسمی.**

**١٤- ڕێگەنادرێت بە چوونەژوورەوەی هیچ لایەنو کەسێک، تەنها ئەگەر بۆ هەندێک دۆخی پێویست نەبێت، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەکاندا.**

١٥- ئەنجامدانی هەموو کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکییەکی سیاسیو حزبیو ئایینی لەناو بەشی ناوخۆیی قەدەغەیە، هەروەها هەڵواسینی پۆستەرو لافیتەیەکی بەدەر لە لایەنی ئەکادیمی لەناو بەشی ناوخۆییو دیواری بەشی ناوخۆیی قەدەغەیە.

١٦- دانانی کامێرای چاودێری لەناو ڕاڕەوو ژوورەکانی بەشی ناوخۆیی قەدەغەیە، بەڵام دەکرێت بۆ پاراستنی ئاسایشی بەشی ناوخۆیی لە دەرەوەی بینای بەشی ناوخۆیی کامێرای چاودێری دابنرێت.

١٧- پێویستە سەرپەرشتیارو کرێکاری پاککەرەوەی بەشی ناوخۆیی کچان لە ڕەگەزی (مێ) بنو چوونی ڕەگەزی (نێر) بۆ بەشی ناوخۆیی کچان قەدەغەیە، تەنها لە کاتی پێویست دا نەبێت، ئەویش دوای ئاگادارکردنەوەی خوێندکاران لە حاڵەتەکە.

ماددەی (٩):

١- پێویستە خوێندکار:

(أ).ڕێز لە بەرپرسو کارمەندانی هۆبەی بەشی ناوخۆیی بگرێتو نابێت هیچ ڕەفتارێک بنوێنێت، کە لە ئەدەبەوە دووربێت.

(ب).پارێزگاری لە پاکوخاوێنیی ژوورو ڕاڕەوو بەشەکەی بکات.

(ت).پارێزگاری لە سەرجەمی کەلوپەلەکانی بەش بکات، و کەلوپەلی تایبەتی ژووریش لە ئەستۆی ئەندامانی ژوورەکەدایە.

(پ).پابەندبێت بە کاتی دیاریکراو بۆ گەڕانەوەی بۆ بەش.

(ج).باجی تایبەت بۆ بەشی ناوخۆیی بەکاربهێنێتو لە هەر کاتێک کە داوای لێبکرێت پیشانی بدات.

(ح).چێشتو چا تەنها لەناو چێشتخانەدا ئامادەبکات.

(خ). لە کاتی بەجێهێشتنی بەش ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت، سەرپەرشتیار ئاگاداربکات (جگە لە ڕۆژانی پشوو).

(د).گشت گڵۆپو ئامێرە کارەباییەکان دوای بە جێهێشتنی بەشی ناوخۆیی بکوژێنێتەوە.

(ژ).پرسوخواس بکرێت بە تەنیاو بە کۆ بەرامبەر خراپکردنو بزربوونی هەر کەلوپەلێکی بەشەناوخۆییەکان،و ئەستۆپاکیان پێنادرێتو ناشتوانێت لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بڕوات تا کەلوپەلەکە دەگەڕێنرێتەوە، یان نرخەکەی دەدرێت.

(ر).ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار وەربگیرێت لە کاتی هەبوونی ویست بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی دەستەجەمعی (گشتی) لە شوێنی نیشتەجێبوون دا.

(ز). لە کاتی هەبوونی هەر گرفتو خراپبونێک لەناو ژوور وکەلوپەلە گشتییەکان، سەرپەرشتیار ئاگاداربکاتەوە و فۆرمی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە پڕبکاتەوە.

(س).خۆی بەرپرس بێت لە پارێزگاریکردن لە کەلوپەلو پێداویستییە کەسییەکانی خۆی، و نابێت کەلوپەلی بەنرخ لە دوای کۆتاییهاتنی کۆرسی خوێندن لە شوێنی نیشتەجێبوونی جێبهێڵێت.

(ش). دەست بە ئاوو کارەباوە بگرێت.

٢- بۆ خوێندکار قەدەغەیە:

(أ).دوای داخستنی دەرگای بەش بچێتە دەرەوە، تەنها لە حاڵەتی کتوپڕو نەخۆشیدا نەبێت، یان بوونی هۆیەکی قایلکەر دوای ڕەزامەندیی سەرپەرشتیاری بەش‌و جێگیرکردنی ڕۆیشتنەکەی لە تۆماری رەسمی دا.

(ب).کەلوپەل لە ژوورێکەوە بگوازێتەوە بۆ ژوورێکی تر، یان بیانگۆڕێت.

(ت).لەسەر دیوار بنوسێت، یان بزمار دابکوتێت.

(پ).چەک، یان هەر ماددەیەکی زیانبەخش بهێنێتە ناو بەش.

(ج). تەلەفزیۆنو سەتەلایتی تایبەت لە ژوورەکان دابنێت.

(ح). نێرگەلە بهێنێتە بەش.

(خ). دەنگی رادیۆو تەسجیل بەرزبکاتەوە.

(د).جگەرە لە ژوورو ڕاڕەو و هۆڵەکانی بەش بکێشێت.

(ژ).سەیارەی تایبەت بهێنێتەژوورەوە.

(ر).هەر جۆرە ئاژەڵێک بهێنێتەژوورەوە .

(ز).یاری بە کەلوپەل‌و ئامێری بەشەناوخۆییەکان بکات، یان بە بێ پرس دەستکاریان بکات.

(س).هەر هەڵسوکەوتێک کە ئاوبانگی شوێنی نیشتەجێبوون بخاتە ژێر پرسیارەوە، یان پێچەوانەی دابونەریتو بنەماکانی زانکۆ بێت.

(ش).لە باڵکۆنو لەو بەشەناوخۆییانەی کە هەردوو رەگەز لەخۆدەگرێت، دەربکەوێت.

(ص).گەمە ئاگرینەکان یان هەر شتێکیش کە ئاگری لێبکەوێتەوە، لەناو بەش بەکاربهێنێت.

(چ). ئەو ئامێرە کارەباییانەی کە ڕێگە پێدراونین، بەکاربهێنێت.

(گ).هەرجۆرە پەرتوکو گۆڤارو وێنەیەک کە دژی ئادابی گشتی و دابونەریتی زانکۆیە، هەڵبگرێت یان هەڵبواسێت.

(ڤ).ئامێری کەسی، بە شێوەیەک کە زیانی لێبکەوێتەوە، خراپبەکاربهێنێت.

(ع). هەر هەواڵ یان ئاگاداری یان نوسراوێک هەڵبواسێت تاکو سەرپەرشتیار ڕەزامەند نەبێت لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان.

(غ). هەرجۆرە بۆنێک ئەگەر بەلای خاوەنەکەشیەوە خۆشبێت، لەخۆی بدات یان بڵاوبکاتەوە.

(ف).هەر جلوبەرگێکی نەشیاو لە دەرەوەی ژوورەکەی بپۆشێت.

(ق).شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەر شتێک کە بەدەربێت لە ئامانجەکانی ئەم پەیڕەوە، بەکاربهێنێت.

**ماددەی (١٠): نیشتەجێکردنی هاوینە:**

**دوای ئاگادارکردنەوەی لەلایەن راگرایەتیی ئەو فاکەڵتییانەی کە خولی هاوینە یان مەشقی هاوینەیان هەیە، یاریدەدەری سەرۆک فەرمان بە پێدانی بەشی ناوخۆیی دەکات بۆ ئەو خوێندکارانە لە هاوین دا، یان هەر کەسو گروپێکی تر کە سەرۆکایەتیی زانکۆ رەزامەندی لەسەر بدات بە فەرمان.**

**ماددەی (١١): تۆمارەکان:**

**• لەهەموو هۆبەیەکی بەشی ناوخۆیی پێویستە ئەم تۆمارانە هەبن:**

**١- تۆماری ناوی چواریی خوێندکارانو فاکەڵتیو سکوڵو بەشو قۆناغی خوێندنو ناونیشانی نیشتەجێبوونو ناوو ناونیشانی بەخێوکەرو ژمارە تەلەفۆنەکانیان.**

**٢- تۆماری نەهاتنو دواکەوتن (الغيابو التأخير).**

**٣- تۆماری سەردانکاران.**

**٤- تۆماری سەرپێچییەکانو پارەی پێبژاردنەکانیان.**

**٥- تۆماری سەردانی رەسمی.**

**٦- تۆماری کەلوپەلو ئامێرو دەزگاو پێداویستییەکانی نیشتەجێبوون.**

**٧- تۆمارێک بۆ ئەو خوێندکارانەی کە توشی رووداو یان نەخۆشی دەبنو دەبرێن بۆ بنکەی تەندروستی یان نەخۆشخانە.**

**ماددەی (١٢): (لێپێچینەوەو سزا):**

**یەکەم: لێپێچینەوە:**

**(أ).پابەندنەبوون بە یاساو رێنماییە زانکۆییەکان، بە تایبەت پەیڕەونەکردنی هەر ماددە یان بڕگەیەک لەم پەیڕەوە بە سەرپێچی هەژماردەکرێ.**

**(ب).لە کاتی روودانی هەر سەرپێچییەک دا، سەرپەرشتیار یان چاودێر دوای سەلماندنی سەرپێچییەکە لێپرسراوی هۆبە ئاگاداردەکاتەوە، بۆ لێکۆڵینەوەی سەرەتاییو بەرزکردنەوەی بۆ بەرێوەبەرو دواتریش بۆ یاریدەدەری سەرۆک لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا راستەوخۆ لە دوای روودانی، بە مەبەستی گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو.**

**دووەم: سزا:**

**أ- وریاکردنەوە (التنبيه)ی زارەکی یان نوسراو.**

**ب- ئاگادارکردنەوە (الانذار).**

**ت- سەرزەنشتکردن (التوبيخ).**

پ- پێبژاردن (الغرامە)، ئەویش بارتەقای ئەو زیانە مادییەی کە گەیاندوویەتی.

ج- بێبەشکردن لە بەش بۆ ماوەی کاتی، لە هەفتەیەک کەمتر نەبێتو لە مانگێک زیاتر نەبێت.

ح- بێبەشکردن لە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ماوەیەک، لە مانگێک کەمتر نەبێتو لە ساڵێکی خوێندن زیاتر نەبێت.

خ- دەرکردنی بە شێوەی کۆتایی لە شوێنی نیشتەجێبوون.

سێیەم: خوێندکار لە بەشی ناوخۆیی بێبەشدەکرێتو دووردەخرێتەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

١) ئەگەر کارێکی ئەنجامدا لەگەڵ دابونەریتو خورەوشتی کۆمەڵ نەگونجا.

٢) خواردنەوەی مادەی سەرخۆشکەرو بێهۆشکەر لەناو بەشی ناوخۆییدا.

٣) نانەوەی شەڕو ئاژاوە لە بەشی ناوخۆیی، یان دەستدرێژیکردنەسەر فەرمانبەرانو سەرپەرشتیارانی بەشی ناوخۆیی.

٤) حوکمدرابێت بە تاوانێک، یان کەتنێک دژی شەرەف.

چوارەم: ڕێوشوێنی تایبەت بە دەرکردنی سزا:

(أ) سەپاندنو جێگیرکردنی سزاکان بە پێی تایبەتمەندیو دەسەڵات دەبێت.

(ب) دەبێت قەبارەی سزاکە لەگەڵ قەبارەی سەرپێچییەکە بگونجێت، پێشینەو بارودۆخی سەرپێچییەکەش لەبەرچاودەگیرێت.

(ت) نابێت خوێندکار دوو سزای بەسەردا بسەپێندرێت لەسەر یەک سەرپێچی، بەڵام هەرکاتێک زیانی مادی هەبێت ئەوا پێی دەبژێردرێت (غەرامەدەکرێت) بارتەقای زیانەکە بە تەواوی، واتە گێڕانەوەی پارەکە بۆ دۆخی جارانی.

(پ) یاریدەدەری سەرۆک ئەوە دیاریدەکات، لێکۆڵینەوە لە بابەتەکەدا دەکات.

(ج) یاریدەدەری سەرۆک واژۆ لەسەر سزاکانی مادەی (٢/١٢) بڕگەکانی (أ-ح) دەکات.

(ح) هیچ کام لەو سزایانە ناسەپێندرێن تا لێکۆڵینەوە بە شێوەیەکی نوسراو نەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی وتەی خوێندکارو مۆڵەتپێدانی مافی بەرگریکردنی لە خۆی، لە بەرامبەردا ئەگەر خوێندکار دوای ئاگادارکردنەوەی بە نوسراو ئامادەنەبوو بۆ لێکۆڵینەوە بەبێ هیچ پاساوێکی قایلکەر، ئەوا مافی قسەکردنی نامێنێتو بەبێ ئامادەبوونی خۆی بڕیاری لەسەر دەدرێت، کە بە شێوەی پێشنیاز بەرزدەکرێتەوە بۆ یاریدەدەری سەرۆک، بێجگە لە بڕگەی (خ) کە لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆوە دەبێت.

(خ) بڕیاری کۆتایی تایبەت بە سزا لە تابلۆی ئاگادارییەکان (لوحە الاعلانات)ی بەش هەڵدەواسرێت بۆ ماوەیەک کە نابێت کەمتر بێت لە هەفتەیەک.

(د) کەسوکاری خوێندکار لە سەرپێچییەکەو بڕیاری کۆتایی ئاگاداردەکرێتەوە.

(ژ) بڕیارەکە لە دۆسیەی کەسیی خوێندکاردا دەپارێزرێت، و وێنەیەکیش دەدرێتە ڕاگرایەتیی فاکەڵتیو بەشەکەی،و بەڕێوەبەریش ڕاستەوخۆ کەسوکاری خوێندکار بە نوسراو ئاگاداردەکاتەوە.

(ر) خوێندكار مافی (تظلم)ی هەیە لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە دوای ئاگاداربوونی لە ناوەڕۆكی بڕیارەكە لە بەرانبەر یاریدەدەری سەرۆك، كە لە حاڵەتی پێویست بەرزدەكرێتەوە بۆ ئەنجومەنی زانكۆو ئەوكاتە بڕیارەكە كۆتایی دەبێت.

(ز) ئەو بڕیارانەی یاریدەدەری سەرۆك دەیاندات كۆتایین، دوای كۆتاییهاتنی ماوەی (تظلم) هیچ لایەنێك مافی تێهەڵچوونەوەی نیە.

ماددەی (١٣): كۆتاییهاتنی نیشتەجێبوون:

١- لەم بارانەی خوارەوە نیشتەجێبوون كۆتایی دێت:

أ- كۆتاییهاتنی هەر ساڵێكی خوێندن.

ب- پاشگەزبوونەوەی خوێندكار لە وەرگرتنی شوێنی نیشتەجێبون، یان دواخستنی خوێندن، دوای تێپەڕاندنی ڕێوشوێنی یاسایی.

ج- سزادانی خوێندكار بۆ ماوەی وەرزێكی خوێندن یان زیاتر.

٢- پێویستە لەسەر خوێندكار لەكاتی كۆتاییهاتنی ماوەی نیشتەجێبووندا ژوور وكەلوپەلەكانی بداتەوە بە كارگێڕی، و فۆرمی تایبەتی بۆ پربكرێتەوە (استماره الاستلام والتسليم).

٣- لەكاتی هەبوونی هەر كەموكوڕییەك، خوێندكار بارتەقای كەموكوڕییەكە بەرپرسە.

ماددەی (١٤):

پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتیی بەشەناوخۆییەكان ساڵانە لە سەرەتای دەوامەوە، خوێندكاران لە ناوەڕۆكی ئەم ڕێنماییانە ئاگاداربكاتەوە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی سیمیناری گشتی.

ماددەی (١٥):

بۆ هەر ڕێكارێكی تری پێویست كە لەم پەیڕەوەدا باسنەكراوە كار بە یاساو ڕێنماییە پەیوەندیدارو جێبەجێكراوەكانی تر دەكرێت.

ماددەی (١٦):

كار بەم ڕێنماییانە دەكرێت لە دوای پەسەندكردنی لەلایەن ئەنجومەنی زانكۆوە،و ئاگاداركردنەوەی خوێندكاران لە ناوەڕۆكەكەی لە ڕێگەی وێبسایتی زانكۆوە.

<u>ئەم پەیڕەوە:</u>

سەرەتا لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٣ - ٢٠١٤) بە ناونیشانی (سیستمی ناوخۆیی بەشەناوخۆییەكانی زانكۆی ڕاپەڕین) لەلایەن (م.هێمن ڕەسوڵ موراد) مامۆستای بەشی یاساو بەڕێوەبەری كاروباری یاسایی زانكۆ گەڵاڵەكرابو، دواتر لەسەر ڕاسپاردەو فەرمانی یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری خوێندكاران لیژنەیەك بۆ پێداچونەوەو هەمواكردنەوەی پێكهات، كە لەلایەن (م.ڕەوا كاكەڕەش سەیدمینە)وە سەرۆكایەتی دەكرا،و دوای ڕاوێژ لەگەڵ (یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆ بۆ كاروباری خوێندكاران، ڕاگری فاكەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەكان، بەڕێوەبەرایەتییەكانی: بەشەناوخۆییەكان، كاروباری یاسایی، كاروباری دارایی) هەمواركرایەوەو بەمجۆرە ئامادەكرا.

# ئەلبومی چالاکیی خوێندکاران



ديمەنێک لە چالاکی خوێندکاران لە یادی ٤/٢٤



ديمەنێک لە چالاکیی خوێندکارانی بەشی بایۆلۆجی




دیمەنێک لە مەراسیمی ئاهەنگی دەرچوونی زانکۆ (٢٠١٣-٢٠١٤)



خوێندکاران شادمانن بە دەرچوونیان و وەرگرتنی بڕوانامە لە زانکۆی ڕاپەڕین

# کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆ

کتێبخانە: دەزگایەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی پەروەردەیی فێرکردنی گشتی یە، سەرجەم بەرهەمەکانی بیری مرۆڤی تێدا دەپارێزرێت. بە سیستەمێکی ڕێکو پێک ڕێکدەخرێت.بە کەمترین ماوەو و ئاسانترین شێوەو بێ بەرامبەر ڕاژەی خوێنەران دەکات.

**ئەرک و ئامانجەکانی کتێبخانە:**

١- ڕێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە تا بە ئاسانترین شێوە سودیان لێوەربگیرێت.

٢- ئاسانکاری و ڕێنیشاندانی خوێنەران بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوەی زانست و زانیاریە پەروەردەییەکان.

٣- دەستەبەرکردنی سەرچاوەی ئەکادیمی بۆ توێژەران بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارە جیاجیاکاندا.

٤- دەستەبەرکردنی کەشێکی گونجاو بۆ خوێندنەوە.

٥- دروستکردنی ڕایەڵەی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کتێبخانە و دەزگا مەعریفیەکانی تر لە پێناو

دۆزینەوەی سەرچاوەی زیاتر بۆ خوێندکاران و خوێنەران.

٦- هەماهەنگی و ڕاوێژکردن لەگەڵ فاکەڵتی و سکوڵەکان لەکاتی پەیداکردن و کڕینی سەرچاوەکانی کتێبخانە، تا پێداویستیە ئەکادیمیەکانی خوێندکاران و مامۆستایان دەستەبەربکرێن.

**بەشەکانی کتێبخانە:**

١-بەشی پێڕست و پۆلێنکردن: ئەمە بەشە هەڵدەستێت بە پێڕستکردن و پۆلێنکردنی سەرچاەکانی کتێبخانە ئەمەش بە مەبەستی خوێندنەوە و توێژینەوە. کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان سیستمی (دیوی دەیی) لە ژمارە (٠٠٠ تاوەکو ٩٩٩) بەکاردەهێنیت، بەشێوەیەکی گشتی دوو پۆلێنکردنمان هەیە کە بریتین لە پۆلێن بەپێی بابەتی سەرچاوەکان لەگەڵ پۆلێن بەپێی زمانی سەرچاوەکان. ئامانجی ئەم پۆلێنبەندکردنە کارئاسانیە بۆدۆزینەوەی سەرچاوەکان لە کەمترین کاتدا.

٢-یەکەی پەیداکردن:ئەم یەکەیە سەرپەرشتی پەیداکردنی سەرچاوەکان دەکات بۆ کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ لە ڕێگای کڕین، پێشکەشکردن،گۆڕینەوە لەگەڵ کتێبخانەکانی تر، بەلام ڕێگای سەرەکی پەیداکردنی کتێب و سەرچاوەکانی تر بریتیە لە کڕین لە دەزگا چاپەمەنیەکان، دوای پەیداکردنیان هەموو سەرچاوەکان ئاڕاستەی یەکەی پێڕست و پۆلێن دەکرێن.

٣-بەشی خواستن: فەرمانبەرانی ئەم یەکەیە هەڵدەستن بە پێدانی سەرچاوەکانی کتێبخانە بە خوێندکاران و توێژەرانی زانکۆمان و دەرەوەی زانکۆ هەورەها وەرگرتنەوەی سەرچاوەکان لە خوازیاران، ئەم بەشە بەگوێرەی چەند یاسا و ڕێنماییەکی تایبەت ڕێکخراوە، دوو جۆر خواستن هەیە، خواستنی دەرەکی بۆ دەرەوەی زانکۆ، هەروەها خواستنی ناوخۆ کە بریتی یە لە پێدانی سەرچاوەکان بۆ خوێندنەوەی لە هۆڵی کتێبخانە.

٤- بەشی بەرگ تێگرتن:-یەکێکە لەبەشەکانی کتێبخانە ئەم بەشە هەڵدەستێت بە بەرگ تێگرتن و چاک کردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە دڕاون و لە کەڵک کەوتوون.

٥- هۆڵی خوێندنەوە: لە ناو کتێبخانەی ناوەندی زانکۆمان هۆڵی خوێندنەوە دەستبەرکراوە، کە خوێندکاران دەتوانن بە گرووپ یان تاکەکەسی توێژینەوە و خوێندنەوە ئەنجامبدەن.

٦- ئینتەرنێتی کتێبخانە: کتێبخانەی ناوەندیمان تاقیگەی کۆمپیوتەری تێدایە و هێڵی ئینتەرنێت بۆ خوێندکاران دەستبەرکراوە، لە ئێستادا پێڕست و پۆلێنی هەموو کتێبەکانی کتێبخانە لەسەر ئەم کۆمپیوتەرانە دانراون و خوێنەران دەتوانن بە ئاسانی گەڕان بەناو پێڕستی کتێبەکاندا بکەن و زنجیرەی پۆلێنەکەیان لە بەشی خواستن داوا بکەن.

کتێبخانەکەمان لە هەوڵدایە بە زووترین کات سیستمی کەتەلۆگی ئەلکترۆنی پەیڕەوبکات و وەک کتێبخانەی زانکۆ پیشکەوتووەکانی جیهان بە سیستمێکی پێشکەوتوو پرۆسەی خواستن و وەرگرتنەوەی سەرچاوەکان ئەنجامدات.

٧- کۆگای کتێبخانە: ئەم کۆگایە بۆ دوو مەبەست سوودی لێوەردەگیرێت؛ یەکەم/ لەکاتی کڕین یان وەرگرتنی کتێب وەک دیاری، هەموویان لە کۆگای کتێبخانە هەڵدەگرێن تا لە نزیکترین دەرفەتدا پۆلێن بکرێن.

دووەم/ هەڵگرتنی هەموو ئەو کتێب و سەرچاوانەی کە دانە و کۆپی زیادمان هەیە.

# ڕۆژژمێری زانکۆی ڕاپەڕین بۆساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦)

| ژ | ڕۆژ | بەروار | کارنامە |
|---|---|---|---|
| ١ | سێ شەممە | ٢٠١٥/٩/١ | سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن (٢٠١٥-٢٠١٦) |
| ٢ | چوار شەممە | ٢٠١٥/٩/٢ | دەست پێکردنی تاقیکردنەوەی خولی دووەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥). |
| ٣ | شەممە | ٢٠١٥/٩/١٩ | یەکەم ڕۆژی دەست پێکردنی خوێندن |
| ٤ | پێنج شەممە | ٢٠١٥/١٠/٢٢ | ئاهەنگی دەرچوانی ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥) |
| ٥ | هەینی<br>پێنج شەممە | ٢٠١٥/١٢/٢٥<br>٢٠١٥/١٢/٣١ | پشوی زستانە |
| ٦ | شەممە | ٢٠١٦/١/٢ | دەست پێکردنەوەی دەوام |
| ٧ | دوو شەممە | ٢٠١٦/١/٢٥ | تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرسی یەکەم(تیۆری وپراکتیکی ) بۆ ئەو بەش وسکوڵانەی یاسای (کۆرس) پەیڕەو دەکەن، بۆ ئەو بەش و سکوڵانەی پەیڕەوی یاسای ساڵانە(سنوی)دەوام ئاسایی دەبێت. |
| ٨ | شەممە | ٢٠١٦/٢/٦ | دەوامی ئاسایی درێژەی دەبێت |
| ٩ | هەینی<br>پێنج شەممە | ٢٠١٦/٣/١١<br>٢٠١٦/٣/٢٤ | پشوی بەهارە |
| ١٠ | شەممە | ٢٠١٦/٣/٢٦ | دەست پێکردنەوەی دەوام |
| ١١ | یەک شەممە | ٢٠١٦/٤/٢٤ | ڕۆژی شەهیدی زانکۆو ڕۆژی زانکۆی ڕاپەڕین |
| ١٢ | شەممە | ٢٠١٦/٥/٢٨ | تاقیکردنەوەی کۆتایی (ساڵانەو کۆرسەکان) (خولی یەکەم) بۆگشت سکوڵ و بەشەکان |
| ١١ | هەینی | ٢٠١٦/٧/١ | دەست پێکردنی پشوی هاوینە بۆماوەی دوومانگ |

# بنكەی تەندروستیی زانكۆ

بنكەی تەندروستی زانكۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی راپەڕین بە فەرمانی زانكۆیی ژمارە (١٤٣ ن) لە رێكەوتی (٢٠١٥/٤/١) كرایەوە، كە سەر بە سكوڵی پەرستارییە.

**ئامانجی كردنەوەی بنكەكە:**

ئامانج لە كردنەوەی ئەم بنكە تەندروستییە گرنگیدانە بە تەندروستیی خوێندكاران و ستافی زانكۆ، ئەمەش بە تایبەت وەك فریاگوزارییە سەرەتاییەكان حاڵەتە كتوپڕەكانی تەندروستی. هەروەها ناوەندێكی راهێنان و پزیشكی دەبێت بۆ خوێندكارانی پەرستاریی و بایۆلۆژی و كیمیا.

**سوودمەند بوون لە خزمەتگوزارییەكان:**

هەر مامۆستا و فەرمانبەر و خوێندكارێك، مافی سوودمەندبوونی هەیە لە چارەسەر و خزمەتگوزارییەكانی بنكەكە، ئەویش دوای سەلماندنی بە بەڵگەنامەیە كە ئەو كەسە لە ستاف و خوێندكارانی زانكۆی راپەڕینە.

# ڕێنمایی گشتی

١-لەسەرخوێندکار پێویستە پابەندی سەرجەم یاساکانی وڵات و زانکۆ بێت، نابێت بەهیچ شێوەیەک و لەهیچ شوێن و کاتێک، ناوی زانکۆو مامۆستاکان و فەرمانبەرانی لەکەدار بکات.

٢-پێویستە خوێندکار ڕەوشتی بەرز بنوێنێت، و لە هەموو کات و شوێن وچالاکییەککدا ڕەفتاری شایستە بخاتەڕوو.

٣-پێویستە لەسەر خوێندکار ڕێز لەهەستی هاوڕێکانی بگرێت و بەهیچ جۆرێک سوکایەتی بەهیچ بیروبۆچونێک نەکات.

٤-پێویستە لەسەر خوێندکار ڕێز لەمامۆستاکانی بگرێت، هەروەها هەڵسوکەوتی جوان بەرامبەربە فەرمانبەرانی زانکۆ پێشکەش بکات.

٥- نابێت هیچ ڕەفتارێک بنوێنێت کەببێتە مایەی شێواندن، یان تێکدانی ڕەوشی زانکۆ.

٦- پێویستە خوێندکاری زانکۆ بایەخ بەدیمەن وروخساری بدات، پۆشاکی گونجاو بکاتەبەری و خۆی بەدووربگرێت لەهەموو جل و بەرگێکی نامۆو نەشیاو.

٧-نابێت خوێندکار بەهیچ شێوەیەک لەناو زانکۆ جگەرە بکێشێ، یان خواردن وخواردنەوەی قەدەغەکراو بەکاربهێنێت.

٨- پێویستە خوێندکار لەکاتی دیاریکراودا لەهۆڵی خوێندن ئامادەبێت وبەهیچ پاساوێک دوانەکەوێت، هەروەها لەتاقیکردنەوەکان و سەرجەم چالاکییە زانستییەکاندا.

٩- پێویستە خوێندکار مۆبایل یان هەرپەیوەندییەکی تر لەگەڵ دەرەوەی هۆڵی خوێندن بچڕێنێ لەکاتی وانەخوێندندا.

١٠- نابێت خوێندکار هیچ جۆرە ئامێر یان ئامرازێک لەگەڵ خۆی بهێنێتە زانکۆ، کەببێتە هۆی مایەی زیان گەیاندن بەکەلوپەل و شتەکانی تری ناو باڵەخانەی زانکۆ، فاکەڵتی، سکوڵ،بەش.

١١- پێویستە خوێندکاری زانکۆ پارێزگاری لەسەرجەم کەلوپەلەکانی ناو زانکۆ بکات، بەپێی ڕێنماییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

١٢- پاکڕاگرتنی هۆڵ و شوێنەکانی تری زانکۆ ئەرکی سەرشانی خوێندکاری زانکۆیە، پێویستە بەهەموو شێوەیەک پارێزگاری لەژینگەی زانکۆ بکات.

١٣- خوێندکار کێشەو داواکارییەکانی لەڕێگەی نوێنەری گروپەکانەوە دەگەیەنێتە بەش.

## ڕێنمایی ئامادەنەبون (غیابات)

نەهاتن (غیاب) یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر گرنگی پێدەدرێت لە زانکۆ، هەژمارکردنی ڕێژەی ئامادەنەبوونی خوێندکاران بە پێی یاسایەک دەبێت کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەرکراوە، بۆیە هەر خوێندکارێک ڕێژە ئامادەنەبوونی بگاتە ڕێژەی یاسایی ئەوا بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

بە پێی ماددەی (١٣) لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٩) وە نامیلکەی کۆکراوەی ڕێنماییەکانی ، هەرخوێندکارێک کەڕێژەی غیابی لە کۆی گشتی وانەکانی ساڵ، یان ڕۆژانی دەوامی ساڵ لە ڕێژەی ١٠٪ بێ پاساو وە لە ١٥٪ بە پاساو تێپەڕبکات، ئەوا لەو ساڵەدا بەبێ ئەوەی مافی تاقیکردنەوەی هەبێت ڕاستەوخۆ بە کەوتوو دادەنرێت.

کاتژمێرەکانیش بەم شێوەیە حیساب دەکرێت:

١-ئەو بابەتانەی کە (٢) دوو کاتژمێر دەخوێندرێن لەهەفتەیەکدا:

| ساڵانە | کۆرسات |
|---|---|
| ١- بۆ (٤)چوار کاتژمێر نەهاتن = (٥٪)<br>٢- بۆ (٨) هەشت کاتژمێر نەهاتن = (١٠٪) | أ- بۆ (٢)دوو کاتژمێر نەهاتن = (٥٪)<br>ب- بۆ (٤)چوار کاتژمێر نەهاتن = (١٠٪) |

٢-ئەو بابەتانەی کە (٣) سێ کاتژمێر دەخوێندرێن لەهەفتەیەکدا:

| ساڵانە | کۆرسات |
|---|---|
| ١- بۆ (٦) شەش کاتژمێر نەهاتن =(٥٪)<br>٢- بۆ (١٢) دوازدە کاتژمێر نەهاتن =(١٠٪) | أ- بۆ (٣) سێ کاتژمێر نەهاتن =(٥٪)<br>ب- بۆ (٦) شەش کاتژمێر نەهاتن =(١٠٪) |

## گرنگترین ڕێکارەکان لە بارەی نەهاتنی خوێندکاران بۆ خوێندن

١-هەر کات خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لە بابەتێکی دیاریکراو گەیشتە ڕێژەی (٥%)ی کۆی کاتژمێرەکانی ساڵی خوێندن، پێویستە بە نوسراوێک وشیار بکرێتەوە.

٢-هەر کات خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لە بابەتێکی دیاریکراو گەیشتە ڕێژەی (٧.٥%)ی کۆی کاتژمێرەکانی ساڵی خوێندن، پێویستە بە نوسراوێک ئاگادارکردنەوەی سەرەتایی بۆ دەرچێت.

٣-هەر کات خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لە بابەتێکی دیاریکراو گەیشتە ڕێژەی (١٠%)ی کۆی کاتژمێرەکانی ساڵی خوێندن، پێویستە بە نوسراوێک ئاگادارکردنەوەی کۆتایی بۆ دەرچێت. و لەم کاتەدا خوێندکار دەبێت لە بەشی زانستی تایبەت بە خۆی بەڵێننامەیەک پڕ دکاتەوە کە ئەگەر تۆماری نەهاتنی تێپەڕێت پابەند دەبێت بە ئەو سزایانەی بۆی دانراوە.

٤- هەر کات خوێندکار ڕێژەی ئامادەنەبوونی لە بابەتێکی دیاریکراو ڕێژەی (١٠%)ی کۆی کاتژمێرەکانی ساڵی خوێندنی تێپەڕاند، ئەم ساڵەی بە ساڵی کەوتن بۆ هەژمار دەکرێت لەو بابەتەدا.

٥-هەر کات خوێندکارێک ئامادەنەبوونی بە هۆی پاساوێکی پەسەندکراو بوو، لە لایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی ئەو ڕێژەی ئامادەنەبوونی وەک بەرزترین ئاست بەرز دەکرێتەوە بۆ (١٥%)

ڕوونکردنەوەیک بۆ خاڵەکانی سەرەوە :ئەگەر بابەتێک (المادە) دو کاتژمێر بوو لە هەفتەیەک دا کۆی کاتژمێرەکانی ساڵی خوێندن یەکسان دەبێت بە ٦٠ کاتژمێر.

**سەرنج:**

کاتژمێرەکانی نەهاتن لە یەکەم ڕۆژی دەوامی ڕەسمیەوە تا کۆتایی دەوامی ڕەسمی هەژمار دەکرێت و کۆدەکرێتەوە. ئەم ڕێنماییە بۆ سیستەمی خوێندنی ساڵانە پەیرەو دەکرێت.

# ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان

بە پشت بەستن بە بڕیارەکانی بەندی (١) ماددەی (٤٥) یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ ڕێنمایی ژمارە (١)مان دەرکرد بۆ ساڵی ٢٠٠٩ تایبەت بە ڕێنمایی تاقیکردنەوەکانی زانکۆکان و دەستەی خوێندنی تەکنیکی:

**ماددەی یەکەم:**

یەکەم / وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان سیستەمی خوێندن لە کۆلێژ و پەیمانگا تەکنیکیەکان دیاری دەکات.

دووەم / ئەنجومەنی بەش دەتوانێ پێشنیازی گۆڕینی ناوەڕۆکی بابەتەکان (مفردات الموضوع)ی هەر ماددەیەک بکات بە مەرجێک لە ١٠٪ زیاتر نەبێت هاوشان بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا.

سێیەم / ئەنجومەنی بەش دەتوانێت پێشنیازی خوێندنی وانەی زێدەگی لەوەرزی یەکەم و دووەم بکات بەشێوەیەکی ئارەزوو مەندانە (١) (کموات الإختیاریە) بەکۆی دوو یەکەی خوێندن لەهەر وەرزێکدا و بەکۆی چوار یەکە لە سیستەمی خوێندنی ساڵانە بۆ پۆلە پێشکەوتووەکان (٢) (لصفوف المتقدمە) بەلایەنی زۆری لەهەردوو بارەکەدا، هاوشان بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم / ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی بەش یان ئەنجومەنی لق (لەو کۆلێژانەی بەشیان نیە) ژمارەی تاقیکردنەوەکانی کۆشش (السعی) دیاری دەکات، لەپاڵ دیاریکردنی جۆر و چۆنیەتی بەڕێوەچوونیان و هەژمارکردنی ڕێژەی نمرەکان بەڕێژەی ٤٠٪ لە نمرەی کۆتایی، جگە لەو بابەتانەی مۆرکێکی زانستی، یان کردارییان پێوەیە، کە ئەنجومەنی زانکۆ، یان دەستە، ڕێژەکەیان دیاری دەکات.

دووەم / تاقیکردنەوەی پۆلەکانی کۆتایی (٣) (الصفوف المنتهیە ) لە کۆلێژەکانی پزیشکی گشتگیر (شاملە)دەبێت و کۆششی (السعی) ساڵانە بۆ بابەتەکانی پۆلی شەشەم لە کۆلێژە پزیشکیەکان بە ڕێژەی ٢٠٪ لە نمرەی کۆتایی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

ڕێکخستنی تاقیکردنەوەکان، دانانی پرسیار، ڕاستکردنەوە، یان هەموو ئەو کارانەی پەیوەندییان بە جێبەجێ کردنی پرۆسەی تاقیکردنەوەکانەوە هەیە بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوە دەچێت.

**ماددەی چوارەم:**

پرسیاری تاقیکردنەوەکان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە ئامانج داربێت:

١-پێوانەکردنی ئاستی توانای وەرگرتنی زانیاری و هەرە گشتییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن لەلایەن خوێندکار و هەڵسەنگاندنی توانای خوێندکار بۆ بیرکردنەوە و شیکردنەوە.

٢-پێوانەکردنی توانای خوێندکار لە گوزارشتکردن لەو زانیاریانەی بەدەستی هێناون و بەشێوەیەکی ڕێک پێشکەشیان دەکات و دەیانخاتە ڕوو.

**ماددەی پێنجەم:**

**بۆ بەدی هێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی ماددەی چوارەم لەم ڕێنماییانە پێویستە پرسیاری تاقیکردنەوەکان ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرێ:**

**١-دەبێت پرسیارەکان هەمە چەشن بن و تەنها یەک شێواز نەبن لەگەڵ هەبوونی هاوسەنگی لەنێوان ئەو پرسیارانەی وا پێویست دەکات خوێندکار خۆی لەسەر بابەتێکی دیاریکراو،بنووسێت لەگەڵ ئەو پرسیارانەی پشت بەناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن دەبەستن(٤) .**

**٢-دەبێت لەڕووی داڕشتنەوە ڕوون و ئاشکرابن.**

**٣-نابێت هەموو پرسیارەکان باسکردنی ڕاستەوخۆ (وصفيه مباشره) بن، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەکی وا داڕێژرابن بوار بدات بە خوێندکار بەراوردی بابەتەکان بکات،و ڕەگەزە جیاوازەکانی بەیەکەوە ببەستێتەوە، و گوزارشت لە بۆچوونە جۆراوجۆرەکان بکات، و بتوانێت ئەو بۆچوونە بپارێزێت، یان ڕەخنەی لێ بگرێت کە مەبەستیەتی بەشێوەیەک یارمەتی دەربێت بۆ دۆزینەوەی توانای زانستیی خوێندکار لەمیانەی پرۆگرامەکانی خوێندندا.**

**٤-پێویستە ڕەچاوی هاوسەنگی بکرێت لەنێوان وەڵامی داواکارو و کاتی دیاریکراو بەشێوەیەک کەماوەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرز، و نیوەی ساڵ،و کۆتایی ساڵ لە پەیمانگا تەکنیکیەکان لە دوو کاتژمێر کەمتر نەبێت،و لە خوێندنی بەرایی لەکۆلێژەکان، لە سێ کاتژمێر کەمتر نەبێت.**

**٥-ئەرکی دووپات کردنەوە و جێبەجێ کردنی خاڵەکانی سەرەوە لەلایەن ئەندامانی دەستەی وانە بێژی دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی بەش.**

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم/ پێویستە لاپەڕەی تایبەت بەتاقیکردنەوە ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەخۆ بگرێ:**

**١-ناوی زانکۆ یان دەستە،ناوی کۆلێژ یان پەیمانگا، ناوی بەش یان لقی زانستی.**

**٢-ناوی بابەت.**

**٣-پۆل و ساڵی خوێندن.**

**٤-بەرواری تاقیکردنەوە لەگەڵ ئاماژە کردن بۆ وەرز و خول.**

**٥-ناوی مامۆستا یان ناوی سەرجەم ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان لە دانانی پرسیاردا کردووە.**

**دووەم / دەبێت لاپەڕەی تایبەت بە تاقیکردنەوەکان بەشێوەیەکی ڕوون چاپکرابێت، و دوور بێت لە هەموو هەڵەیەکی زمانەوانی و چاپ و ڕێنووس.**

**سێیەم / دەبێت دابەشکردنی نمرە بەپێی گرنگی پرسیارەکان بێت،هەموو پرسیارێک نمرەی خۆی بەرانبەر نووسرابێت.**

**ماددەی حەوتەم:**

**کۆلێژو، و پەیمانگا تەکنیکییەکان تاقیکردنەوەی زارەکی دەکەن لەهەندێک بابەتدا، کە ئەنجوومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا دیاری دەکەن بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی توانای زانستی و کەسایەتی خوێندکار بەم شێوەیەی خوارەوە:**

یەكەم / لیژنەیەک كە لە سێ ئەندامی وانە بێژی كەمتر نەبێت سەرپەرشتی پرۆسەی تاقیكردنەوەی زارەكی دەكات، لەباری نەبوونی ماموستای پسپۆڕ لەو بابەتەی تاقیكردنەوەی زارەكی تێدا ئەنجام دەدرێت، دەكرێت پشت بە ماموستای پسپۆڕ لە كۆلێژ و زانكۆكانی تر ببەسترێت.

دووەم / گشت ئەندامانی لیژنە لە ئاراستەكردنی پرسیار بۆ خوێندكار بەشدار دەبن.

سێیەم / هەریەک لە ئەندامانی لیژنە بە شێوەیەكی نهێنی نمرە دادەنێت و تێكڕای نمرەكان، دەبێتە نمرەی كۆتایی بە ڕەچاوكردنی ئاستی گشتی خوێندكار.

چوارەم / لیژنە ماوەی تاقیكردنەوەی زارەكی دیاری دەكات، بەشێوەیەک لەگەڵ گرنگی بابەتەكە بگونجێت كە كەمتر نەبێت لە (١٥) خولەک.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە تاقیكردنەوەی وەرزی، یان ساڵانە ناوەڕۆكی بابەتەكانی خوێندن بگرێتەخۆ لەمیانەی وەرزی خوێندن،یان ساڵێخوێندن، بەشێوەیەک ماوەی خوێندن كەمتر نەبێت لە (١٥) هەفتە بۆ بابەتەكانی وەرزی،و كەمتر نەبێت لە (٣٠) هەفتە بۆ بابەتەكانی ساڵانە و ڕۆژانی تاقیكردنەوە و پشوە فەرمییەكان لە میانەی ئەو ماوە هەژمار ناكرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەركی هەر ئەندامێكی دەستەی وانەبێژییە، ناوەڕۆكی ئەو بابەتە ڕێكبخات كە دەیڵێتەوە و لەسەرەتای ساڵی خوێندن بەم شێوەیەی خوارەوە ڕایگەیەنێت:

١-ئاگاداركردنەوەی سەرۆكایەتی بەش بەنوسراو.

٢-وێنەیەک بدات بە خوێندكاران.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەنی كۆلێژ یان پەیمانگا لەسەر پێشنیازی ڕاگر لیژنەیەک پێكدێنێ كە زیاتر لە كەسانی پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون پێكبێ، بۆ تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵ .

**ماددەی یازدەهەم:**

كەمترین نمرەی دەرچوون ٥٠٪ دەبێت بۆ هەر بابەتێک.

**ماددەی دوازدەهەم:**

یەكەم / ئەگەر خوێندكار نەیتوانی لە خولی دووەم كەمترین نمرەی دەرچوون بە دەستبێنێت لە هیچ كامێک لەو بابەتانەی كە تاقیكردنەوەی تیادا ئەنجامداوە، یان هەر لە تاقیكردنەوەكان ئامادەنەبوو ئەوە بە كەوتوو هەژمار دەكرێت لەو ساڵەی خوێندندا، و ئەو ساڵە دووبارە دەكاتەوە بەدەوام كردن و تاقیكردنەوە لەهەموو ئەو بابەتانەی كە تێیدا كەوتبوو.

دووەم / خوێندكاری كەوتوو دەبەخشرێت لەو بابەتانەی لابراون و داواكراو دەبێت بە تاقیكردنەوە لەو بابەتانەی زیادكراون لەباری گۆڕینی پرۆگرامەكانی خوێندن، بەرانبەری بابەتانەكانی بۆ دەكرێن لەگەڵ هاودەرچوانی خولی خۆی.

**ماددەی سێزدەهەم:**

**خوێندکار بە کەوتوو هەژمار دەکرێت لە هەر بابەتێکدا ئەگەر ئامادەنەبوونی خوێندکار ١٠٪ کاتژمێری ئەو بابەتەی تێپەڕ کرد بەبێ پاساوی پەسندکراو یان ١٥٪ ی تێپەڕکرد بە پاساوی پەسند، و وەرگیراو لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا.**

**مادەی چواردەهەم:**

**هەربابەتێکی خوێندن کە خاوەنی مۆرکێکی زانستی،یان کرداری بێت، کە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵیان نییە دەبەخشرێت لە ئەنجامدانی خولی دووەم ، پێویستە ئەمە لەسەرەتای ساڵی خوێندن لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ،یان پەیمانگا بۆ خوێندکاران رابگەیەنرێت.**

**ماددەی پازدەهەم:**

**نابێت لەهیچ بارێکدا تاقیکردنەوەی خولی دووەم دوابخرێت.**

**ماددەی شازەهەم:**

**نمرەی خوێندکاری دەرچوو لە خولی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دادەبەزێت:**

**یەکەم / ئەگەر ئامادەنەبوونی خوێندکار لە خولی یەکەم بەهۆی پاساوێکی پەسند و قبووڵکراو بوو لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ، یان پەیمانگا، نمرەی کۆتایی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆی هەژماردەکرێت:**

**٧٥٪+٥٠ بۆ ژمارەی سەرووی (٥٠).**

**دووەم / ئەگەر ئامادەنەبوونی خوێندکار لە خولی یەکەم بەبێ پاساوێکی پەسند بوو نمرەکەی بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت:**

**٥٠٪+٥٠ ژمارەی زیادە لەسەرووی (٥٠).**

**ماددەی حەڤدەهەم:**

**یەکەم / تێکرای نمرەی خوێندکار هەژمار دەکرێت لەسەر بنەمای ئەو نمرانەی لەهەر بابەتێک بەدەستی هێناون بە ڕەچاوکردنی ژمارەی یەکەی هەر بابەتێک.**

**دووەم / یەکەی خوێندن بەرانبەر بە یەک کاتژمێری تیۆرییە بۆ ماوەی (١٥) هەفتە.**

**سێیەم / دوو کاتژمێر یان سێ کاتژمێری کرداری یەکسان دەکرێت بەیەک کاتژمێری تیۆری لە کۆلێژەکان، لەسەرووی ئەمە یەکسان دەکرێت بە دوو کاتژمێری تیۆری بەڵام لە خوێندنی تەکنیکی هەر کاتژمێێکی کرداری بەرانبەر کاتژمێرێکی تیۆرییە.**

**ماددەی هەژدەم:**

**پلەی دەرچوونی خوێندکار هەژماردەکرێت لەسەر بنەمای لێکدانی تێکرای نمرەی هەموو ساڵێک لە ڕێژەی سەدی بەرامبەر هەر ساڵێک بەو شێوەیەی لە برگەکانی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە، کۆی هەموو ساڵەکانی خوێندنی دەبێتە تێکرای نمرەی دەرچوونی خوێندکار:**

**یەکەم / پەیمانگا تەکنیکییەکان / لە خوێندنی دوو ساڵەدا دابەشکردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیەی خوارەوەدەبێت:**

| | |
|---|---|
| **ساڵی یەکەم** | ٤٠٪ |
| **ساڵی دووەم** | ٦٠٪ |

**دووەم / ئەو کۆلێژانەی ماوەی خوێندنیان چوار ساڵە، دابەشکردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیەی خوارەوەدەبێت:**

| | |
|---|---|
| **ساڵی یەکەم** | ٪١٠ |
| **ساڵی دووەم** | ٪٢٠ |
| **ساڵی سێیەم** | ٪٣٠ |
| **ساڵی چوارەم** | ٪٤٠ |

**سێیەم/ ئەو کۆلێژانەی ماوەی خوێندنیان پێنج ساڵە، دابەشکردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

| | |
|---|---|
| **ساڵی یەکەم** | ٪٥ |
| **ساڵی دووەم** | ٪١٠ |
| **ساڵی سێیەم** | ٪٢٠ |
| **ساڵی چوارەم** | ٪٢٥ |
| **ساڵی پێنجەم** | ٪٤٠ |

**چوارەم / ئەو کۆلێژانەی ماوەی خوێندنیان شەش ساڵە دابەشکردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

| | |
|---|---|
| **ساڵی یەکەم** | ٪٥ |
| **ساڵی دووەم** | ٪٥ |
| **ساڵی سێیەم** | ٪١٠ |
| **ساڵی چوارەم** | ٪١٥ |
| **ساڵی پێنجەم** | ٪٢٥ |
| **ساڵی شەشەم** | ٪٤٠ |

**پێنجەم / بڕگەی سێیەم و چوارەم وەکو دەستپێک لەو ماددەیە لەسەر خوێندکارانی وەرگیراو لەساڵی خوێندنی (٢٠٠٩ – ٢٠١٠ ) جێبەجێ دەکرێت، و ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکانی پێشوو جێبەجێدەکرێن لەسەر ئەو خوێندکارانەی پێش ساڵی( ٢٠٠٩- ٢٠١٠ ) وەرگیراون.**

**ماددەی نۆزدەهەم:**

**یەکەم / ئەنجامەکان بەو ئاستانەی خوارەوە ڕادەگەیەنرێن و ئاماژە بۆ ئاستی خوێندکار لەنێوان دەرچوان لەڕووی نمرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێت:**

| | |
|---|---|
| **١-نایاب** | ٩٠-١٠٠ |
| **٢-زۆرباش** | ٨٠-٨٩ |
| **٣-باش** | ٧٠-٧٩ |

٤-ناوەند ٦٠-٦٩

٥-پەسەند ٥٠-٥٩

٦-کەوتوو ٤٩ بۆ خوارەوە.

دووەم / نیو نمرە یان زیاتر دەکرێت بە نمرەی تەواو، بەڵام ئەگەر لە نیو کەمتر بوو تەواو ناکرێت.

**ماددەی بیستەم:**

یەکەم /ئەنجومەنی زانکۆ، یان دەستە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ،یان پەیمانگا دەتوانێت ساڵی کەوتنی خوێندکار بەکەوتن هەژمار نەکات، ئەگەر خوێندکار لەو بابەتانەی تێیدا کەوتبوو لە خولی دووەمی ساڵی دووەم بەشداری نەکردبوو لەبەر هۆکارێکی دەرەوەی ویستی خۆی، یان بەناچاری لەماوەی تاقیکردنەوە نەیتوانی بەشداری تاقیکردنەوەکان بکات.

دووەم / ئەنجومەنی زانکۆ، یان ئەنجومەنی دەستە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ، یان پەیمانگا دەتوانێت ڕێگە بە تاقیکردنەوە لەساڵی سێیەم بدات بۆ ئەو خوێندکارەی کە لەساڵی کۆتایی دوو ساڵ لەسەر یەک کەوتبێت، ئەگەر کەوتنەکەی لەساڵی دووەم لەیەک بابەتی ساڵانە، یان دوو بابەتی وەرزی بوو بەمەرجێک ماوەی خوێندنی لە کولێژ یان پەیمانگای تێپەڕ نەکردبێت.

**ماددەی بیست و یەکەم:**

پەیوەندیی خوێندکار بە کۆلێژ یان پەیمانگاوە لەم دوو بارەی خوارەوەدا کۆتایی پێدێت:

یەکەم / ئەگەر دوو ساڵ لەسەر یەک لە پۆلێکدا کەوت.

دووەم /ئەگەر ماوەی خوێندن لە ئەوەندەونیوی ماوەی بڕیار لەسەر دراو تێپەڕیکرد، بە ساڵەکانی دواخستنی خوێندن و کەوتنیشەوە، بۆ خوێندکارانی کۆلێژ (ساڵەکانی دواخستنی خوێندن بۆ خوێندکارانی دەستەی فێرکردنی هونەری هەژمارناکرێن )، و نیو ساڵەکان تەواو دەکرێن، و ئەم برگە بەسەر ئەو خوێندکارانەجێبەجێ دەکرێن کە لەساڵەی خوێندنی (٢٠٠٧-٢٠٠٨ )دا وەرگیراون.

**ماددەی بیست و دوو:**

هەرکاتێک لە تاقیکردنەوەی ڕۆژانە، یان هەفتانە، یان ساڵانە قۆپییە (غش)ی خوێندکار سەلمێنرا، ئەوا خوێندکار لەهەموو بابەتەکانی ئەو ساڵە بە کەوتوو هەژمار دەکرێت، و ئەگەر دوو بارە بۆوە لەکولێژ یان پەیمانگا دەردەکرێت،دواتر ناوی دەسڕێتەوە.

**ماددەی بیست و سێ:**

یەکەم / خوێندکار دەتوانێت لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری پەسندکراو لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ، یان پەیمانگا ساڵی خوێندنی دوابخات بەمەرجێک داواکاری دواخستن بەلایەنی کەم مانگێک پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی کرابێت.

دووەم / سەرۆکی زانکۆ، یان سەرۆکی دەستە لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ،یان پەیمانگا دەتوانێت ڕەزامەندی لەسەر دواخستنی خوێندنی خوێندکار بۆ ساڵی دووەم بدات لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری پەسند، بەمەرجێک داواکاری دواخستن بەلایەنی کەم مانگێک پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی کرابێت.

سێیەم / نابێت لەوەرزی دووەم دواخستنی خوێندن بۆ خوێندکار بکرێت لەو کۆلێژ و پەیمانگایانەی، کە سیستەمی خوێندنیان وەرزییە لەوەرزی دووەم، مەگەر دوای دەرچوونی لە وەرزی یەکەم هۆکارێک هەبێت لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆی، لەم بارەدا دواخستنی خوێندنی بۆ دەکرێت بۆ تەواوی ساڵەکە بە وەرزی یەکەم و دووەمەوە.

**چوارەم / وەزیری خوێندنی باڵا دەتوانێت لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی زانکۆ،یان ئەنجومەنی دەستەی تەکنیکی لەبەر کۆمەڵێک بارودۆخی کتوپڕ بەدەر لەوەی لە بڕگەی دووەمی بیست و یەکەمدا هاتووە، بۆ ساڵی سێیەم و کۆتایی، خوێندنی خوێندکار دوابخات.**

**ماددەی بیست و چوار:**

**پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی لە کۆلێژ و پەیمانگاکان بۆ ماوەیەک کە لە سێ ڕۆژ زیاتر نەبێت، خوێندن ڕادەوەستێت.**

**ماددەی بیست و پێنج:**

**هەموو ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوە لە زانکۆکان، و هەموو بڕیارێکی دەرچوو دەربارەی تاقیکردنەوەکان کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییانە کاریان پێناکرێت.**

**ماددەی بیست و شەش:**

**ئەم ڕێنماییانە لە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی بڵاودەکرێتەوە،و لەسەرەتای ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩-٢٠١٠) جێبەجێ دەکرێن.**

## ڕێنمایی دابەزاندن و گواستنەوەی خوێندکاران

**مەرجی سەرەکی بۆ پێشکەشکاران:**

**أ-ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە گواستنەوە یان دابەزینیان بۆ دەکرێت دەبێت بەپێ ی پلانی وەرگرتن و لەڕێگای ناوەندی وەرگرتنەوە وەرگیرابن، وە لە مامەڵەی گواستنەوەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ ، وە لە ڕۆژی (٢٠١٤/٧/١ تا ڕۆژی ٢٠١٤/٩/١٥) داواکاری گواستنەوە پێشکەش دەکرێت.**

**(ڕێکەوتی دەرچوونی نوسراوی ئەو کۆلێژەی کە قوتابی / خوێندکار داوای گواستنەوە لێ دەکات لە ٢٠ /٢٠١٤/٩ تێپەڕنەکات) و دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی گواستنەوەی لە (٢٠١٤/١٠/١ )تێپەڕنەکات.**

**ب-هەر قوتابی / خوێندکارێک کەمامەڵەی گواستنەوە پێشکەش دەکات دەبێت پابەند بێت بە گواستنەوەکە.**

**ڕێنماییەکانی گواستنەوەو دابەزینی خوێندنی قوتابیان / خوێندکاران**

**یەکەم:**

**گواستنەوەی قوتابیان / خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە کەمەکان بۆ کۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان.**

**قوتابیان / خوێندکاران مافی گواستنەوەیان هەیە لە کۆلێژی کۆنمرە کەمەکان بۆکۆلێژی کو ٌنمرە بەرزەکان ئەگەر ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەبێت (بەپێ ی فۆرمی ژمارە ١):**

**أ-دەبێت قوتابی / خوێندکار ساڵی یەکەمی بێت لە زانکۆ، واتە ساڵی کەوتن یا دواخستن یان دابەزینی نەبێت.**

**ب- قوتابی / خوێندکار یەکەم بێت لەسەر بەشەکەی تێکڕای کۆنمرەکەی لە ٨٠% کەمتر نەبێت .**

**ج- ئەو ساڵەی کە قوتابی / خوێندکار گواستنەوەی تێدا دەکات بەپێی ئەم بڕگەیە بە کەوتن هەژمار ناکرێت وە ناچێتە میچی خوێندنەوە.**

**مافەکانی گواستنەوەی قوتابی / خوێندکار بۆ بە شە هاوتاکانیان بەپێ ی ئەم خشتەیەی خوارەوە دەبێت.**

**خشتەی گواستنەوەی قوتابیان / خوێندکاران لە کۆلێژی کۆنمرە کەمەکان بۆکۆلێژی کۆنمرە بەرزەکان بۆ بەشە هاوتاکانیان بەپێ ی بڕگەی یەکەمی گواستنەوە و دابەزین**

**بەش لە کۆلێژەکانی زانکۆبەشی هاوتا لە کۆلێژەکانی زانکۆ**

**١ کۆلێژی پزشکی ڤێتێرنەری کۆلێژی پزیشکی**

**٢ کۆلێژی زانست / بەشی زیندەوەرزانی کۆلێژی پزیشکی**

**٣ کۆلێژ/فاکەڵتی زانستە تەندروستیەکان/ مایکرۆبایەلۆجی کۆلێژی پزیشکی**

**٤ سکوڵی تەندروستی/ میدیکەڵ مایکرۆ بایۆلۆجی کۆلێژی پزیشکی**

**٥ فاکەڵتیزانستە زیشکیەکان/سکوڵی زانستە تەندروستیەکان/ شیکاری نەخۆشیەکانکۆلێژی پزیشکی**

**٦ کۆلێژ/ فاکەڵتی زانست/ بەشی کیمیا کۆلێژی دەرمانسازی**

**٧ فاکەڵتیزانستەپزیشکیەکان/سکوڵیزانستەتەندروستیەکان/سڕکردن کۆلێژی دەرمانسازی**

٨ كۆلێژی زانستە تەندروستیەكان/ كیمیای ژیانی كلینكی       كۆلێژی دەرمانسازی

٩ كۆلێژی كشتوكاڵ  كۆلێژی پزشكی ڤێتێرنەری

١٠ كۆلێژی زانست / بەشی فیزیک          كۆلێژی ئەندازیاری/ بەشی كارەبا

١١ كۆلێژی زانست / بەشی ماتماتیک      كۆلێژیئەندازیاری/بەشی شارستانی

١٢ كۆلێژی زانست / بەشی كۆمپیوتەر     كۆلێژیئەندازیاری/بەشیپرۆگرامسازی

١٣ كۆلێژی زانست / بەشی جیۆلۆجی      كۆلێژیئەندازیاری/بەشیجیۆتەكنیک

١٤ فاكەڵتی زانست و ئەندازیاری / سكوڵی زانست/جیۆلۆجیای نەوت     كۆلێژیئەندازیاری نەوت

١٥ كۆلێژە/فاكەڵتیەكانیئەدەبیات,زانستەمرۆڤایەتیەكان،زانستەكۆمەلایەتیەكان بەشەكانی (مێژوو، جوگرافیا،كۆمەڵناسی، شوێنەوار، فەلسەفە) كۆلێژی یاساو ڕامیاری / بەشی یاسا

١٦ كۆلێژی كارگێری و ئابووری/ بەشی ئامار        كۆلێژی زانست/ بەشی ماتماتیک

١٧ كۆلێژی كارگێری و ئابووری (جگە لە بەشی ئامار)         كۆلێژی یاسا و ڕامیاری / بەشی یاسا

دووەم:

گواستنەوەی قوتابیان /خوێندكاران لە نێوان زانكۆكانی هەرێم

قوتابی / خوێندكار: مافی گواستنەوەی دەبێت لە گشت قۆناغەكان ، جگە لە قۆناغی یەكەم، لە نێوان زانكۆكانی هەرێم (بەمەرجێک لەو قۆناغەی گواستنەوەی تێدا دەكات دەربچێت لە خولی یەكەم یان دووەم(سەبارەت بەو قوتابیانەیكە دەرناچن لە خولی دووهەمدا دەكرێت حاڵەتەكان بەرزبكرێتەوە بۆ وەزارەت  دوای ڕەزامەندی هەردوو لایەنی پەیوەندیدار كە ئەمەش برگەی (أ)ی لای خوارەوە ناگرێتەوە كە دەبێت خولی یەكەم دەرچوبێت) ئەگەر یەكێک لەم مەرجانەی  خوارەوەی  هەبێت (بەپێی  فۆرمی ژمارە(٢)):

أ-قوتابی/ خوێندكار دەرچووبێت  لە خولی یەكەمدا بەپلەی باشە یان سەرووترو دانیشتووی هەمان پارێزگا یان نزیک ئەو شارەبێت كەگواستنەوەی بۆ دەكرێت.

ب- قوتابی / خوێندكار ئەگەر دایكی یان باوكی كۆچی دوایی كردبێت لەساڵانی خوێندن لە زانكۆ، وە دەبێت  بەبەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت لە (بیان الوفاه) و (صوره القید) وە دانیشتووی هەمان پارێزگا یان نزیک ئەوشارەبێت كەگواستنەوەی بۆدەكرێت.

ج-قوتابی / خوێندكار هاوسەرگیری ببەستێت لە ساڵانی خوێندن لە زانكۆ, وەدەبێت بەبەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا و ناسنامەی باری شارستانی، (صوره القید)ی ڕەسەن  و بە فەرمی  تۆماركردنی لەلیستی باری شارستانی، وە ڕاستاندن(تصدیق)ی بۆ بەڵگەنامەكان بكرێت، وە بەهەمان شێوە ڕەچاوی  جیابونەوەی خێزانی (گلاق) دەكرێت لەهەمان ساڵی خوێندندا وە لەكاتی دەركەوتنی هەر ساختەكاریەک لە بەڵگەنامەكان لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ دەكرێت.

د-هەر قوتابی / خوێندكارێک (تەنها بۆ ڕەگەزی مێینە) لەساڵانی خوێندن لە زانكۆ منداڵی ببێت، وە بە بەڵگەی فەرمی بیسەلمێنێت (بیان الولاده).

ه- منداڵی (كوڕو كچی )شەهید و ئەنفال كراو مافی گواستنەوەیان هەیە دوای هێنانی پشتگیری لەلایەن قوتابی / خوێندكار ەوە لە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، وە بە واژۆی بەڕێز وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان بێت، خوێندكار

مامەڵەی گواستنەوەکەی دەست پێدەکات لەو کۆلێجەی کە لێی وەرگیراوە پاشانامەڵەکەی بەرزدەکرێتەوە بۆ تۆماری گشتی زانکۆکەی تا ئاڕاستەی تۆماری گشتی ئەو زانکۆیە بکرێت کە داوای گواستنەوەکەی بۆ دەکات.

و-قوتابی / خوێندکاری : (کوڕ و کچ)ی مامۆستای زانکۆ لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا مافی گواستنەوەیان هەیە بۆ ئەو پارێزگایە یان نزیک ئەو شارەی کە (باوک یان دایک) یان مامۆستای یەکێک لە زانکۆکانیەتی ، هەروەها بەهەمان شێوە کوڕوکچی فەرمانبەرانی زانکۆ ئەگەر پانزە ساڵ ڕاژەی فەرمانبەریان هەبێت یان زیاتر.

ز- قوتابی / خوێندکار لەخوێندنی بەیانیان مافی گواستنەوەیان هەیە بۆ خوێندنی ئێواران بەمەرجێک لە هەمان پسپۆڕی خۆیدا بێت ، دوای لاری نەبوونی هەردوولاو بەپێ ی توانای بەشەکە.

ح-(قوتابیان / خوێندکاران)ی کولێژە تایبەتەکان بەهیچ شێوەیەک مافی گواستنەوە یان میوانداریان نیە بۆ زانکۆو کۆلێژە حکومیەکان.

گ- گواستنەوەی قوتابیان / خوێندکاران لە بەشەکانی ئێواران بۆ بەشەکانی هاوشێوەی بەیانیان ناکرێت.

ی- بۆ زانکۆکان هەیە سەیری داوای گواستنەوەی هەندی لە قوتابیان /خوێندکاران بکات بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن، (جگە لە قۆناغی یەکەم ) بۆ هەمان بەش بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان بەهۆی نەخۆشی قورس و بەردەوام بەپێی میکانیزمی خوارەوە:-

میکانیزمی جێبەجێکردنی برگەی دووەم (ی):

١- قوتابی / خوێندکار داواکاری گواستنەوەی لەگەڵ هاوپێچ کردنی گشت ڕاپۆرت و دۆکیۆمێنتە پزیشکیەکانەوە کە باری تەندروستی قوتابی / خوێندکار دەسەلمێنێت بە نەخۆشی قورس و درێژخایەن پێشکەش بە کۆلێژەکەی دەکات وە لەرێگەی کۆلێژەوە داواکاریەکەی بۆتۆماری گشتی زانکۆکەی بەرز دەکرێتەوە.

٢- تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەکەی لێدەکرێت نووسراوی فەرمی بەرز دەکاتەوە بۆتۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی کە قوتابی / خوێندکار داواکاری بۆ دەکات لە شوێنی نیشتەجێ بوونی بە هاوپێچ کردنی گشت بەرایییەکان.

٣- تۆماری گشتی ئەو زانکۆییەی کە داواکاریەکەی ئاڕاستە کراوە نووسراوێک بەرزدەکاتەوە بۆ (لیژنەی پزیشکی تایبەت بە کاروباری گواستنەوە لە زانکۆکان ) بەپێی شوێنی جوگرافی کە بریتیە لە سێ بنکە:

١-پارێزگای هەولێر(بنکەی زانکۆی هەولێری پزیشکی) کە تایبەتە بە کاروباری گواستنەوە بۆ زانکۆکانی:

أ-سەلاحەدین

ب- هەولێری پزیشکی

ج-پۆلەتەکنیکی هەولێر

د-سۆران

ە- کۆیە

٢- پارێزگای سلێمانی(بنکەی کۆلێژی پزیشکی سلێمانی) کە تایبەتە بە کاروباری گواستنەوە بۆ زانکۆکانی:

أ-سلێمانی

ب-پۆلەتەکنیکی سلێمانی

ج-گەرمیان

د- هەڵەبجە

ه-ڕاپەڕین

٣- پارێزگای دهۆک(بنکەی کۆلێژی پزیشکی دهۆک) کە تایبەتە بە کاروباری گواستنەوە بۆ زانکۆکانی:

أ-دهۆک

ب- زاخۆ

ج-پۆلەتتەکنیکی دهۆک

ئەم لیژنە تایبەتانە هەڵدەستن بە وەرگرتن و جێبەجێکردنی گشت مامەڵەکانی گواستنەوەی قوتابی / خوێندکاران بەپێ ی بڕگەی (دووەم/ی) .

٤-لیژنەی پزیشکی تایبەت بە کاروباری گواستنەوە لە زانکۆکان وەڵامی نوسراوەکە دەداتەوە بە ڕاپۆرتێک کە تێیدا باری قورسی نەخۆشیەکە وپێویستی قوتابی / خوێندکار بۆ درێژەپێدانی خوێندنی لە نزیک کەس و کاریەوە و نابێت بڕیاری لیژنەی پزیشکی تایبەت بەگواستنەوە گۆڕانکاری تێدابکرێت واتا بۆ هەر حاڵەتێک یەکجار بڕیاری لەسەر دەدرێت.

٥- تۆماری گشتی ئەو زانکۆیەی کە داواکاریەکەی ئاراستە دەکرێت  وە دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی لیژنەی پزیشکی تایبەت بە کاروباری گواستنەوەلە زانکۆکاندا بەپێی پێگەی جوگرافی نوسراوێک بەرزدەکاتەوە بۆ بەشی داواکراو بۆ ڕادەربڕین لەسەر توانای وەرگرتن و مقاصە وسەربارکردن ، دوای ڕەزامەندیبەشی داواکراو تۆماری گشتی زانکۆیەی کە گواستنەوەی لێوە دەکرێت بە هۆکاری نەخۆشی قورس و درێژخایەن.

٦-ئەو زانکۆیەی گواستنەوەی لێوەدەکرێت فەرمانی زانکۆیی دەردەکات بەگواستنەوەی قوتابی / خوێندکار  وە زانکۆی داواکراو پشت بەست بە فەرمانی زانکۆیی  ئەو زانکۆیەی کە گواستنەوەی لێوەدەکرێت فەرمانی زانکۆیی دەردەکات وە وێنەیەک لەگەڵ گشت بەراییەکەن ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا / بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندن و پلاندانان دەکات لەماوەی یەک هەفتەدا بەمەبەستی ووردبینی کردن.

تێبینی:

نابێ ڕێژەی ڕۆیشتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکی زانستی لە ٢٠% تێپەڕێت، وەڕێژەی وەرگرتنی گواستنەوەکان لە هەر بەشێکدا ١٠% تێپەڕێت، وە لەکلتی داوای زیاتر، مامەڵکانیان کۆدەکرێنەوە لەیەک پرۆسەدا بە پێ ی پێشبڕکێی کۆنمرەی دەرچونیان ڕێژەکەیان لێوەردەگیرێ.

میکانیزمی جێبەجێ کردنی بڕگەی دووەم (جگە لە (ی)):

مامەڵەی گواستنەوەی قوتابیان / خوێندکاران دەست پێ دەکات بە پڕکردنەوەی (فۆرمی ژمارە ٢) لە تۆماری کۆلێژ بە ڕەچاوکردنی ڕەزامەندی بەشی زانستی، دواتر بە نوسراوی فەرمی دەنێردرێت  بۆ تۆماری گشتی زانکۆ، وە دوای ڕەزامەندی تۆماری گشتی زانکۆ دەنێردرێتە تۆماری گشتی زانکۆی داواکراو  تا لاری نەبونیان بە فەرمی وەربگیرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی لاری نەبوونی  بەشی (کۆلێژ / فاکەڵتی) داواکراو لەگەڵ بەرابەرکردن و مەقاسەکردنی وانەکان لەلایەن بەشی زانستی داواکراودا (لیستی ئەو وانانەی کە خوێندویەتی لەگەڵ یەکەکانی ساڵانە و وەرزیەکاندا  هاوپێچ دەکرێت و دەنێردرێت )  بەشێوەیەک:(ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە، یا چوار وانەی وەرزی  بوو دەبێ قۆناغێک دابەزێندرێت)، وە لەکاتی  پێشبڕکێ لەسەر گواستنەوەکان لە یەک پرۆسەدا

ڕەچاوی كۆنمرەی قۆناغەكەیان دەكرێت، وە هەموو فەرمانێكی زانكۆیی بەمەبەستی گواستنەوە وێنەیەكی لەگەڵ بەراییەكان دەدرێت بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی / بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندن و پلان دانان بۆ ووردبینی كردن.

سێیەم:

گواستنەوەی قوتابیان /خوێندكاران لە زانكۆو پەیمانگاكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ زانكۆكانی هەرێم

(ئەم پرۆسەیە سنووردار دەبێت و لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجام دەدرێت، جگە لە قۆناغی یەكەم كە گواستنەوەی تێدا ناكرێ) بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ- ئەو قوتابی / خوێندكارانەی كە گواستنەوەیان بۆ دەكرێت لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ زانكۆكانی هەرێم دەبێت بە پێ ی پلانی وەرگرتن وە لەرێگەی ناوەندی وەرگرتنی عێراقی فیدراڵ وەرگیرابن.

ب- گواستنەوە بە هیچ شێوەیەک ناكرێت لە زانكۆكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ كۆمەڵەی پزیشكی (پزیشكی گشتی، پزیشكی ددان ، دەرمانسازی) بەپێ ی نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠٩٠٤/٥) لە بەرواری (٢٠١٢/٥/٢) دا (تەنها بەمیوانداری و بە پێی ڕێنماییەكانی میوانداری دەبێت).

ج- مامەڵەی گواستنەوەیان بەشێوازی گواستنەوە بۆ دەكرێت بەهەمان مەرجی گواستنەوەی قوتابیان / خوێندكاران لەنێوان زانكۆو پەیمانگاكانی هەرێم، وەكو لەخاڵەكانی برگەی (دووەم) دا هاتووە، بۆ هەمان قۆناغ و بەشی هاوتا لە زانكۆكانی هەرێم، وە هاوسەنگی وانەكانیان بۆ دەكرێت بەپێ ی ڕێنماییەكان.

د-ڕەچاوی ڕێنماییەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بكرێت بۆ هەموو قۆناغەكانی خوێندن لە وانە پسپۆڕیەكانی (المفاچلە) بە پێ ی پلانی وەرگرتنی ساڵەكانی وەرگرتنیان.

ه- شایستەبوونی خودی بڕوانامەكانیان بۆ وەرگرتن لە زانكۆو پەیمانگەكانی هەرێم، وە لەكاتی شایستەنەبوونی دا بۆ ئەو بەشە، وەكو(دواناوەندی پیشەیی و قوتابخانە ئایینیە نارەسمیەكان و هاوشێوەیان ) گواستنەوەیان بۆ ناكرێت.

و-گواستنەوە لەنێوان كۆلێژوپەیمانگەكانی سەربەوەزارەتەكانی ئەوقاف و كاروباری ئایینی هەرێم و وەزارەتی ئەوقافی پێشوی عێراقی : (الوقف السنی) و (الوقف الشیعی) ئێستاكە، بۆ زانكۆكانی هەرێم ناكرێت، چونكە ئەوانە تایبەتمەندن بەوەزارەت و فەرمانگەكانیان.

ز-دەبێت خانەوادەی قوتابی / خوێندكار دانیشتووی هەرێم بێت و بۆ ئەمەش پارێزگای شارەكان و پشتگیری شوێنی كار و نیشتەجێ بوونی باوک یان دایكی هەبێت.

ح- گواستنەوە بەپێ ی تواناو ڕەزامەندی بەش و كۆلێژەكان دەبێت وە لە حاڵەتی زۆر پێویستدا ئەنجام دەدرێت بەپێ ی ڕێژەی دیاری كراو لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەهەربەشێكدا نابێت لە ٥% تێپەرێت.

گ-هەموو گواستنەوەیەكی بەكۆمەڵ لە لایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێ بەڕاوێژ لەگەڵ زانكۆكاندا و میكانیزمی بۆ دادەنرێ.

ی- ئەو قوتابی / خوێندكارانەی دەرچووی ئامادەییەكانی هەرێمن و لەكۆلێژ و پەیمانگەكانی ناوەند و باشوور وەرگیراون، مافی گواستنەوە و میوانداریان نییە بۆ زانكۆكانی هەرێم.

میكانیزمی جێبەجێ كردنی برگەی (سێیەم):

مامەڵەی گواستنەوەی قوتابی / خوێندکار دەست پێ دەکات لە هەمان ماوەی گواستنەوە لە زانکۆکانی هەرێم، وە لە کۆلێژ یان پەیمانگەی (ئەصلی) قوتابی / خوێندکار، مامەڵەکە دەست پێ دەکرێ ، بە هاوپێچ کردنی سەر بوردەی قوتابی / خوێندکار (سیرەالگالب الدراسیە) لەگەڵ لیستی ئەو وانانەی کە خوێندوویەتی لەگەڵ یەکەکانی وانەی ساڵانە و وەرزیەکاندا : (المواد الدراسیە و الوحدات فی السنوات و الفصول الدراسیە) وە لە وێشەوە دەنێردرێتە زانکۆ یان (هیئە التعلیم التقنی) لە وێشەوە ڕاستەوخۆ بەنوسراوی فەرمی دەنێردرێتە زانکۆی داواکراو لە هەرێمدا، وە لە لایەن زانکۆی داواکراو لە هەرێمدا دەنێردرێتە کۆلێژ یان پەیمانگەی داواکراو، وە لەکاتی لاری نەبووندا هاوتا و مەقاسەکردنی وانەکانی لەبەشی زانستی داواکراو بۆ دەکرێ بە شێوەیەک: (ئەگەر وانەی داواکراو زیاتر لەدوو وانەی ساڵانە،یان چوار وانەی وەرزی بوو دەبێ قۆناغێک دابەزێندرێت) لەوێشەوە دەنێردرێتە وە تۆماری زانکۆی داواکراو، دوا ی کاری پێویست وەڵامی خودی زانکۆی (ئەصلی) قوتابی / خوێندکار دەدرێتەوە،وە وێنەیەکیش دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێم / ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بۆ ووردبینی کردن.

چوارەم

گواستنەوەی خوێندنی قوتابیانی / خوێندکارانی دەرەوەی وولات بۆ زانکۆکانی هەرێم:

أ- قوتابی / خوێندکاری قۆناغی یەکەم کە لەبنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانن ئەگەر پۆلی دوانزەی لە ناو هەرێم، یان لە عێراقی فیدراڵ ئەواو کردبێت و لە یەکێک لە کۆلێژەکانی دەرەوەی وولاَّت وەرگیرابێت ئەوا بەپێی کۆنمرەی وەرگرتن لە هەرێمدا لە ساڵی دەرچوونی دادەنرێتەوە.

ب- قوتابی / خوێندکاری قۆناغەکانی تر ئەگەر پۆلی دوانزەی لە ناو هەرێم یا عێراقی فیدراڵ تەواو کردبێت و لە یەکێک لە کۆلێژەکانی دەرەوەی وولات وەرگیرابێت بەمەرجێ زانکۆ / کۆلێژی حکومی بن و ئەهلی نەبن و لە زانکۆیە باوەڕپێکراوەکان بن و لەلیستی یونسکۆو بیلۆگرافیای یەکێتی زانکۆکانی جیهان تۆمارکرابن، لە بەشی خۆی دادەنرێتەوە لە زانکۆکانی هەرێم ئەگەر کۆنمرەکەی لەوبەشە لە ساڵی دەرچوونیدا وەرگیرابێت، وە بەپێ ی بەرابەری مەقاسەکردنی وانەکان لەڕێگەی بەش و کۆلێژی داواکراو قۆناغەکەی بۆ دیاری دەکرێت.

ج- ئەگەر قوتابی / خوێندکار کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانن لە قوتابخانەیەکی بڕوا پێ کراو پۆلی دوانزە لە دەرەوەی وولات تەواو کردبێت و لە هیچ کۆلێژێک یان پەیمانگایەک وەرنەگیرابێت، یان لەقۆناغی یەکەمدابێت ئەوا:-

١- بڕوانامەکەی یەکسان دەکرێت لەوەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

٢- لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دوای هەڵسەنگاندنی بڕوانامەی ئامادەییە یەکسانکراوەکەی، بەپێی کۆنمرەکەی بەبەراورد لەگەڵ دەرچووانی ئامادەییەکانی هەرێم شوێنی بۆ دیاری دەکرێت.

د- ئەگەر قوتا بی / خوێندکار کە لە بنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستانن شەشی ئامادەیی لە دەرەوەی وڵات تەواو کردبێت ، لە یەکێ‌لە زانکۆ حکومی، بڕوا پێکراوو تۆمارکراو لە لیستی یونسکۆ و یەکێتی زانکۆکانی جیهان لە قوناغەکانی تربێت (جگە لە قۆناغی یەکەم ) ئەوا لە هەمان پسپۆڕی بەش و کۆلێژ و زانکۆ وەردەگیرێتەوە کە بۆی شیاوە، وە ئەگەر قوتابییەکە لە زانکۆ یان پەیمانگایەکی ئەهلی بوو بەسیستەمی پاراڵێل وەردەگیرێت، وە لە هەردوو حاڵەتدا لەلایەن لیژنەی زانستی بەشەوە هاوسەنگی بۆ دەکرێت و قۆناغی خوێندنەکەی بۆ دیاری دەکرێتبەشێوەیەک ئەگەر زیاتر لە دوو وانەی ساڵانە, یا زیاتر لە چوار وانەی وەرزی داواکراوبوو ئەوا قۆناغێک دادەبەزێندرێت، بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی بەرابەرکردن و سەربار (المقاصە و التحمیل) کە بە نووسراومان ژمارە (٢٢٦٠٤/٤) لە (٢٠٠٨/١٢/٢) .

ە-ئەو قوتابی / خوێندکارانەی کە لەبنەڕەتدا خەڵکی هەرێمی کوردستان نین و ڕەگەزنامەی عێراەرێم بە سیستەمی عێراقین و لە دەرەوەی وولات ئامادەییان تەواو کردووە لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ، یان زیاتر لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو بە سەرکەوتوویی لە

دەرەوەی عێراق تەواو کردووە، ئەوا لەکاتی وەرگرتنیاندا لەزانکۆکانی هەرێم بەسیستەمی پارالێل مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لەڕووی کرێی خوێندنەوە، بەپێی فەرمانی وەزارەتمان ژمارە(٢١٤٠) لە (٢٠١٣/١٢/٢٣).

میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕگەی (چوارەم-د):

١- قوتابی / خوێندکار داواکاری پێشکەش بەزانکۆی داواکراو دەکات لەڕێگای تۆماری گشتی زانکۆوە لەگەڵ گشت بڕوانامەو بەڵگەکانیکە دەیسەلمێنێت کە لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی خوێندنی زانکۆ بووە لە دەرەوەی وڵات (گشت بڕوانامەو دۆکیۆمێنتەکان دەبێت سەلمێنراوبێت لە لایەن سەفارەتی عێراقی یان نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو وڵاتەی قوتابی / خوێندکار تێیدا خوێندوویەتی).

٢- تۆماری گشتی زانکۆی داواکراو نوسراوی فەرمی ئاڕاستەی فاکەڵتی / کۆلێژ / بەشی داواکراو دەکات لەگەڵ گشت بەڵگەکاندا بەمەبەستی شیاوی بڕوانامە و بەرابەرکردن و سەربارکردن (المقاصە و التحمیل) وە دیاری کردنی قۆناغی خوێندن لەبەشی داواکراو بەپێ ی نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (٢٢٦٠٤/٥) لە بەرواری (٢٠٠٨/١٢/٢) دا.

٣- دوای ڕەزامەندی فاکەڵتی / کۆلێژ / بەشی داواکراو، تۆماری گشتی زانکۆی داواکراو گشت بەڵگەکان بەنوسراوی فەرمی بەرزدەکاتەوە بۆ ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بۆ ووردبینی کردن و ڕزامەندی وەرگرتن، ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان فەرمانی وەزاری دەردەکات وە ئاڕاستەی زانکۆی داواکراوی دەکات بۆ جێبە جێکردن.

پێنجەم:

گواستنەوەی قوتابیان / خوێندکاران لە زانکۆکانی هەرێم بۆ زانکۆکانی باشوور ناوەڕاستی عێراق:

هەر قوتابی / خوێندکارێک ئەگەر داوای گواستنەوە بکات لە زانکۆکانی هەرێمبۆ زانکۆکان و پەیمانگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق (بە پێ ی فۆرمی ژمارە / ٥) دەبێ ڕەزامەندیهەردوو زانکۆ / دەستە وەربگرێت و مامەڵەی زانکۆکانی هەرێم دەست پێ دەکات، دوا ڕەزامەندی هەردوولا فەرمانی زانکۆیی بۆ دەردەچێت، ئینجا وێنەیەک (لەگەڵ بەڵگەکان) دەدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان بۆ ووردبینی کردن.

شەشەم:

گواستنەوەی قوتابیان / خوێندکارانی هەرێم بۆ دەرەوەی وڵات:

أ- گواستنەوەکە بۆ بەش و کۆلێژ دەبێت.

ب- دەبێت لاری نەبوونی فەرمی بەش و کۆلێژی خۆی هەبێت.

ج- ڕەزامەندی فەرمی زانکۆ / کۆلێژی داواکراوی هەبێت.

د-ڕەزامەندی زانکۆی خۆی هەبێت بەڕەچاوکردنی ڕێنماییە زانستی و کارگێری و داراییەکان، دوای ئەوە مامەڵەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بۆ ڕەزامەندی وەرگرتن و دواتر ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان فەرمانی وەزاری دەردەکات وە ئاڕاستەی زانکۆی پەیوەندی داری دەکات.

حەوتەم:

دابەزینی خوێندنی قوتابیان / خوێندکاران لە خوێندنی ئێواران / بەیانیان:

ئەو قوتابی / خوێندکارانەی کە وەردەگیرێن لە زانکۆکانی هەرێم، لە قۆناغی یەکەمدا مافی دابەزینیان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- ئەگەر کەمترین کۆنمرەی بەشی قوتابی / خوێندکار بەرزتربوو لە کەمترین کۆنمرەی (گشتی یان پارێزگا بە ڕچاوکردنی کۆنمرەی قوتابی) ئەو بەشەی کە داوای دابەزینی بۆدەکات لە شوێنی نیشتەجێ بوونی یان نزیک لە شوێنی نیشتەجێ بوونی (بەپێ ی فۆرمی ژمارە (٣)) بە رەچاوکردنی (دروس المفاچلە)ی ئەو بەشەی کە دابەزینی بۆدەکات لەگەڵ هەژمارکردنی ساڵی کەوتن یان دواخستن لە میچی خوێندن.

ب- ئەو قوتابی / خوێندکارانەی کە لە ساڵی خوێندنی پێشتر وەرگیراون و لە قۆناغی یەکەمدا ماونەتەوە (بەهۆی کەوتن یا دواخستن ) دەتوانن بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان یان نزیک لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان دابەزینیان بۆ بکرێت بە پێی کۆنمرەی ساڵی وەرگرتنیان، لەگەڵ ئەژمارکردنی ساڵی کەوتن یا دواخستن لە میچی خوێندن (بەپێ ی فۆرمی ژمارە (٣)) بە رەچاوکردنی (وانە پسپۆڕیەکان(دروس المفاچلە))ی ئەو بەشەی دابەزینی بۆ دەکات.

ج- دابەزین بۆ ئەو بەشانە ناکرێت کەمەرجی چاوپێکەوتن و تاقی کردنەوەی جەستەیی و هونەری و شایستەییان تێدا مەرجی وەرگرتن بووە، وەکو (پەروەردەی وەرزشی، هونەرە جوانەکان...هتد)وە بەپێ ی ساڵی وەرگرتنیان.

د-ڕیژەی دابەزین لە هەر بەشێکی زانستی نابێ لە ٢٠% تێپەڕێت، و ە ڕێژەی وەرگرتنی دابەزێندراوەکان لە هەر بەشێکدا نابێ لە ١٠% تێپەڕێت، داواکاری مامەڵی قوتابی / خوێندکاران کۆدەکرێنەوە و لەیەک پرۆسەدا بەپێ ی پێشبڕکێی کۆنمرەی دەرچوونیان ڕێژەکەیان لێ وەردەگیرێ.

میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕگەی (حەوتەم):

أ-ئەو قوتابی / خوێندکارانەی کە دابەزینیان بۆ دەکرێت دەبێت بەپێ ی پلانی وەرگرتن و لە ڕێگای ناوەندی وەرگرتنەوە وەرگیراوبن، وە لە مامەڵەی دابەزینەکەدا ئاماژەی پێ دەکرێ، وە لە ڕۆژی (٢٠١٤/٧/١) تا ڕۆژی (٢٠١٤/٩/١٥) مامەڵەی دابەزین پێشکەش دەکرێت.

(ڕێکەوتی دەرچوونی نوسراوی ئەو کۆلێژەی کە قوتابی / خوێندکار داوای دابەزینی لێ دەکات لە ٢٠١٤/٩/٢٠ تێپەڕ نەکات ) و دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی دابەزینیان لە (٢٠١٤/١٠/١) تێپەڕنەکات.

ب-هەموو مامەڵەیەکی دا بەزین وێنەیەکی لەگەڵ بەراییەکان دەنێردرێت بۆناوەندی وەرگرتنی قوتابیان /خوێندکاران بۆ ووردبینی کردن و ڕەزامەندی وەپرۆسەیەکی خێراو گونجاوی بۆ بەرجەستە دەکرێت دواتر فەرمانی زانکۆیی پێ دەردەکرێت و وێنەیەکی دەدرێتە ناوەندی وەرگرتن.

هەشتەم:

میواندارى کردنی قوتابی / خوێندکاران

سیستەمی میوانداری بەشێوەیەکی سنوردار و لە حاڵتی زۆر پێویستدا دەکرێت، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە میوانداری بەهیچ شێوەیەک نکرێت لە زانکۆ و کۆلێژە ئەهلیەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بۆ زانکۆ حکومیەکانی هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوە:

سیستەمی میوانداری سیستەمێکی کاتییە وە بەشێوەیەکی زۆر سنوردار وە لە حاڵەتی زۆر پێویستدا دەکرێت بۆ ماوەی یەک ساڵ وە لە کاتی زۆر پێویستدادرێژ دەکرێتەوە بۆ ماوەی ساڵێکی تر بە ڕەزامەندی تۆماری گشتی زانکۆی میواندار وە دوای ڕەزامەندی کۆلێژ / بەشی میواندار وە کۆلێژ / بەش کە قوتابی / خوێندکار لێ ی هاتووە وەک میوان بەم شێوەیە:

أ- ئەو قوتابی /خوێندکارانەی کە میوانداریان بۆ دەکرێت لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بۆ زانکۆکانی هەرێم دەبێت بە پێ ی پلانی وەرگرتن وە لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی عێراق وەرگیرابن.

ب-قوتابی / خوێندکار دەبێ بیسەلمێنێت کە خەڵکی هەرێمی کوردستان نیە و دەبێت خانەوادەی قوتابی / خوێندکار دانیشتووی هەرێم بێت بۆ ئەمەش پشتگیری پارێزگای شارەکان و پشگیری شوێنی کارو نیشتەجێ بوونی باوک یان دایکی هەبێت.

ج- قوتابی / خوێندکار نابێت دەرچووی ئامادەییەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت.

د- میوانداری بەکۆمەڵ لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێ بە ڕاوێژ لەگەڵ زانکۆکاندا و میکانیزمی جێبە جێ کردنی بۆ دادەنرێ.

و- هەموو ئەرک و مافەکانی قوتابی / خوێندکاری میواندار سنوردارە بە پێ ی نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (٢٦٠١/٥) لە بەرواری (٢٠٠٨/٢/١١).

میکانیزمی جێبەجێکردنی بڕگەی (هەشتەم):

١- قوتابی / خوێندکار مامەڵەکەی دەست پێ دەکات لە و زانکۆیە کەلێوەی دێت بە هێنانی نووسراوی فەرمی لە سەر لاری نەبوونی زانکۆکەی بۆ میوانداری لە و زانکۆیەی کە قوتابی / خوێندکار دەیەوێت ببێت بە میوان وە ئاڕاستەکراو بێت بۆ تۆماری گشتی زانکۆی میواندار.

٢- تۆماری گشتی زانکۆی میواندار نوسراو دەکات بۆ فاکەڵتی / کۆلێژ/ بەشی هاوشێوەی خوێندنی خوێندکار لە زانکۆکە سەبارەت بە توانای وەرگرتنی قوتابی / خوێندکاری داواکار.

٣- لە کاتی لاری نەبوونی فاکەڵتی / کۆلێژ / بەش بە ڕەزامەندی لە سەر میوانداری کردنی قوتابی / خوێندکاری میوان : تۆماری گشتی داواکاری قوتابی /خوێندکار وە گشت بەراییەکانی ناوبراو لە گەڵ هۆی سەرەکی میوانداری و ڕەزامەندی فاکەڵتی / کۆلێژ /بەشی میواندار دەخاتە بەردەم سەرۆکی زانکۆ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی.

٤- دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ بەمیوانداری ساڵێک تۆماری گشتی بەنووسراوێک زانکۆ ئەصلیەکەی ئاگادار دەکاتەوە وەپاش هێنانی فەرمانی کارگێری زانکۆ ئەصلیەکەی فەرمانی زانکۆیی بە میوانداری بۆ دەردەچێت.

تۆماری گشتی زانکۆی میواندار نووسراوی ژمارە (٢٦٠١/٥) لە بەرواری (٢٠٠٨/٢/١١) دا بە ناوەرۆکیەوە ە کۆپیەک دەداتە قوتابی / خوێندکاری میواندار بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو ماف و ئەرکەکانی بێت کە لە سەر شانێتی وە کو میوان.

نۆیەم:

بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی ئاستی زانستی، هەر فەرمانێک یا بڕیارێکی گواستنەوە یان دابەزین دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە یەک مانگ لە دەست پێ کردنی دەوامی فەرمی بە پێ ی ساڵنامەی زانکۆیی دەربچێت ئەوا دەبێت فەرمانی دواخستنی خوێندن بۆ ئەو ساڵە بکرێت بۆ قوتابی / خوێندکار.

دەیەم:

گشت ڕێنماییەکانی پێشوو کە پێچەوانەی ئەم برگانەن کاری پێناکرێت.

هەروەها ئەو قوتابی/خوێندکارانەی کە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) و ساڵانی دواتر لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکانی هەرێم وەردەگیرێن، تاکو تەواوکردنی خوێندنەکەیان مافی گواستنەوەیان نابێت لە نێوان کۆلێژ و پەیمانگەکانی هەرێم، بەڵام مافی دابەزینیان دەبێت بە پێی ڕێنماییەکان.

## سەرپەرشتیاری گشتیی ئامادەکردنی ڕێبەر

د. هێرش ڕەسوڵ موراد

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران

## لیژنەی ئامادەکردنی ڕێبەری خوێندکاری زانکۆ

| | |
|---|---|
| م. شازاد کریم عثمان | سەرۆکی لیژنە |
| م. ڕێدار بکر احمد | ئەندام |
| م. شەوقی محمد حسن | ئەندام |
| م. ئارام قادر صابر | ئەندام |
| زانا اسماعیل خضر | ئەندام |
| عبدالرحمن عبدالله مصطفی | ئەندام |
| هونەر ابوبکر احمد | ئەندام |

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکار بوون لە پێدانی سەرنج و تێبینی لەپێناو دەوڵەمەندکردنی ڕێبەرەکە، بە تایبەتی: (د.موفق خالد ابراهیم، م.ی.سەرکار حمد خدر، م.ی.ڕەوا کاکەڕەش، د.پێشەوا حمید عبدالله، م.علی).

## ئاگاداری

١ هەر هەڵەیەک بەدی بکرێت لە زانیاریی بەش و سکوڵ و فاکەڵتییەکان، ڕاگرایەتیی فاکەڵتی و سکوڵ و بەشەکان و بەڕێوەبەراتییەکان لێی بەرپرسن.

٢- ئەم ڕێبەرە شایەنی دەستکاریکردن و پێداچوونەوەیە، بۆیە لە هاتنەئارای هەر گۆڕانکارییەک، یان لە کاتی بونی هەر سەرنج و ڕەخنەیەک، دەتوانرێت پەیوەندی بکرێت بەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنە:

یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران/ نوسینگە:

Email: vpsa@raparinuni.org

Tel.: ٠٧٤٨٠١٩٤٢٦٧

Ministry of Higher Education and Scientific Research
Raparin University Presidency
Office of Vice–President for Student Affairs

# University Student Guidebook




2016 - 2015